چاپی دووەم

ENDESE

# مەرگی مەیموون

ماردین ئیبراهیم



Scanned with CamScanner

Avan Barjaf
-nurse-

مەرگی مەیموون

Scanned with CamScanner

ENDEŞE
ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئەندێشە

# ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

## بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.net
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

# مەرگی مەیموون

ماردین ئیبراهیم

ENDÊŞE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: مەرگی مەیموون
ناوی نووسەر: ماردین ئیبراهیم
بابەت: ڕۆمان
نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٩
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٣٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٥٣٢)ـی ساڵی (٢٠١٦)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

Scanned with CamScanner

# ١

سورەییا بۆ مەرگی مەیموون زۆر گریا، بەسەر شەقشەقەکان و بەسەر پۆدرە و کریمەکانی سەردەمی شیرەخۆرەییدا، بەسەر شامپۆی مندالانەیدا، بەسەر بێچووە مراوی و قاز و مریشکە پلاستیکییەکانیدا، کە لە کاتی شووشتنیدا، لەناو تەشتی حەمامەکەدا، یاریی پێ دەکردن و بۆ یادهێنانەوەی کاتی ساوایی بۆیان هەلگرتبوو، بەسەر تابلۆ تەواوکراو و تەواونەکراوەکانیدا، بە سەر کەرەستە زەرد و سوور و سەوز و شینەکانی یارییە میکانۆکانیدا، کە شار، گوند، مال، ئوتومبێل، سەگ، درەخت و مانگاکانیان لێ دروست دەکردن و دەیانڕووخاند و تێکیان دەدان و جارێکی تر دروستیان دەکردنەوە، بەسەر قوڕە سناعییەکانیدا، کە بالندە، هێلکە، کەر، پیاو، ژن، کاراکتەری فیلمە کارتۆنییەکان، بەلەم و دایناسۆریان لێ دروست دەکردن و جارێکی تر تێکەلیان دەکردن و هەلیان دەشێلایەوە، بەسەر دەسرازە گولگولییەکانیدا، کە نەنکی لە لادێ بۆی چنیبوو و لەگەل هێلکە و کەرە و قەزواندا

هێنابووی بۆیان، بەسەر بێشکە مۆدێل تازەکەیدا، کە ژنانی گەڕەک، بەتایبەت دەهاتنە دیاری و وەک شتێکی تازە سەیر دەکرا و حەزیان دەکرد ئەوانیش بتوانن بۆ منداڵە ساواکانیان بیکڕن، بەسەر مەمکەمژەکانیدا، کە هەر ڕۆژەی دانەیەکیان لێ ون دەبوو و ڕۆژێکی تر لە سووچ و قوژبنی ماڵەکەدا، لەژێر چمکی فەرشەکاندا، لای پەنجەرەیەکدا، لەناو گیرفانی چاکەتێکدا، یاخود لە باخەڵی تەنیشت لانکەکەیدا دەیاندۆزییەوە. سورەییا بەسەر بتڵی بەتاڵی شیرەکانیدا گریا، بۆنی جل و خاولی و شۆرت و فانیلە بچکۆلەکانی کرد و شیوەنی بۆ کرد. وەک شێت بە ماڵەکەدا، کە ئیتر دیارنەمانی مەیموون کردبووی بە بیابان، هات و چوو و ئەسرینی ڕشت.

دواتر، دوای ئەوەی تۆفانی ئەو شین و شەپۆرە هێور بووەوە، پاش ئەوەی گەرداوی ئەو کۆڤانە، کە قیامەتێک بوو بۆخۆی، نیشتەوە، بێدەنگییەکی ترسناک سورەییا و ماڵەکەی داگرت، ئینجا بەبێدەنگی دەگریا، بەبێدەنگی ڕۆندکی تەڕ و دەنگگەورەی هەڵدەوەراند، بەکرِی و چەندان سەعات لە خاڵێکی نادیاری بۆشایی ڕادەما. بەهێواشی، وەک ئەوەی بۆ دزی بچێت، لە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو و خشەی کراسە ڕەشە ئاودامانەکەی، بە شێوەیەکی توند و بێڕەحم و دڕندانە، بێدەنگیی هۆڵ و هەیوان و ژوورەکانی ماڵەکەی لەت دەکرد. شەوانە تا خوا ڕۆژی دەکردەوە، لەناو جێگەکەیدا، کە دەتگوت دڕکی تێدایە، ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد، بێقەرارییەکی خامۆش و سەنگین بەسەر سەرتاپای بوونیدا فەرمانڕەوا بوو، وەک ئەوەی بڕوا بەو ڕووداوانە نەکات، کە ڕوویان دا، وەک ئەوەی بەقا بە ژیانی خۆی نەکات. ئەو ساتانەی سورەییا ئەزموونی دەکرد، ڕێک ئەو ساتانە بوون کە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی کتوپڕ و

چاوەڕێنەکراو بەسەرتدا دێن، وەک چۆن لەپڕ دیوارێکی بەرز بەسەرتدا دەڕمێت، ئەو ساتەی نازانیت ئەوەی دەیبینیت خەونە یان ڕاستی، هەست دەکەیت ئەوە ڕەنگە خەون بێت، ها ئێستا، ها ساتێکی تر، ڕەنگە خەبەرت ببێتەوە.

Scanned with CamScanner




**Description**

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ  کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

## ٢

## ئەردەڵانی

هەم لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆکی پۆلیسی و هەواڵی ڕۆژنامەکان دەربارەی ڕووداوی کوشتن، هەم دواتریش لە ڕێگەی ئەزموونی تایبەتیی خۆمەوە، تێگەیشتم مرۆڤکوشتنیش وەک خواردنی سەروپێ وایە، هەر یەکەم جاری زەحمەتە، وەک فێربوونی مەلەکردن وایە، هەر یەکەم ترسشکان لە ئاو قورسە. زۆر جار بیرم لەوە کردبووەوە، کەسێک پێش ئەوەی کەسێکی تر بکوژێت، دەبێت هەستی چۆن بێت! بیرم بۆ ئەوە دەچوو، ئایا بکوژەکە دوای کوشتنەکە وەک جاران لەگەڵ هاوڕێکانیدا نوکتە دەگێڕێتەوە و پێدەکەنێت؟ لە کافتریاکان ئەمریکانۆ دەخواتەوە؟ منداڵ دەگرێتە باوەش و ئامێزی تێ وەر دێنێت و ماچی دەکات؟ دواتر تێگەیشتم خوێنسارdییش دۆخێکی دەروونییە و وەک هەر دۆخێکی دروونیی تر، دەکرێت ئینسان تێی بکەوێت. تێگەیشتم بکوژ ناکرێت وەک شاعیرەکان بیر لە جووڵە و هەناسە و خەون

و خولیاکانی کوژراوەکان بکاتەوە. من زۆر پێش ئەوەی ئوستاز عەزیز بکوژم، هێندە بیرم لێ کردبووەوە، هێندە هێنابوومە پێشچاوم، هێندە لەگەڵ دۆخە دەروونییەکەمدا ژیابووم، هێندە بە خەیاڵ وێنام کردبوو، کە هیچ جۆرە ڕاڕاییەکم نەمابوو. پیاو ڕاست بڕوات، کە کوشتم، یەک تۆز هەستم بە نیگەرانی کرد، بەڵام هەرگیز ئەو نیگەرانییە نەبوو، کە زۆر کەس بیری لێ دەکاتەوە، بەڵکوو زیاتر وەک دڵتەنگیی دوای خواردنی یاپراخێکی زۆر وا بوو، وەک سەرئێشەی دوای خەوێکی قورس وا بوو، هەر زوو ڕەوییەوە. پاشتر، کە ئەو نیگەرانییە کەمەم ڕەوییەوە، ئیتر هەستم بە خۆشنوودی دەکرد، لەژێر لێوەوە دەمگوت، 'هێی، ئوستاز عەزیزیش وەک تڕی ناو بانیۆ ڕۆیشت، وەک تڕی بەر ڕەشەبا، با بردی'.

ڕۆژێکیان بڕیام دا بیکوژم، سوێندم خوارد لە بنباڵی هەوریشدا بێت، دەری بهێنم و لەناوی بەرم (بنباڵی هەور) دەستەواژەیەک بوو، جاران زۆر بەکارمان دەهێنا، کە هەم مۆسیقایەکی تایبەتی هەبوو، هەم تۆزێکیش پێکەنیناوی بوو. هەرچەندە کە ئەو بڕیارەم دا، هێشتا تەواو لەو بڕوایەدا نەبووم بتوانم کەسێک سارد بکەمەوە، کوشتن پێشتر بەشێک نەبووە لە خولیای من، بەڵام بیرکردنەوەی زۆرم لە مەرگی مەیموون، لەدەستچوونی عەشقی سورەییا و ڕمانی خەونەکانی گەنجیم، کە وەک شۆڕشگێڕێکی ڕۆمانسی سەیری دونیام دەکرد، خوێنساردییەکیان لا دروست کردم، کە کوشتنی مەلا عەزیزی وەک دروستکردنی هێلکەوڕۆن لا ئاسان کردم.

# ٣

# مانگا فڕیوەکان

لەلای ڕاستی پەڕەکەوە، دوو-دوو مانگا چوارپەلیان بڵاو کردبووەوە و فڕیبوون. سیمای مانگاکان وەک سیمای دوو کچی بچکۆلە بێگوناهـ دەیاننواند، کە بە شێوەیەکی سادە و دڵگوشاد دەمیان کردبووەوە، وەک ئەوەی کچانی بچکۆلە لە کاتی جۆلانەدا دەمیان دەکەنەوە و پێدەکەنن. دەموچاوی مانگاکان خەنەیی بوو، لاتەنیشتی شەویلگەکانی بە ڕەنگێکی ڕەشی تێر ڕەنگ کردبوو... کلکی مانگاکان قاوەیی بوو و لە هەوادا شەکابوونەوە، وەک چۆن کچان قژی بەستراویان لە کاتی جۆلانەدا دەشەکێتەوە. لەشی مانگاکان خۆڵەمێشی و لێرەولەوێ پەڵەی سپییان تێدا بوو. بۆ هەریەکەیان، دوو باڵی دروست کردبوون، کە کەوتبوونە سەر بەشی پێشەوەی پشتیان لە نزیک ملیانەوە. نیگا و سیمایان وا کێشرابوو، کە بە هۆی چێژوەرگرتن لە ساتی فڕینەکەوە، یاخود هۆیەکی نەزانراوی ترەوە، زۆر دڵخۆش دیار بن. لەلای

چەپی پەڕەکەوە مانگایەکی تری فڕیو، بەحەپەساوی سەیری مانگاکەی تری دەکرد. ئەم مانگایەیان دەمی کردبووەوە، وەک ئەوەی هاوارێک بکات، یان بیەوێت شتێک بڵێت و چەپکەگیایەک لە دەمیەوە کەوتبووە خوارەوە. لەپشت سەری مانگاکانەوە، تا چاو هەتەری دەکرد، ئاسمانی شین بە پەڵەهەوری تاکوتەراوە کشابوو. لە خوار پەلی مانگاکانەوە، سێ هێڵی خواروخێچی بە ڕەنگی نیللی کێشابوو، کە ڕوون نەبوو مەیموون مەبەستی لەو هێڵانە چی بووە.

# ٤

# ئەردەڵانی

ئەو باوەشی بۆ کردمەوە. ئەو کاتەی جەنگ و کارەسات ڕاویان نام، کوچە گەرموگوڕەکانی ئەو، وەک منداڵێکی ساوا لە ئامێزیان گرتم. تەمومژە چڕەکان، کۆڵانەکانیان دەتەنی و من لەلای پەنجەرەکەوە چەندان کاتژمێری دوورودرێژ دادەنیشتم و بیرم لە هەموو ئەو ساتانە دەکردەوە، کە تێیدا ژیام. کە ڕووبار و ئاوە باریکە جوانەکانم تێپەڕاند، ئەو ڕووبارانەی وەک مار بەناو ئینگلاندا دەهاتن و دەچوون، ڕێم کەوتە ئەم شارە و بەخێری هێنام. کتێبخانە گەورەکەی، مۆزەخانە دێرینەکەی، کڵێسەکانی بە نەخشەی بیناسازی گۆتیکەوە، گۆڕی قەدیسە کوژراوەکانی، کە بۆنێکی خۆشیان لێ هەڵدەستا و مۆم لەسەریان دەئایسا، پەیکەری مەسیح بە خاچی خوێناوی و تاجی دڕکاوییەوە، وێنە و کۆتەڵی مەریەمی پیرۆز بە شەبەنگی ڕووناکیی پشت سەریەوە بەخێری هێنام. لەم شارە بوو کریستینام ناسی.

# ٥

# کریستینا

لە ڕۆژی ناشتنی دایکمدا، مارگرێت ئامادە بوو، نەک هەر ئەوە، بگرە سەرپەرشتیی بەشێکی زۆری تەداروکاتی ناشتنەکەی کرد. ئەو ڕۆژە هەوا شێدار بوو... هەورەکان لە ئاسمان پەرتەوازە بووبوون... دونیا کشومات بوو، نە باران (ئەو هاوینە کەمترین باران باری) نە گڤەی با، درەختەکان تەواو لە دۆخێکی هێمن و بێجووڵەدا بوون. من و مارگرێت لەناو سەیارەیەکی ڕەشدا بووین، کە تایبەت بوو بە ئۆفیسی ناشتنی مردووانی گەڕەک و لەدوای جەنازەی دایکمەوە دەڕۆیشتن و دوو ئەسپی گەورەی ڕەش ڕایان دەکێشا، ئەوە ئەو کاتە بوو، بۆ یەکەم جار لە نزیک گۆڕستانەکەوە چاوم کەوتە سەر پیاوێک. ئەو بە سیمایەکی ئەبڵەق و نیگایەکی حەپەساوەوە سەیری جەنازەکەی دەکرد، وەک ئەوەی لە ژیانیدا یەکەم جار بێت کەژاوەی مردوویەک ببینێت. بە ڕەنگی پێست و ڕوخساریدا زانیم ئینگلیز نییە و دیار

بوو لەو پەنابەرانە بوو، کە ساڵانێک بوو ڕوویان دەکردە ئێرە و لە ناوجەرگەی شارە گەورەکاندا، شارۆچکەکاندا، کارگە و کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا دەر دەکەوتن. دواتر کە من و ئەو پیاوە لە ڕێکەوتێکی تردا بووین بە هاوڕێ، ئەو ڕۆژەم بیر هێنایەوە، کە بەحەپەساوی سەیری ئەسپە ڕەشەکان و جەنازەی دایکمی دەکرد.

# ٦

لە وێنەیەکدا ورچێکی پەڕۆیینی پێیە و لە یەکێک لە ژوورەکانی دایەنگەکە، لەناو دونیایەک یاریی منداڵان دانیشتووە و وێنەکە لەو کاتەدا گیراوە، کە مەیموون بە دەستێک ورچەکەی توند گرتووە، وەک ئەوەی بترسێت کەسێک لێی بسەنێت و سەیری منداڵێکی تر دەکات، کە نیوەی لەشی لە وێنەکەدا دەر چووە. لەپشتی ئەوەوە دوو منداڵ دەر کەوتوون، کە یەکێکیان مەمکەمژەیەکی لە دەمدایە، ئەوەی تریان دەستی بۆ مەمکەمژەکە درێژ کردووە، مناڵەکەش کەمێک خۆی بۆ دواوە کشاندووەتەوە، بۆ ئەوەی دەستی منداڵەکەی تر نەگاتە مەمکەمژەکە. ورچە پەڕۆیینەکە دەمی داچەقاندووە، وەک ئەوەی ئازاری پێ گەیشتبێت. مەیموون بلووسێکی سەوزی کاڵی لەبەردایە، لەگەڵ پانتۆڵێک، کە قوماشەکەی نزیکە لە قوماشی کابۆ، لەسەر عەرزەکە دانیشتووە و هەردوو قاچی ڕاکێشاوە، تاکی ڕاستی پێڵاوەکەی لەپێدایە، بەڵام تاکەکەی تری دانراوە و هەر ڕێک لای پێیەوە کەوتووە. نازانم کێ وێنەکەی گرتووە، دەبێت یەکێک

لە دادەکان گرتبێتی، یاخود وێنەگرێکی گەڕۆکیان بانگ کردبێت بۆ دایەنگەکە. لە وێنەیەکی تردا مەیموون لەناو پارکێکدا، لەسەر جۆلانەیەکە پێلاوێکی زستانەی لەپێدایە، پانتۆڵێکی خووریی ڕەش و قەمسەڵەیەکی سووری لەبەردایە. سورەییا لەپشتەوە پاڵی ناوە بە جۆلانەکەوە و جۆلانەکە لە دۆخی جووڵەدایە. باکە قژی مەیموونی بەرەو دواوە بردووە و دەمی کردووەتەوە و دیارە لە خۆشیی فڕینەکەیە – چونکە لە خۆشیدا نەبێت، ئینسان بۆ دەمی دەکاتەوە. سورەییا تەنوورەیەکی ڕەشی کاڵ و بلووسێکی شینی تۆخی یەخەحەوتیی لەبەردایە، کە لەژێر بلووسەکەوە کراسێکی سپیی بە گوڵی بچکۆلەی هەناریییەوە دیارە. ژنێک لەولاوە، بە کراسێکی ئاودامانەوە وەستاوە و منداڵێکی لە باوەشە، کە دیارە چاوەڕێی ئەوە دەکات سەرەی جۆلانەکە بەریان بکەوێت. وێنەکە ئەردەڵانی گرتوویەتی، ساڵانێکی زۆر دوواتریش ئەو ڕۆژەی لەبیر بوو. لەو ڕۆژەدا خەیاڵی ئەردەڵانی بۆ هەرشتێک چووبێت، خەیاڵی بۆ ئەوە نەچووە کە دوای چەند ساڵێکی تر مەیموون لە بەردەم تیمی گوللەبارانکەراندا دەوەستێت. لە وێنەیەکی تردا، مەیموون لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی تردا، لە پاشی تیۆتایەکدایە، ڕۆژی جەژنە و منداڵان جلی ڕەنگاوڕەنگیان پۆشیوە. لەتەنیشت مەیموونەوە کچێکی خەپە، حەپەساوانە و کەمێک گێژانە سەیری کامێراکە دەکات. لە بەردەمی مەیمووندا کوڕێکی بچکۆلانە بەچیچکانەوە دانیشتووە، لەناو ڕانی منداڵەکەوە و لە لاتەنیشتی ڕاستی شۆرتە شینەکەیەوە، پەڵەیەکی ڕەش دیارە، پێدەچێت گونی منداڵەکە بێت. مەیموون دۆندرمەیەکی بە دەستەوەیە، کە لەو کاتەدا بردوویەتی بۆ دەمی و چەناگەی و لێوەکانی بە دۆندرمە داپۆشراوە، بلووسێکی بێقۆڵی زیرەییی کاڵی لەبەردایە و چەند دڵۆپێکی تۆخ لە سەر سنگی دەر کەوتوە، کە دیارە دۆندرمەی پێدا ڕژاوە. لە وێنەکەدا خۆشنوودییەکی زۆری پێوە

دیارە، کە خۆشنوودیی منداڵانە لە ڕۆژی جەژندا - پێویستیش ناکات منداڵان لە ڕۆژی جەژندا ئەوەندە دڵیان خۆش بێت. مەیموون لەو کاتەدا، کە لە پشتەوەی تیۆتایەکدا بەو ڕۆژی جەژنە بە چێژ و خۆشییەوە دۆندرمەی دەخوارد، لەکوێ دەیزانی چەند ساڵێک دواتر، بە تۆقینێکی زمانشکێنەوە سەیری تیمی سەربازان دەکات، کە دەیانەوێت گوللەبارانی بکەن؟

Scanned with CamScanner

# ٧

# گورگێک لە ئاگردا

ئاگرەکە بەشی زۆری لاپەڕەکەی داپۆشیبوو. ئاگرەکەی بە ڕەنگی هەناریی کاڵ و مەیلەوزەرد کێشابوو، کە زمانەی ئاگرەکە تاکوو بەشی سەرەوەی پەڕەکە هەڵکشابوو. لەناو بڵێسەی ئاگرەکەوە، گورگێک بە ڕەنگی خۆڵەمێشیی تێر و لاکەلەکەی کەمێک بە ڕەنگی نارنجیی کاڵ کێشرابوو، کە بە دەموچاوێکی کەمێک خۆشنوودەوە سەیری شوێنێکی دووری دەرەوەی ئاگرەکەی دەکرد. جووڵەی چوارپەلی گورگەکە و شێوازی سووڕانی لەشی، بە شێوەیەک کێشرابوو، کە وای دەنواند بیەوێت لەو تەنگژەیە خۆی ڕزگار بکات، بەڵام سیمای گورگەکە تا ڕادەیەک ئەرخەیان و دڵخۆش دیار بوو، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ جووڵەی لەشی و ئەو ئاگرەی دەورەی دابوو، هەماهەنگ نەبوو.

# ٨

# ئەردەڵانی

سپێدە لە خەو هەستام، هەستم بە وزەیەکی زۆر دەکرد، کە وەک ئەوە وا بوو گڕکانێک لە هەناومدا تەقیبێت. هەموو گیانم گەرمی و جۆشێکی سەیری تێ گەڕابوو، کە ناوم نا گەرمی و جۆشی تۆڵە. هەموو گیانم داوای تۆڵەی دەکرد. هێشتا چاوم بە ڕووناکیی دوای لەخەوهەستان ڕانەهاتبوو، کە تارمایی مەیموونم بینی، بە دەموچاوێکی پڕ لە سەرکۆنەوە سەیری دەکردم و دەیگوت، 'بەتەمای هەر ئاوا دابنیشیت؟ منت بیر چووەتەوە؟' وام هەست دەکرد ئەو ڕێبوارانەی بە جادەوبان و کۆڵانەکاندا ڕادەبردن، باسی ترسنۆکیی منیان دەکرد، درەختەکان گاڵتەیان پێ دەکردم، هەورەکان پێم پێدەکەنین، خۆرەتاوی بەیانی مۆڕەی لێ دەکردم. هەستم دەکرد هەمووان بە کەمم دەزانن، هەمووان وەک کەسێکی دەستوپێسپیلکە سەیرم دەکەن. مریشکەکانی ناو سندوقەکانی دواوەی تیۆتاکان، چۆلەکەکانی سەربان، کۆتری

سەر منارەکان، دارتێلەکان، هەموویان وەک کوڕێکی ترسنۆک لێم دەڕوانن.

دۆستێکی کۆنی باوکم هەبوو، کە کەریم دەمانچەیان پێ دەگوت، هەرچۆنێک بوو، دۆزیمەوە. ئەو پیاوێکی خڕپلەی قەڵەوی قاچکورتی قسەخۆش بوو، کە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت، هەر لە بەتریقی ئاوس دەچوو، بە وەخت و ناوەخت قرقێنەی لێدەدا. لەوەتەی ئێمە دەماننناسی، لە سەردەمی حکومەتی بەعسەوە، کەریم ساڵانێکی زۆر بوو بەخشکەیی و لەپشت سەری حکومەتەوە کاری کڕین و فرۆشتنی چەکی دەکرد. من هێشتا هەرزەکار بووم، کە ئەوم بینیبوو هەرجارەی لەگەڵ خەڵکی جیاوازدا، لەپەنای دیوارێک، تەنیشت حەوشەی مزگەوتێک، یان بەردەم ماڵی خۆیاندا قسەی دەکرد و دواتر بەبێ خشپە خۆیان بە ماڵدا دەکرد. ئێمە ئەوسایش دەمانزانی، کەریم خەریکی چ دەردێکە. قرقێنەکانی بەقەدەر چەکفرۆشییەکەی ناوبانگی بۆ پەیدا کردبوو، بە ڕادەیەک، کە من هەرزەکار بووم، وام دەزانی ئەگەر کەسێک خەریکی کڕین و فرۆشتنی چەک بێت، دەبێت هەم قەڵەو و کورت بێت و هەم قرقێنەیش زۆر لێبدات. داوای هەرجۆرە تفەنگێکت کردبا، ئەو بۆی پەیدا دەکردیت، جاروبار دەیگوت، ’ئاخ، ئەم حکومەتە بڕووخێت، تۆزێک ئازاد بین، دەست بکەم بە دەبابە فرۆشتن.‘ ئەو، کە هەرگیز نەیبینیبوو لە بنەماڵەی ئێمە هیچ کەسێک تفەنگ بکڕێت، یان بەکاری بهێنێت، بۆیە بەقۆشمەبازییەوە گوتی، ’تفەنگت بۆچییە؟ تەیرولحوبی پێ ڕاو دەکەیت؟ ئەگەر دەوڵەتی کوردی ڕاگەیانرا، تەقەی خۆشیی پێ دەکەیت؟ بە قسەی خۆش مار لە کون دێنیتە دەرەوە، ئینجا کە هاتە دەرەوە، فیشەکێک دەنێیت بە سەریەوە؟ ها؟‘

دوای ماوەیەک، کەریم تەلەفۆنی بۆ کردم. چووم بۆ لای و کە بە حەوشەکەیاندا ڕەت بووین بەرەو هەیوانەکەیان، لەو کاتەدا

ژنەکەی، کە ئیتر پیر ببوو، کۆمەڵێک جلی بەسەر تەنافەکەیاندا هەڵدەخست - پێویستیش ناکات ژنانی پیر ئەوەندە حەزیان لە هەڵخستنی جل بێت بەسەر تەنافدا. یەکرێ بەرەو موبەقەکە ڕێنماییی کردم و لەوێ دەستی بەناو فەردەیەک شەکردا کرد، کە دیار بوو هەر بۆ ئەو مەبەستە دایان نابوو و تفەنگەکەی بۆ دەر هێنام، کە لەناو زەرفێکەوە پێچرابوو. تفەنگەکە موزەلییەکی قوڵە بوو، کەریم لەو کاتەدا کە لە زەرفەکە هێنایە دەرەوە، کەوتە وەسفکردنی، "بەها بەها سەیری بکە، دەڵێی مانگی یەکشەوەیە، تەماشای بکە، بووکێکە بۆخۆی، ڕەشماریکی تەواوە. با بزانیت ئێستا وەزعەکە شلۆقە، ئەگینا پێشتر دەماننارد بۆ ناوەڕاستی عێراق، بە دووقاتی ئەم پارەیە دەمانفرۆشتن، ئێستا وەزعەکە تێک چووە، بە خوا تفەنگمان پێ بگرن، دەیخەنە قوونی بابمانەوە، نەک تفەنگ، یەک فیشەکمان پێ بگرن، پوخت و جوان لەگەڵ گوو دەمانخەنە تەرازووەوە"

# ٩

# سورەییا

باوکم لە نوێژی بەیانی نەگەڕابووەوە و هێشتا لە مزگەوتەکەی نزیک ماڵی خۆمان بوو... تاریک و ڕوونیی بەیانی بوو، وەک دەڵێن، هێشتا دەزووی سپیت بۆ لە دەزووی ڕەش جیا نەدەکرایەوە، کە چەکدارەکان لەسەر حەوش و سەربان خۆیان کرد بە ماڵماندا. خۆکردن بە ماڵاندا بە وەخت و ناوەخت لەلایەن چەکدارانەوە، ڕووداوێکی هێندە سەیر نەبوو بۆ خەڵکی، بەڵام بۆ ئێمە، کە باوکم و دایکم هەر من و کوڕێژگەیەکیان هەبوو، پێمان دەگوت مەیموون و ناوەکەی خۆی مەگەر لە قوتابخانە و شوێنە فەرمییەکاندا بیرمان کەوتبایەوە، زۆر ناباو بوو. یەکەم جار دڵم ڕاچەنی و ختوورەی ئەوەی کرد، تۆ بڵێی بۆ کچە عازەبێکی وەک من هاتبن؟ یەکێک لە چەکدارەکان هاتە ژوورەوە و ئەوانی تریش لەناو حەوشە و هۆڵەکەدا پاسەوانییان دەکرد. دایکم لەسەر بەرماڵەکە خەریکی دووعاخوێندن بوو، کە

خۆیان بە ژووردا کرد، منیش بە پرچی پەرێشان و سیمایەکی حەپەساوەوە سەیرم دەکردن و تێنەدەگەیشتم چی ڕوو دەدات لەدەورم. ئەو سەربازەی هاتە پێشەوە، چوارشانەیەکی کەتە بوو، کە دەتگوت یاریچییەکانی تۆپی سەبەتەی ئەمەریکییە، گوتی، 'کوا ئالان؟ ئالانمان دەوێت!' من و دایکم بەیەکەوە گوتمان، 'ئالان! مەیموون دەڵێن؟ کوڕیژگە بچووکەکەمان؟' کابرا گوتی، 'هێندەش بچووک نییە.' لەو قسانەدا بووین، مەیموون لە ژوورەکەی خۆیەوە بە قاتوبیجامەیەکی شینی کاڵەوە دەر کەوت. نیگای مەیموون لەنێوان من و دایکم و چەکدارەکاندا جۆلانێی بوو. لەو سپێدەیەدا، کە وەک دەڵێن هێشتا خێر و شەڕ بەش نەکرابوو (دیار بوو ئەو چەکدارانە تازە خەریک بوون بەشی بکەن)، مەیموون لە هیچ تێنەدەگەیشت، هەرچەندە بە نیگا و جووڵەی ناسکی لێوەکانیدا دیار بوو دەیەوێت تێبگات، بەڵام لەو سپێدەیە دا تێنەگەیشت، وەک چۆن سپێدەکانی تریش هەر تێنەگەیشت. پرچە کاڵ و خاوەکەی هاتبووە سەر ناوچەوانی و بە هۆی دانانی لاتەنیشتی سەری لەسەر سەرینەکە، پرچی پان ببووەوە، ئەمەیش هێندەی تر بێگوناهـ و شیرینی کردبوو.

# ١٠

ئێوارەیەک، ئەو کاتەی خۆر لە زەردەدا بوو، شنەیەکی نەرم گەڵای درەختەکانی دەلەراندەوە. خۆری کۆتاییی ئەو پاییزە، بە هۆی ئێوارەوە هێندەی دی بێتین ببوو... منداڵەکانیان بەڕیز بەرەو حەوشەی دواوەی پشتەوەی سەربازگەکە برد... یەک بەدوای یەکدا دەڕۆیشتن... ماتومەلوول، هەر لە کۆیلەکانی سەردەمی ئیمپڕاتۆریای ڕۆما دەچوون... هەنگاوەکانیان هێندە سارد و شێنەیی و ترساو بوون، لەوە دەچوو بەسەر هەوادا بڕۆن، وەک ئەوە وا بوون لە دیمەنی فیلمێکدا بن، کە بەخاوی نماییش بکرێت. وەک ئەوەی بەسەر ڕووبارێکی بەستوودا بڕۆن، کە شەختەیەکی تەنک ڕووەکەی داپۆشیبێت، پێیەکانیان وا بەسووکی دادەنا، نەبادا شەختەکەی ژێر پێیان بشکێت و بکەونە ناو ئاوێکی ساردەوە. بە جلە شڕۆڵەکانی بەریانەوە، بە نیگای هەتیو و بێتینیانەوە، بە سیمای تۆقیو و لێوی وشک و لەرزیویانەوە، بەو ڕاستییە ترسانەکەوە کە دونیا فەرامۆشی کردبوون، دونیا ئاگای لێیان نەبوو، کە ئەوان مێژوویەکی

نەفرەتاویی ستەمیان دەنووسییەوە، بێ ئەوەی هەر بزانن مێژوو چییە.

لە ژوورسەریانەوە ئاسمان ناکۆتا فراوان بوو، کە فراوانییەکەی دەیترساندن. لە ئاسۆوە چەند پەڵەهەورێکی پەڕاگەندە دیار بوون، کە بە هۆی تیشکی زەردەپەڕەوە، دەتگوت پارچەی ئاوریشمی سپین و شەرابیان بەسەردا ڕژاوە.

چل منداڵ بوون، لەو ئێوارە کەڕ و بێدەنگەی شاردا تیرباران دەکران، بە تۆمەتی خیانەتکردن لە نیشتیمان، بەڵام ئەوان هەندێکیان هێشتا کە بەیانییان لە خەو هەڵدەستان، خۆیان تەڕ دەکرد، هەندێکیان هێشتا ئەگەر کۆلارەکانیان لە ستوونی کارەبا یان درەختێکی بەرز بگیرایە دەگریان، هەندێکیان هێشتا گەورەترین دڵخۆشیی ژیانیان ئەوە بوو، لە کاتی پایسکیللێخوڕیندا، دەستەکانیان بەرەڵڵا بکەن، یان فێری پشتەمەلە ببن، تیایاندا بوو هێشتا دڵیان بەوە خۆش بوو، لە یاریی تۆپی پێدا تۆپ بۆ یاریکەرە لە خۆیان گەورەترەکان بهێننەوە، تیایاندا بوو هێشتا لە بەردەمی میوانەکانیاندا ڕوویان نەدەهات نان بخۆن. ئەوان منداڵ بوون، هێشتا لە دونیا و تەڵەکانی تێنەدەگەیشتن، هێشتا نیشتیمان و وەهمەکانی، خاکی وڵات و درۆکانیان نەدەناسی، تەنانەت ئەو کاتەش گەورەدادوەر تۆمەتەکانی بۆ خوێندنەوە، هێشتا نەیاندەزانی باسی چی دەکات، بەڵام بە قسەکانی دادوەرەکەدا تێگەیشتن، کە دەبێت حەرامێکی گەورەیان خواردبێت، پێیان خستبێتە زەمینێکی ناماقووڵەوە، هەوای خاکێکیان هەڵمژیبێت، کە تابۆ بووە، بەڵام ئەو حەرامە چییە کە خواردوویانە، ئەو سەرزەمینە بڤەیە کوێیە کە پێیان تێ خستوە، ئەو سنورەی بەزاندوویانە لەکوێوەی ئەم وێرانئابادەیە، نەیاندەزانی!

# ١١

# ئەردەڵانی

ئـەم بەشـەی ئێمـە، دە کەسـی لێیـە. ئـەو تاوانانـەی کردوومانـە چوار جۆرن، بەڵام هەمووموان مەحکومین بە ئیعدام. ساڵانێکە بە هۆی فشاری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لـە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، حکومـەت، کـە ڕوویەکـی ناشـیرینی هەیـە و دەیەوێت جـوان دەر بکەوێـت، سـزای لەسـێدارەدان جێبەجـێ نـاکات، بۆیـە ئەرخەیانیـن کـە لەسـێدارەمان نـادەن، بـەڵام دەکرێـت بـەر یەکێک لـەو لێبووردنانـە بکەوین، کـە سـاڵانە سـەرۆکی حکومـەت و وڵات دەیـدات و ئـازاد بکرێیـن. مانـەوەی زۆر لەنـاو چوارچێوەی ئـەم دیوارانـەدا، وای کردوە کاراکتـەری هەریەکێکمـان فۆرمێکی سـەیر و نابـاو وەر بگرێت. هەندێکمـان خۆخواردنـەوەی بـەردەوام و ڕقوکینـەی بەرامبـەر دونیـا، گیانـی پـڕ کـردووە لـە هیسـتیریا و شـەڕانگێزی، بۆیـە تاوناتاوێـک تووڕەییـی پەنخـواردووی خۆیـان بەسـەر یەکێکدا دەڕێژن.

زستانی پار یەکێک لەوانە هێندەی نەمابوو لەسەر نۆرەبڕیی چوونەئاودەست بمخنکێنێت. شتەکە زۆر سادە بوو، ئەو لەلای دەستشۆرەکە پیاسەی دەکرد، نەمزانی چاوەڕێی ئەوە دەکات پیاوی ناو ئاودەستەکە بێتە دەرەوە، بۆیە هەر لەگەڵ هاتنەدەرەوەی کابرا، من خۆم پێدا کرد، لەپڕ کەسێک بە شێوەیەکی توند و دڕندانە هەردوو چنگی لە گەرووم گیر کرد، یەکەم جار دەموچاوێکی تووڕەم بینی، کە پڕ بوو لە نەفرەت و بێباکی، دواتر بۆنی تووتنێکی هەرزان لە هەناسەیەوە هات بە سەرمدا، ئیتر لە هۆش خۆم چووم. ڕووداوەکانی دواترم بیر نییە، تەنیا هێندە نەبێت، کاتێک چاوم هەڵهێنا، لەسەر کاشییە ساردەکانی ژوورەکە پاڵ کەوتبووم و ژاوەژاوێکی زۆر لە دەوروبەرمەوە دەهات، چاوانێکی ئەبڵەق بە سیماگەلی تۆقیوەوە سەیریان دەکردم، میچی زیندانەکە و دەموچاوی بەندییەکانی دەورم لە بەرچاوم دەسووڕانەوە. هەڵبەتە سەرەڕای ئەوەی خەریک بوو کابرا حوکمی ئیعدامەکەم جێبەجێ بکات، بەڵام ئەنجامەکەی هێندەیش بۆ من خراپ نەبوو، چونکە پاش ئەو ڕووداوە، بۆم ڕەخسا زیاتر و زیاتر لە بەندییەکانی تر دوور بکەومەوە و ئەوانیش بارودۆخی تایبەتی منیان قبوڵ کرد و لێگەڕان لە جیهانی تایبەتی خۆمدا غەرق ببم و تەواو فەرامۆشیان کردم، هەندێکی تریان خوویان دابووە تەهلیلە و دووعا و قورئانخوێندن و شەونوێژ، دیار بوو هەر بە تۆبەکردن و بەڕۆژووبوون قاییل نەبوون، بەڵکوو خواپەرستی و شەوبێدارییەکانیان بە جۆرێک بوو، وەک ئەوەی بڕیاریان دابێت تاکوو خوا لێیان خۆش نەبێت، واز نەهێنن، بیریان چووبووەوە ئەگەر خوایش لێیان خۆش بێت، بێگومان کەسوکاری ئەو کەسانەی کوشتبوویانن، لێیان خۆش نەدەبوون. کاتێک کڕنۆشیان دەبرد، تاکوو ماوەیەکی زۆر سەریان لەسەر بەرماڵەکە هەڵنەدەگرت، وەک ئەوەی باری

هەستکردن بە گوناهـ و تاوانباری هێندە قورس بێت لەسەریان، نەتوانن بەئاسانی هەڵبسنەوە. ئەوانەی تر، کە منیش یەکێک بووم لەوان، خەمۆکی و بێدەنگییەکی سەیر دای پۆشیبووین، بەردەوام بە دەمی نیمچەکراوەوە، وەک ئەوەی حەربا بین و بمانەوێت مێش ڕاو بکەین، بە حەپەساوی و واقوڕماوییەوە سەیری قەرەوێڵەکان، پەنجەرە و دەرگاکە، بنمیچی زیندانەکە و بەندییەکانی تر دەکەین.

من هەتا دوو ساڵیش، زۆربەی کاتەکانم زۆر ئاسایی و بێ هیچ کارێکی بەسوود بەڕێ دەکرد، سەیری تەلەڤزیۆن، کە هەمیشە لەسەر گۆڕینی کەناڵەکان لێمان دەبوو بە هەرا... گوێگرتن لە ڕادیۆ... دەردەدڵ لەگەڵ بەندییەکانی تر، بەڵام وردەوردە خووە کۆنەکەم، کە خوێندنەوەی کتێب بوو، بە شێوەیەکی شێتانە هاتەوە ناو سەرم. کتێبخانە بچووکەکەی زیندان، کە پڕ بوو لە کتێبی بێکەڵک - چۆن بە سێ ڕۆژ فێری سێ زمان دەبیت؟ هونەری هاوڕێگرتن، چۆنێتیی پێکهێنانی خێزانێکی بەختەوەر - بەکاری من نەدەهات، بۆیە داوام لە سەرهەنگ بابان و ڕێبەر خالید و دڵشاد موکری و سورەییا کرد، کە جارجار دەهاتنە سەردانم، کتێبم بۆ بهێنن. ئەوەیشم بیر نەچوو بە دڵشاد موکری بڵێم، 'تکایە کتێبی *لەگەڵ بادا ڕۆیشتم* بۆ نەهێنێت'.

# ١٢

ئەو شــەوە، بــە هــۆی هەندێک ڕۆتینیاتــی ئیدارییــەوە، هیچ فەرمانێک دەر نەچوو بۆ لێکردنــەوەی تەرمــەکان و گواستنەوەیان بۆ هۆڵێک، کــە بۆ ئــەو مەبەســتە تەرخــان کرابــوو. ئــەو شــەوە تاکــوو بەیانــی تەرمــەکان بــە دارەکانــەوە مانــەوە.

ســەعات دەوروبــەری نــۆی شــەو، نەرمــە بارانێکــی هێــواش دەستی پێ کرد. پاشــتر، ئــەو کاتــەی دوو بەتڵــی شــەو ڕاکشــابوو، بارانەکــە زیــاد و زیاتــر بــوو و ئیتــر بەخــوڕەم دەبــاری. لێزمــەی بــاران بەســەر ســەر و شــان و ملــی تیربارانکراوەکانــدا دەهاتــە خوار و وردەوردە بە هــۆی تەڕیی بارانەکە و تەڕاییی خوێنەکە، جلەکان زیاتر بە لەشیانەوە دەنووسان. بارانەکە بەلێزمە دەباری و هەرچیی ترس و نیگەرانی و خەونە کوژراوەکانی ناو ســەریان هەیە، دەیشۆردنەوە و لەگەڵ خوێن و خاشاکوخۆڵی مەیدانەکەدا ڕای دەماڵیــن و لــە ســووچێکی حەوشــەکەدا دەیکردنــە مەنهۆڵــی ژێرابێکەوە. تاوناتاو لە ئاسمانەوە برووسکەیەک چەخماخەی دەدا و تەرمەکان و حەوشــەی کوشتارگەکەی ڕۆشــن کردەوە، کە وەک

ئەوە وا بوو لەناو مۆزەخانەیەکی تاریکدا کەسێک بۆ ساتێکی کەم و خێرا و تێپەڕ ڕۆشنایی لایتێک بگرێتە تابلۆی *داگرتن لە خاچی* ڕۆجەر ڤان دێر وایدن، کە تێیدا نۆ کەس، چوار ژن و پێنج پیاو، خەریکن مەسیحی لەخاچدراو لە خاچەکەی دادەگرن و لە دۆخێکی هێندە سامناکدا وێنە کێشراون، کە هەندێکیان تا ڕادەی بوورانەوە تازیەبارن. شێوازی کەوتنی مەیموون بە لادا و نووشتانەوەی ئەژنۆکانی و ئەو ئازار و غەدرەی هەڵی گرتبوو، کتومت لە مەسیح دەچوو، لە تابلۆکەی دێر وایدندا. ئەوان مەسیحە نامرادەکانی شارێک بوون، کە هیچ کەسێک بە مردنیان نازانێت، کەس گوێ بەوە نادات تەڕ دەبن، بەڵام ئەگەر دایکی مەیموون مەیموونی بە دارەکەوە ببینایە، چیی دەکرد؟ خۆ ئەو کەم شەوی زستان هەبوو سەرێک نەکات بە ژووری منداڵەکەیدا، کە هەمیشە لەسەر سک دەخەوت و وەکوو جاڵجاڵۆکە خۆی بە نوێنەکەوە دەنووساند، بۆ ئەوەی دڵنیا ببێت بەتانییەکەی لەسەر لا نەچووە، نەبادا سەرمای ببێت.

Scanned with CamScanner

# ١٣

# سورەییا

من دوو ساڵی زانکۆم خوێندبوو، کە چەکدارەکان مەیموونیان لە ماڵ بردە دەرێ. ئەو کاتە بایەخێکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی بابەتی مێژوو هەبوو، هەر ئەوەش وای کرد لە کۆلێجی ئەدەبیات بچمە بەشی مێژوو بخوێنم. هەمیشە خوێندنەوە دەربارەی مێژووی ئەوروپا، هەڵمەتە داگیرکارییەکان، سەرهەڵدان و فراوانبوون و گەورەبوونی ئیمپراتۆریەتەکان و دارمانیان، شۆڕشی فەرەنسا و لویسی شانزە، گاڵتەکردنەکانی ماری ئەنتوانێت بە برسییەکان، توندوتیژیی یەعقوبییەکان، یەخسیرکردنی جوولەکەکان و بەکۆیلەبردنیان بەرەو بابل، دروستبوون و وێرانبوونی دەوڵەتشارەکان، مێژووی خوێناویی عێراق بە کوشتنی ئیمامی عەلی و حوسەینی کوڕیەوە، سەقیفەی بەنی ساعیدە، حەججاج بە شمشێری خوێناوییەوە، حەججاج بە مەرگی غەمگینیەوە، هەموویان جێگەی بایەخی من بوون و بە وردەکارییەکی

سەیرەوە سەرقاڵیان بووم. لەو یەک-دوو ساڵەی جەنگی ئێران و عێراق هەڵگیرسابوو، سەرنجدان لە هۆکاری مێژوویی جەنگەکە، منی بە خۆیەوە خەریک کردبوو.

لەگەڵ توندبوونەوەی جەنگەکە و تاوسەندنی شەڕی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان دژی حکومەت، بارودۆخەکە زیاتر دەشڵەژا و ئەگەری ئەوەی هەریەکێک لە ئێمە بە هۆی جەنگەکەوە سەرمان بە فەتارەت بچێت، ئەگەرێک بوو، تا دەهات، گەورەتر دەبوو، بەڵام نە من و نە هیچ کەسێکی تر لە هاوسەردەمانمان، بە خەیاڵماندا نەهاتبوو ڕۆژێک منداڵانی شار وەک کەروێشک لە لانەکانیان دەهێننە دەری و دەیانکوژن.

# ١٤

# سورەییا

کابرای چەکدار هاواری کرد، ئەمە خیانەتکارەکەی نیشتمانە؟ (ئەو منداڵە و خیانەت لە نیشتیمان؟) ساڵانێک زۆر دواتر، شاعیرێک ئەو ساتەوەختەی لە شیعرێکدا باس کرد، 'نیشتمانی چی؟ نیشتمانی چی؟ من تاریک و ڕوونیی ئەو سپێدەیەیشم بۆ نەدەلاوایەوە' ساتەکە هێندە کتوپڕ و هەژێنەر بوو، نە من، نە دایکم، نەمانتوانی وەڵامیان بدەینەوە. بێ ئەوەی ڕێگە بدەن مەیموون جلی دەرەوەی لەبەر بکات، کابرای کەتە کردیە باوەشی و بردیە دەرەوە بۆ ناو سەیارەکە. کێ باوەڕ دەکات، خیانەتکاری نیشتیمان بە باوەش هەڵبگیرێت، بۆ ناو سەیارەی سەربازی؟ مەیموون دەتگوت زەڕنەقوتەیەکە بە چنگی هەڵۆیەکەوە.

ئەو هێشتا نەببوو بە سیانزە ساڵ، بەڵام سیمای و بچووکیی لەشی، زۆر منداڵتریش نیشانیان دەدا. چاوە گەورە و خوومارەکانی لەگەڵ لەشە بێجورم و لاوازەکەیدا نەدەگونجان. برژانگەکانی

بـە ڕادەیـەک گـەورە و درێـژ بـوون، لەنـاو ئـەو هەمـوو تـرس و تۆقینەشـدا، چـاوم کەوتـە سـەر سـێبەری برژانگەکانـی، کـە لـەو بەیانییەدا ڕووناکیی گڵۆپەکە لەسـەر ڕوومەتی بەدەری خستبوو. لووتێکی بچووک لەژێر ئەو چاوە گەورانـەوە، زیاتر وای دەکرد لـە باڵندەیەکی بچکۆلـە بچێت، نـەک منـداڵ. دەمێکی مەیلەوپان و چەناگەیەکی کورت وای لێ کردبوو، لـە کوندەپەپوویەکی غەمگین بچێت، ئـەو کاتانـەی پێدەکەنی، لـە هەمـوو کاتێک زیاتـر بەزەیی مرۆڤی دەجووڵاند.

# ١٥

# کریستینا

مارگرێت هاوڕێی سەردەمی منداڵیی دایکم بوو، ئەوان هەردووکیان لە ناوچەی دۆرسێت گەورە ببوون، بەیەکەوە لە کەناراوەکانی باشووری ئینگلاند لەسەر تاوێرەکانەوە سەیری دەریا و کەشتی و بەندەرەکەیان کردبوو. هەموو جارێک کە دایکم و مارگرێت باسی ئەو ڕۆژەی بەهاریان دەکرد کە پێکەوە چووبوونە سەیری شوێنەواری قەڵای کۆرفو، کە ئۆلیڤەر کۆرموێل لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا وێرانی کردبوو، چاوانیان پڕ دەبوو لە ئاو، چونکە لەو ڕۆژەدا کوڕێکی هەرزەکاریان بینیوە، لە گردۆڵکەکەوە خلۆر بووەتەوە و تاکوو تەنیشت ئەوان نەگیرساوەتەوە، کە ئەو کاتە ئەوان دوو کچی گەنج بوون لەو کچانەی بەردەوام خەریکی جیکەجیککردنن و لەتەنیشت یەکترەوە لەناو گیاکەدا پاڵ کەوتوون.

مارگرێت تاکە هاوڕێی دایکم بوو، کە دوای ساڵانێکی زۆر

لە هاتن و ڕۆیشتنی سەدان کەس و ناسیاو بۆی مابووەوە. مارگرێت بە هۆی پەیوەندیی گوماناوییەوە بە ژنانەوە، شووی نەکردبوو... دایکم زۆر جار سەردانی دەکرد... لە شوقەکەیدا، کە بەتەنیا لە شاری کاردیف تێیدا دەژیا... چەندان سەعاتی دوورودرێژ دادەنیشتن و قسەیان دەکرد و قسەیان دەکرد، و گوێیان لە مۆسیقای ڕۆک ڕادەگرت، کە زۆر جار لەگەڵ هێمنی و سەنگینیی دانیشتنەکەیان نەدەگونجا. سەیری زنجیرەتەمسیلییەکانی ئێوارانیان دەکرد، کە ساڵانێکی زۆر بوو بەردەوام بوون و نەدەبڕانەوە... باسی عەرش و قورشیان دەکرد. دوای مردنی ئەلبێرت، مارگرێت کەمێک لە جاران زیاتر هاموشۆی دەکردین. هەرچەندە ئەوان لە منداڵییەوە هاوڕێ بوون، بەڵام هەستم دەکرد تاکوو تەمەنیان زیاتر هەڵدەکشا، زیاتر هۆگری یەکتر دەبوون. کە مارگرێت دەهات، هەردووکیان بەیەکەوە لە ژوورێکدا دەخەوتن، تەنانەت شەوێکیان بیریان چووبوو دەرگاکە دابخەن، من ئەوانم لەسەر سیسەمەکە بەڕووتی و لە دۆخێکی ئیرۆتیکیدا، لە باوەشی یەکتردا بینی و خۆم وا نیشان دا نەمبینیون.

# ١٦

# سورەییا

هەمـوو شـتێک کتوپـڕ و خێـرا تێپـەڕی، دایکـم هـاواری کـرد، کوڕیژگەکـەی مـن بـۆ کـوێ دەبـەن؟ باوکـم بەسـەر گریـان و هـاواری مـن و دایکمدا هاتـەوە، دراوسـێکانمان بـە دەنگی گریانـی ئێمـەوە هاتـن.

باوکـم کـە پیـاوی دەرەوە بـوو و ژیانێکـی پـڕی هەبـوو، خەڵکێکی زۆری لـە ژیانیدا بینیبوو و ناسیبوو، ژیـان و ئەزمـوون و سروشتی خۆی فێری کردبوو، بە هێمنی ڕووبەڕووی شتەکان ببێتـەوە، بـەڵام کە پێمـان گـوت کۆمەڵێک چەکدار مەیموونیـان برد، تەنانـەت لـەم بەیانییە زوەیشـدا هەسـتم بـە گۆڕانـی دەموچـاوی کـرد، هەسـتم بـە شـکانی ورەیـەک کـرد، کـە ئـەو پێـی ناسـرابوو، وەک ئـەوەی نەتوانیـت بوەسـتێت، وەک ئـەوەی ئـەو ڕووداوە قورسـەی بـۆ هەڵنەگیرێت، لەسـەر کورسـییەکی هەیـوان دانیشـت و بـە پشـتێنەکەی ئـەو ئارەقەیـەی سـڕی، کـە ئـەو هەواڵـە پێـی

دەر کرد، ئینجا سەیری ئەو ژن و پیاوانەی کرد، کە هاتبوونە حەوشەکەمان و دواتر سەیری شوێنێکی نادیاری زۆر دووری ئاسۆی کرد.

یەکەم جار وامان دەزانی هەڵەیەک ڕووی داوە، گوتمان ڕەنگە منداڵێکی تر جنێوی بە پیاوێکی حکومەت دابێت و لەگەڵ منداڵەکەی ئێمەدا لێیان تێک چووبێت، بۆیە پێمان وا بوو ڕەنگە دوو-سێ زللەی لێ بدەن و بۆمان بنێرنەوە، بەڵام نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، زانیمان کە لە چەندان گەڕەکی تری شارەوە منداڵانی هاوتەمەنی مەیموونیان گرتووە و بردوویانن... چەند مانگێک پاشتریش، زانیمان کە ئەو شەوە چل منداڵیان گرتووە.

# ١٧

سوورەییا ئەو شەوە زۆر بێقەرار بوو، هەستی بە فشارێکی زۆر دەکرد لەناو سەریدا و قورساییەکی لە شێوەی ئەوەی بەردێکی زل لەسەر سنگی دانرابێت، هەستی پێ دەکرد، وەک چۆن گوندییەکان شوڵکەدارەکانیان لەناو ئاودا سەنگەوبەرد دەنا، ئاوا هەستی دەکرد سەنگەوبەرد نراوە. لەناو جێگەکەیدا ئەمدی و ئەودیوی دەکرد، وای هەست دەکرد تای هەبێت، وای هەست دەکرد نەخۆش بێت، بەڵام نەیدەزانی چییەتی. بەو شێوەیە بە بێداری و بێقەراری مایەوە، تاکوو بەری بەیانی، لە هیلاکیدا خەو بردییەوە. دوای ئەوەی بەو شێوەیە و بەهێواشی بەناو خەوێکی قووڵدا ڕۆ چوو، خەونێکی سەیری بینی، کە ڕۆژی دواتر نەیتوانی وەک نیشانەیەکی شووم نەیبینێت. 'دونیا مات و بێدەنگ بوو. سوورەییا لە حەوشەی خۆیان دانیشتبوو... تارماییەک ئاسمانی شاری داگرت و بەری خۆرەکەی گرت... هەر ئەوە نا، بەڵکوو وەک هەورێکی ئیقلیمگیری ساف و سپی سەرتاپای ئاسمان و ئاسۆ دوورەکانیشی داپۆشی... تا چاو

هەتەری دەکرد، باڵندەی سپی لە ئاسمان بوون، باڵندەی بچکۆلە و وردیلەی سپی وەک لۆکە بە شێوەی شەپۆلی گەورە و فراوان دەجووڵانەوە، وەک ئەوەی پەڵە دەغڵێکی گەورە بن و بە بای بەهاران کەرویشکە بکەن... بێدەنگ و مات و غەمگین بە ئاسماندا دەفرین... ملیۆنان باڵندەی سپیی وردیلە بوون، سێبەری ماتومەلوولی خۆیان خستبووە سەر سەربانی ماڵەکان و دارتێلی تەلەفزیۆنەکان سێبەریان دەڕژایە سەر سنەوبەری گەردنبەرزی حەوشەکان، سێبەریان دەکردە سەر شار، بە مزگەوت و ئۆتومبێل و ژن و پیاو و داروبەردیەوە... ملیۆنان باڵندە کپ و بێدەنگ دەفرین، وەک ئەوەی کۆمەڵێک تازیەبار بن و لەدوای جەنازەیەکەوە بڕۆن، وەک ئەوەی خێڵێکی خەمناک بن، بە شکۆ و سەنگینییەوە پاشایەکی مردوو بەرن بۆ سەر قەبران و بینێژن... لەپڕ ئاڵۆزییەک کەوتە ڕیزی باڵندەکانەوە، پشێوییەکیان تێ گەڕا، وەک ئەوەی ئاگرێک بەر بووبێتە پووش و پاوانێکەوە و بەخێرایی بڵاو بووەوە. یەکەم جار باڵندە لێرەولەوێ کەوتنە خوارەوە، وەک چۆن یەکەم جار پێش لێزمەبارانێکی توند، دانەدانە دڵۆپی باران دێتە خوارەوە، ئاوا باڵندەکان تاکوتەرا دەکەوتنە خوارەوە. باڵندەیەک کە بولبولێکی سپی بوو، کەوتە ناو چیمەنی حەوشەکەیان، دواتر دانەیەکی تر کەوتە کۆشی ئەوەوە، پاشتر دانەیەکی تر کەوتە نزیک دەرگای حەوشەکە. سورەییا پێی وا بوو، ڕەنگە تەقەیان لێ کرابێت و لەبەر دووریی شوێنی تەقەکەرەکانەوە، ئەو گوێی لە دەنگی فیشەکەکان نەبووبێت، بەڵام هەر زوو گومانەکەی نەما، چونکە باڵندەکان هیچ خوێنیان پێوە نەبوو. ئینجا ئیتر زیاتر و زیاتر باڵندەکان کەوتنە خوارەوە... ماتومەلوول دەکەوتنە سەر باخ و حەوشەکەوە... وەک ڕێژنەبارانێکی غەمگین دەبارین و دەبارین و دەبارین. لەناو ئەو هەموو باڵندە وەریوەدا، باڵندەیەکی

سپیی چاوگەورە، کە لە کوندەپەپوویەکی حەزین دەچوو... نیمچەزیندوو و نیمچەمردوو، دەنگێکی لێوە دەهات دەیگوت، 'خوشکێ، تینوومە خوشکێ، تینوومە' سورەییا بەپەلەپڕووزێ ڕای کرد بۆ لای و قاچی لە سۆندەی ئاودانی چیمەنەکە ئالاّ و خەریک بوو بکەوێت... سەرسمێکی دا و خۆی گرتەوە و هاواری کرد، 'ئاه کوێر بم بۆت، کوێر بم بۆت، مەیموون، ئەوە تۆیت؟'

Scanned with CamScanner

# ١٨

# سورەییا

دەمزانی باوکم ڕووخاوە و تازە تەپوتۆزی ڕووخانەکەی تا ئەبەد نانیشێتەوە... پیاوێکی باڵابەرزی بۆشناخ، ئاغر و لەسەرخۆ دەڕۆیشتە دوکانەکەی و دەهاتەوە و بە شێوازی جووڵەی شانەکانی، کە هەستم دەکرد باری مەینەتییەکیان کەوتووەتە سەر، ئەگەر بکەوێتە سەر چیاکان، دەیڕووخێنێت، بە ڕۆیشتنە مەلوولەکەیدا، بە زەردەخەنەی تاساوی جاروبارێدا، بە قسە و گوفتارە بێمەیلەکەیدا، دەمزانی زامێکی لە دڵدا حەشار داوە، ئەگەر ئەو زامە بدەیتە ئۆقیانووسەکانیش، بۆیان سارێژ ناکرێت.

دایکم تووشی هەڵوەسە بوو و بەتەواوی سەری لێ تێک چوو، تەنانەت لە کاتی ناشتنی تەرمی مەیموونندا دەبووڕایەوە، کە دەهاتەوە هۆش خۆی، وەک ورچێک، کە بێچووەکەی خورابێت، شاڵاوی بۆ خەڵکەکە دەبرد و نەیدەهێشت بینێژن... ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەکەوتە وڕێنە و ڕەفتاری بەتەواوی لە عەقڵ دەر دەچوو.

سەرەڕای ئەوەش، نەخۆشیی شەکرەکەی زیاتر تاوی دەسەند و قسەبزرکاندنەکەی زیاتر کاراکتەری شێتێکیان پێ دەبەخشی. من دڵنیا بووم تازە دەردی ئەو بێدەرمانە، هەر وایش بوو. هەمووی ساڵێک و چەند مانگێک دوای مەرگی مەیموون، دایکیشم لە نەخۆشخانە سارد و ناخۆش و بۆندیتولاوییەکەی ناوەڕاستی شاردا مرد، شەوێکی ڕەشەبایاوی شار بوو، کە با زەرفی نایلۆنی فڕێدراو، قووتووی بەتاڵی ئایسکرێم و کاغەزی چکلێت، تۆیکڵەپرتەقاڵ، قووتووە بەتاڵە بچووکەکانی ڕۆنی ڕاعی، کە وێنەی شوانێکی عەرەبی لەسەر بوو لەتەنیشت چەند سەر مەڕێکەوە و توێکڵی گوڵەبەڕۆژە و دەفتەری وێنەی منداڵانی تێکەڵ بە خۆزگە کوژراوەکانی شار دەکرد و لە کۆڵانێکەوە ڕای دەماڵین بۆ کۆڵانێکی تر.

# ١٩

لە یەکێک لە وێنەکاندا، مەیموون بە جلێکی شینەوە وەستاوە، کە هەر دەڵێی کوڕی ناو تابلۆی کوڕە شینەکەی تۆماس گەینسبۆرۆیە، کە سیما و شێوەی سەیرکردن خاڵی بوو لە گوزارە، نەتدەزانی دڵخۆشە یان خەمبار، ڕازییە یان ناڕازی، سەیری شوێنێک دەکات، یان سەیری هیچ جێیەک ناکات. تەنیا ئەوە بوو، کوڕەکە لە تابلۆکەدا دەستی چەپی خستووەتە کەلەکەی و بە دەستی ڕاستیەوە شەپقەیەکی گرتووە، بەڵام مەیموون لە وێنەکەدا دەستی چەپی گرتووە بە دارتەلێکەوە و دەستی ڕاستی خستووەتە کەلەکەی.

# ٢٠

# کریستینا

بە نیگەرانیی ئێوارانی، نائارامیی هەمیشەیی و تووڕەبوونی وەخت و ناوەخت و هێمنبوونەوەی کتوپڕ و جوولەی شانە غەمگینەکانی و ڕۆیشتنی قورسی، وەک ئەوەی بارێک لەسەر پشتی بێت، هەنگاوە سەنگینەکانی و پێداگرتنی لە زەوی وەک ئەوەی دووپشکێک پان بکاتەوە، بە پێکەنینە کورتەکانی، کە وەک گەواڵەهەوری بەهاران دەهاتن و دەڕۆیشتن و لەپشت ئەو پێکەنینانەوە نائومێدییەکی کوشندە خۆی مەلاس دابوو، دەمزانی ڕۆحی شکاوە.

دەمزانی ناتوانم بەختەوەری بکەم... دەمزانی ناتوانم هیچ کەسێک بەختەوەر بکەم... من خۆم کە لە قوڕاوی خەم و ئازارێکی خەستدا گیرم خواردبوو، چۆن دەمتوانی کەسێکی تر بەختەوەر بکەم؟ بەڵام هەوڵم دەدا دڵخۆشی بکەم. دەڕۆیشتین لە گوندە دوورەکان، لە قەدپاڵی چیا بڵندەکان دەماینەوە، لەکەناری

Scanned with CamScanner

ئەو دەریایانەی ناگۆتا پان دەبوونەوە. ئێواران لەو شوێنە دوورەدەستانە ئاگرمان دەکردەوە و سەیری ئاوابوونی خۆرمان دەکرد، کە وەک ئەوە وا بوو کەوتبێتە دەریا بیپایانەکەوە و لەگەڵ زەردەپەڕی خۆیدا، هەموو ڕووی دەریاکەی دەکرد بە ڕەنگ. بە خۆمان و کۆڵەپشتە قورسەکانمانەوە، لە ئەشکەوتەکاندا دەماینەوە و شەوان لە سەرما و لە هەستێکی تێکەڵ بە ترس و بێکەسیی خۆمان دەخزاندە تەنیشت یەکترەوە. شەوانی درێژی زستان لەناو بۆنی شەراب و دووکەڵی ئەفیون و سێکسدا، خۆمان لە دونیا و بێڕەحمییەکانی دەشاردەوە.

ئەو وەک عەدەمییەک دەژیا، وەک بۆهیمییەک سەیری دونیای دەکرد. نەفرەتکردن لە نیشتمان و ڕابردوو ببووە بەشێک لە کەسایەتیی ئەو. ئەو ساڵانە کە بەیەکەوە بووین، وردەوردە و هەر ماوەیەی بەشێک لە چیرۆکی ئەوم زانی، تاکوو دواجار لە زەینی خۆمدا هەموو وێنەکانم لەتەنیشت یەکتر دانا و دیدێکی ڕوونم لەسەر ژیانی ئەو بۆ دروست بوو. ئەوەی من ناسیم، پیاوێک بوو هیچ بایەخی بە ڕووداوە سیاسییەکان نەدەدا، بۆیە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن سەدامەوە بە ڕادەیەک شاگەشکەی کرد، من سەرم سووڕ ما، دواتر تێگەیشتم، ئەو وای دەبینی سەدام خۆی خستووەتە زەلکاوێکەوە، دەرچوونی نییە. ئەو کاتە من باوەڕم وا نەبوو ئەو ڕووداوە دەبێتە ئەڵقەی یەکەمین، کە زنجیرەیەک ڕووداوی تر و هەڵسانەوەی میللەتەکەی ئەوی لەناو سووتماک و داروپەردووی وێراندا بەدوادا دێت.

هەر چەندە ئەو پێی وا بوو کەوتنی ئەو ناوچەیە کەوتنێکی شارستانیی گەورەیە و هەڵسانەوەی چەند سەدەیەکی دەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئومێدێکی زۆری لەسەر ئەگەری کەوتنی سەدام هەڵچنی.

# ٢١

## سورەییا

کێ بیری ماوە، ئێمەش ڕۆژانێک کورێژگەیەکمان هەبوو؟

ئەوەی لە مەیموون جێ ماوە، کۆمەڵێک وێنە و جلوبەرگەکانیەتی، ژوورە بچکۆلەکەیەتی کە هەزاران جار پاکی بکەیتەوە و دەرگا و پەنجەرەکانی بکەیتەوە، بۆنی مەرگ و تەنیایی و فەرامۆشیی لێ ناڕوات.

ئەوەی لە مەیموون جێ ماوە، ژانێکی توندە کە تا سەر ئێسکانمان دەڕوات، زامێکی ئەبەدییە، کە بە قووڵاییی بوونمدا ڕۆ چووە.

لەناو هەموو وێنەکانیدا، چەند وێنەیەک هەن زۆر ڕام دەگرن: 'چێشتەنگاوێکی خۆرەتاوی ڕۆژی جەژنە، مەیموون بە شەڕواڵێکی نیللی و کراسێکی شەکەرییەوە لەسەر کورسییەک دانیشتووە، لەبەر تیشکی خۆرەکەدا چاوی نوقاندووە' ئەوە ئەو ڕۆژە بوو، منداڵانێکی زۆر لە دەوری مەیموون کۆ ببوونەوە،

ئەویش بەدەمی و بە بەکارهێنانی دەستی دەنگی باڵندە و ئاژەڵەکانی لاسایی دەکردەوە، دوای ئەوە پیاوێکی گەڕەکەمان، کە وێنەگرێکی گەڕۆک بوو، لەوێوە تێپەڕی و وێنەی کۆمەڵێک منداڵی گرت.

لە وێنەیەکی تردا لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵ، لە گۆمێکدا مەلەیان کردوە و هەر بە جلی تەڕەوە لەدەوری ئاگرۆچکەیەک کۆزیلکەیان بەستووە. لە وێنەیەکی تردا، دایکم لای دیواری حەوشەکەمان وەستاوە و سۆندەیەکی ئاوی بە دەستەوەیە، چیمەنەکەمان ئاوڕشێن دەکات. دایکم لەو وێنەیەدا دووگیانە و بەتەواوەتی سکی بەرز بووەتەوە، لەو وێنەیەدا، مەیموون لە سکی دایکمدایە.

# ٢٢

سالانێکی زۆر نەبوو، نەشتەرگەریی چاندنەوەی دڵ پەیدا ببوو... زڕبراکەی ئەلبێرت بەقورسی تووشی نەخۆشیی دڵ ببوو، ئیتر وردەوردە نەیدەتوانی بەرێکوپێکی کار بکات. ئەو، کە سالانێکی زۆری لەناو سوپادا بەسەر بردبوو، لە چەندین جەنگدا بەشداریی کردبوو، هێندەی مارشێکی جەنگی، بینینی دیمەنێکی ڕاهێنانی سەربازی، ڕێڕۆیشتنی نماییشکارانەی سوپا هەستی دەبزووواند، نیو ئەوەندە گۆرانییەکانی ماریانا فەیسفوڵ نەیدەبزووواند، بۆیە دوای نەشتەرگەرییەکە و دانانی دڵێکی تازە، بەتەواوی ڕووبەڕووی پیاوێکی تازە ببوونەوە. دکتۆرەکان دوای کارەساتێکی ئۆتومبێل، کە سەری کوڕێکی شاعیری تێدا پان ببووەوە، توانیبوویان فریای دڵی کوڕەکە بکەون و بۆ زڕبراکەی ئەلبێرتی دابنێن.

ماوەیەک دوای نەشتەرگەرییەکە، کە شیعرەکانی تی ئێس ئیلیەت و ئێدگار ئالان پۆی لەبەر خۆیەوە خوێندبووەوە، ئەلبێرت و ئەوان وەک وڕێنەی پیاوێکی خەڵەفاو سەیریان کردبوو، بەلام

وردەوردە شتی سەیرتری لێ دەر کەوتبوو، خووی دابووە گوێگرتن لە سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن، سۆناتا توورەکانی مۆزارت، تۆنە هێمنەکانی چایکۆڤسکی، کڕینی کوڕاسەی تایبەت بە تابلۆکانی سەردەمی کلاسیک، دانیشتن لە حەوشە و سەیرکردنی باڵندەکان، گریان بەدیار دیمەنی غەمگینی فیلمەکانەوە. ئیتر لەوە دەر چووبوو کە تەنیا نەشتەرگەرییەکی دڵ بووبێت، بەڵکوو وەکوو ئەوە وا بوو ڕۆحی ئەو گەنجە لە جەستەی ئەودا دۆنادۆنی کردبێت.

Scanned with CamScanner

# ٢٣

# کریستینا

هەرگیز رۆژێک هەستم نەکردووە ئەلبێرت باوکی ڕاستەقینەی من نییە. هەلسانەوەی هەموو شەوانی و ئاگالێبوونی لە من، ماچ و باوەشی گەرمی بەیانییانی، سۆزی شەو و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و سالانی هیچ دەرفەتێکی نەهێشتبووەوە، بۆ ئەوەی ئینسان بچووکترین گومانیش بکات. بەلام ئەلبێرت میهرەبانییەکی خورسکی هەبوو، ئەو بۆ ئەوە میهرەبان نەبوو تاکوو نهێنیی باوکایەتی لە من بشارێتەوە، ئەو هەر خۆی وا بوو. میهرەبانی بەشێک بوو لە سروشتی ئەو... سەبر و ئارامیی ئەو بەرامبەر میزاجە توند و بەرز و نزم و هەمیشەگۆڕاوەکەی دایکم، نیشانەیەکی دیاری ئەو بوو لە سەر خۆشەویستیی قووڵی ئەو بۆ دایکم.

دوای مردنی ئەلبێرت، نیگەرانییەکانی دایکم قووڵتر بوونەوە. ڕەفتاری تێکەلەیەک بوو لە حەزەر و چاودێری بەرامبەر من.

شێوازی هەڵسوکەوتی سەیری ئەو بەرامبەرم، هەمیشە وا دەر دەکەوت ڕازێک لە دڵیدا بێت، تەنانەت ئەو دوانیوەڕۆ گەرم و شێدارەی هاوینیش، کە لە نەخۆشخانە گیانی دەدا و دواتر مرد، لە سیما و نیگا و سەیرکردنەکەی بۆ من، وا دەر دەکەوت شتێکی لێ شاردووومەتەوە، وا دەر دەکەوت نهێنییەک لەبنی بنەوەی یادەوەرییدایە و دەیەوێت پێم بڵێت، بەڵام لە شوێنێکی عاسیدایە و دەستی پێی ناگات دەری بهێنێت و بمداتێ، بەڵام خۆ ئەوانە تەنیا هەستی من بوون، هەستی ژنانەی من، کە سیخناخ بوون بە خەم و کەسەری بێکەسکەوتن و حەسرەتی بەتەنیامانەوە.

مانگێک دوای مردنی دایکم و هاتنی مارگرێتی دەستەخوشکی، هەموو ئەو هەست و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیانەیان گۆڕی بۆ ڕاستییەکی سەخت و درندە، کە وای لێ کردم بە چاوێکی تر و زەینێکی ترەوە بڕوانمە ورد و درشتی بەسەرهاتی ژیانی خۆم. شەوان تاکوو بەری بەیانی، بیرم لە ژیانی خۆم لەگەڵ دایکم و ئەلبێرت دەکردەوە... بیرم لەو ساتانە دەکردەوە، کە ئەلبێرت دەیبرم بۆ باخچەی ساوایان، دەیگەیاندمە قوتابخانە، ئەو ڕۆژانەی دەیکردمە قەڵاندۆشکان، لە سینەما گەنمەشامیی بۆ دەکڕیم، کە نەخۆش دەبووم، دونیای لێ دەهاتەوە یەک، ئەو شەوانەی تا خەو دەیبردمەوە، چیرۆکی بۆ دەخوێندمەوە، فێری پاسکیلێخوڕینی دەکردم، بە قسە و ڕۆیشتنی من دەکەوتە هەڵەکەسەما، دەیگوت، 'کچمان گەورە بووە، کچمان گەورە بووە'.

هاتنی مارگرێت بۆ لام و درکاندنی نهێنییەک کە سەرتاپای ژیان و بیرکردنەوەی گۆڕیم، سەبارەت بە دایکم، بە باوکم، بە ئەلبێرت، بە ژیان و پەیوەندی و ئەو هەموو ئاڵۆزییانەی ئینسان لەناو خۆیدا جێی دەکاتەوە، بەڵام خۆشەویستیی من

بۆ ئەلبێرت، گەورەتر بوو، ڕێزی من بۆ ئەو، زیاتر شکۆفەی کرد، خەمی من بۆ مەرگی ئەو، تاڵتر و پڕناسۆرتر بوو... زیاتر هەستی شانازیم تێدا ورووژا، کە لە باوەشی ئەودا گەورە بووم و دەڕۆیشتم و دەمگوت، 'ئای مرۆڤە باشەکان، دونیا لەسەر پشتی ئێوە وەستاوە'.

Scanned with CamScanner

# ٢٤

## سورەییا

ئیتر من و باوکم ماینەوە، چیی تر باوکم پیاوە بەخۆ و بالاجوانەکە نەبوو، بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دادەکەوت و تەمەن زیاتر زەفەری پێ دەبرد، ڕۆژێک لۆچێک لە ناوچەوانی پەیدا دەبوو، ڕۆژێک دەمارێکی لاملی دەر دەکەوت، ڕۆژێک مووی سەر پەنجەکانی دەستی سپی دەبوو، ڕۆژێک کە ڕیشی دەتاشی (وردەوردە کەمتر دەیتاشی، هەندێک جار هەفتەی جارێک) لیرەولەوێ پەڵەی نەتاشراو لەسەر چەناگە و ژێرچەناگەی جێ دەما، دەتگوت پەڵەگەنمی سالانی بێبارانییە، ڕۆژێک قۆپچەکانی کراسەکەی بەپێچەوانەوە دادەخست، ڕۆژێکی تر کە دەستی بە نوێژکردن دەکرد، چەند جارێک نیەتەکەی بەهەڵە دەهێنا (نیەتمە چوار ڕکات، ئووهۆ شەیتان بەنەعلەت بێت، سێ ڕکات خوایە تۆبە دوو ڕکات) زۆر دڵم بە باوکم دەسووتا، لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئای پیرەباب، دەردمان زۆر گرانە.

منیش تاڵی سپی لە قژمدا پەیدا بوو. هەرچەندە تەمەنی من هێی ئەوە نەبوو قژم سپی ببێت، بەڵام دەمزانی ئازارەکەم بایی سپیکردنی قژی خێڵێکی گەورە دەبێت.

# ٢٥

# چایچییەکە

ئەو بەیانییە هاتم، بۆ ئەوەی ژوورەکانیان بۆ پاک بکەمەوە و چاییان بۆ ئامادە بکەم، کۆمەڵێک منداڵم بینین، کە لە هۆڵە گەورەکەی تەنیشت گۆڕەپانی یاریی باڵەکەوە بوون. من بەو پێیەی هیچ بڕوانامە و دەرفەتێکی تری کارم نەبوو، ساڵانێک بوو لەو شوێنە گیرسابوومەوە، بەیانییان ژوورەکان و گۆڕەپانەکە و ئاودەستەکانم پاک دەکردەوە و بە درێژاییی ڕۆژیش، چایم بۆ خۆیان و میوانەکانیان ئامادە دەکرد.

بوونی خەڵکی گیراو و بەندکراو لەو هۆڵەدا، شتێکی تازە نەبوو، بەڵام بینینی ئەو هەموو منداڵە، کە کزەی نەرمی ئەو سپێدەیە خستبوونیە پاڵ یەکتر، زۆر سەری سووڕ ماندم. دیار بوو هاتوچۆیەکی نائاسایی لەو بنکەیەدا هەبوو، جارجار گوێم لێ دەبوو دەیانگوت، هەموو خیانەتکارانی نیشتمان دەستگیر کران.

لە دڵی خۆمدا گوتم، 'خیانەتکارانی نیشتمان؟ جا ئەو کورپژگانە چییان لەدەست دێت؟ ئەوانە حکومەت دەڕووخێنن؟'
بە سیمای تۆقیو و خەمناکەوە، لە پەنجەرە گەورەکانی هۆڵەکەوە سەیری گۆڕەپانەکەیان دەکرد.

لەو بەیانییە زووەدا هیچیان دەرفەتی ئەوەیان پێ نەدرابوو خۆیان پۆشتە بکەنەوە، بۆیە بەدەگمەن تێیاندا بوو جلی تەواوی لەبەردا بێت. هەندێکیان پانتۆڵێک و فانیلەیەکی عەللاگەیان لەبەردا بوو، هەندێکیان شەرواڵێک و کراسێک، هەندێکیان تراکسوتێک و تیشێرتێک، هەندێکیان قات و بیجامە، هەندێکیان نەعلیان لەپێدا بوو، هەندێکیان پێخواس و هەندێکی تریان پێڵاوی تاکەوتاک. بە شێوەیەک بەخێرایی و کتوپڕ بەسەریاندا دابوون و هێنابوویانن، وەک ئەوەی ئەگەر بەپەلە نەیانگرن، هەر لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا حکومەت دەڕووخێنن، من لەبەر خۆمەوە گوتم، 'ئینجا ئەو منداڵانە چلوورەیان بۆ نافرۆشرێت، چۆن دەتوانن حکومەت بڕووخێنن'.

ئەوانە لەوە منداڵتر بوون لەو زەمانە تێبگەن، هەندێکیان هێشتا چاوەڕێی ئەوە بوون ئیزنیان بدەنەوە و بڕۆنەوە ماڵەوە، باقیی خەوەکەیان تەواو بکەن، گوتم، 'تۆبە یا ڕەبی، ئەوانە مەساسەکەیان لێ بسەنیت دەگرین'. هەندێکیان بە نیازی ئەوە بوون، ئیزنیان بدەن و بڕۆنەوە لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانیان، فریای نانی گەرمی بەیانی بکەوون، هەندێکیان چاوەڕێ بوون پێیان بڵێن، بڕۆن لوقمەقازییەکانتان بفرۆشن، بە شاگردیی چایخانە و چێشتخانەکان ڕابگەن، ئەوان منداڵانێک بوون، کەوتبوونە سەردەمێکی هەڵەوە، هێشتا نەیاندەزانی جارێکی تر ماڵی خۆیان نابیننەوە.

# ٢٦

# سورەییا

نیوەڕۆیەکی زستان خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی عەبدولخالق مەعروف بووم، کە ماوەیەک بوو بڵاو ببووەوە، مقۆمقۆیەکی نابووەوە، کە کۆمەڵێک مەلا لە خوتبەی هەینیدا هێرشیان کردبووە سەر. یەکێک لەو مەلایانەی زۆر خۆی سەغڵەت کردبوو، مەلا عەزیزی مزگەوتی گەڕەکەکەی ئێمە بوو.

ئەو کتێبەم دەخوێندەوە و بە دەستی ڕاستم یاریم بە چەند تاڵێکی پرچم دەکرد، کە لەپڕ چاوم کەوتە سەر تاڵێکی سپی، یەکەم جار وام زانی بە هۆی ڕۆشنایی هەتاوی ئەو زستانەوەیە، کە لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژووری، بەڵام کە چوومە بەر ئاوێنەکە و لێی ورد بوومەوە، سپی ببوو. ئەو دوانیوەڕۆیەم بە سەیرکردن و گەڕان بەدوای مووی سپیی ترەوە لە قژمدا بەسەر برد... ئینر کردم بە خوو، ناوەناوە پرچەکانم دەپشکنی و جار لەدوای جار زیاتر تاڵی سپیم دەدۆزییەوە و دەمژماردن، ئەو ساڵەی عێراق

کوێتی داگیر کرد، ئیتر ژمارەی تاڵە سپییەکان هێندە لە قژمدا زۆر ببوون، کە چیی تر فریای ژماردنیان نەدەکەوتم.

لەو کاتەدا چاوم کەوتە سەر کۆمەدییەکە و وێنەکەی مەیموونم بینی، کە لە چوارچێوەیەکی ڕەنگ برۆنزیی جوانم گرتبوو، وەک ئەوە وا بوو مەیموون سەیری من بکات. لە سەر لێوەکانی جووڵەیەک هەبوو، بۆم لێک نەدەدرایەوە دەیەوێت پێبکەنیت یان بگریەت. ئەو کاتانەم بیر کەوتەوە، کە هەندێک جار مەیموون، پێش ئەوەی بەتەواوی بە شتێک پێبکەنێت، وەک سەرەتایەک زەردەخەنەیەکی پانی دەکرد و ئینجا دەتەقییەوە، یان هەندێک جار کە دەگریا، پێش ئەوەی تەواو بگری، دەمی بەداخراوی پان دەبووەوە و ئینجا لە هاڕژنی گریانی دەدا. وێنەکە بە شێوەیەک دەر چووبوو، نەمدەزانی بە چیی بچووێنم، بۆم لێک نەدەدرایەوە ویستوویەتی بگریەت یان پێبکەنێت.

# ٢٧

# مارگرێت

نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێ بکەم... زۆر جار لۆرا بۆی باس کردبووم، کە بە هەموو شتێکی کریستینادا دیارە، شتێکی گرینگی لێ شاردراوەتەوە. ئەو دەیزانی من و لۆرا چەند لە یەکترەوە نزیکین، تەنانەت جارێکیان بەڕووتی ئێمەی لەناو جێگەدا بەیەکەوە بینی و وا خۆی دەر خست نەیبینیوین، بەڵام من دڵنیا بووم ئێمەی بینی و کەموزۆر خۆمان لەو بابەتە نەدایەوە. لۆرا هەمیشە دەیگوت، دەبێت دوای مردنی من، هەموو شتێکی بۆ باس بکەیت، من لێی پاڕامەوە ئەو بارە گرانە نەخاتە سەر شانی من، بەڵام ئەو دەیگوت بەرگەی درکاندنی ئەو ڕازە ناگرێت، بەرگەی ئەوە ناگرێت. کریستینا ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ترسناکە بکاتەوە، بەرگەی نیگا بڕندەکانی ناگرێت. خۆ ئێمە هەردووکمان دەمانزانی ئەو کاردانەوەی توندی نابێت، چونکە کچێکی سەنگین و سەلار بوو، بەڵام لە دۆخی زۆر خراپدا، بە بزەیەکی

میهرەبانانە پەلاماری دەدایت، بە خۆشخولقییەکەی دەیکوشتیت. هەندێک جار لۆرا دەیگوت، 'هەرکاتێک دڵی کریستینام ئازار دابێت، ئەو بە زەردەخەنە شاڵاوی بۆ هێناوم، بە بزە پەلاماری داوم، حەزم کردووە لێم تووڕە ببێت، جنێوم پێ بدات، قژم رابکێشێت، دەرگاکە بەتوندی بە ڕوومدا دابخات، هاوار بکات بەسەرمدا، چەند ڕۆژێک ڕووی خۆی گرژ بکات، قسەم لەگەڵدا نەکات، بەڵام نا، ئەو بەدخوڵقی لە مەزەبیدا نەبوو، قوڕێک بوو، خوداوەند بە ئاوی بەهەشت شێلابووی، بە نیگا هێمن و گەرمەکانی، بە بزە جێگیرەکەی لاتەنیشتی لێوەکانی، کە دەتگوت پەیکەرسازە ئیتالییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس نەخشاندوویانە، بەرەنگارم دەبێتەوە، بە ئارامییە یەکرێتم و لەسەرخۆکەی داخم دەکات'.

# ٢٨

## کریستینا

کاتێک ئەو هات، من لە وێستگەی شەمەندەفەر چاوەڕێم دەکرد، بە هۆی گرفتی یەکێک لە هێڵەکانی ئاسنەوە، ئەو شەمەندەفەرەی ئەوی هەڵگرتبوو، کاتژمێرێک دوا کەوت. من لە قاوەخانەی کۆستا کۆفی دانیشتبووم، مۆکایەکەم دەخواردەوە و سەرقاڵی خوێندنەوەی بابەتێک بووم لە ڕۆژنامەکە، کە دەربارەی دزییەکی ڕێکخراو بوو لەلایەن کۆمەڵێک مێردمنداڵەوە. ئەوان چوار کەس بوون، هەڵیان کوتابووە سەر مینی مارکێتێک بە ناوی *سەری ئەسپ*، کە نازانم بۆچی ئەو ناوەی هەبوو. توانیبوویان کۆمەڵێک جگەرە و ویسکی و شەرابی سپی (چونکە شەرابی سووریان نەمابوو) و نەختێک پارەیان بردبوو. دیار بوو کامێرای چاودێری مینی مارکێتەکە، سەرجەم ڕووداوەکەی تۆمار کردبوو، بەڵام نەدەتوانرا مێرمنداڵەکان بناسرێنەوە، ئەوەیش بە هۆی ئەوەی

کڵاوی خووریی لە شێوەی دەمامکیان کردبووە سەریان، کە بە جۆرێک بوون، دەموچاویانی دادەپۆشی و پێیان دەگوت بەلەکلاڤە، بۆیە پۆلیس نەیدەتوانی بیانناسێتەوە، دیارە نەناسینەوەیان بۆ پۆلیس بێسەرئێشەتریش بوو. لە ڕاپۆرتە شیکارییە هەواڵییەکەدا، ڕای چەند دەروونناس و تاوانناس و کۆمەڵناسێکیانن وەر گرتبوو، کە کۆمەڵێک بیرۆکە و ئایدیای شیکارییان خستبووە ڕوو، من دەمێک بوو نوکتەم لەسەر دەکردن، 'دایک و باوکی نەوجەوانەکان لە یەکتر جیا بوونەتەوە، مێردمنداڵەکان سەر بە کەمایەتیی ڕەنگتاریکەکانن، پێدەچێت موسوڵمان بن، ڕەنگە سەر بە چینی هەژاران بن، باوکیان هەشت مانگە بێکارە' و چەندان بۆچوونی تر، کە زۆربەی جارەکان ئەو لێکدانەوانە ڕاست دەر نەدەچوون، کەچی دوای هەموو ڕووداوێک، دیسان دەگوترانەوە.

من جارجار سەیری کاتژمێرەکەم دەکرد و ئەو سەیرکردنی کاتژمێرە، پیاوێکی هیندی، کە مێزەرێکی پرتەقاڵیی گەورەی لەسەردا بوو، لەتەنیشتم وا لێ کرد، پرسیاری کاتم لێ بکات، هەرچەندە بە جووڵەی سمێڵەکانیدا زانیم هیچ پێویستی بەوە نییە بزانێت کاتژمێر چەندە.

لەبەرامبەرم ژن و پیاوێک، کە بە شێوەی جلوبەرگ و سیمایاندا دیار بوو موسوڵمانن، دانیشتبوون، پیاوەکە ژمێرەیەکی ئەلیکترۆنیی پێ بوو، سەرقاڵی کۆکردنەوە و لێدەرکردنی کۆمەڵێک ژمارە بوو (ڕەنگە بڕی ئەو باجەی حیساب کردبێت، کە لە ساڵێکدا دەیداتە حکومەت) و ژنەکەیش شەربەتی پرتەقاڵی بە قەسەب دەخواردەوە، کە بەئاشکرا دیار بوو، بە هۆی نیقابەکەوە شەربەتخواردنەوەیش ئەوەندە کارێکی ئاسان نەبوو.

مارگرێت دەر کەوت... پانتۆڵێکی خەنەیی و چاکەتێکی بێجیی مارکەی مارکس ئەند سپنسەری پۆشیبوو، پێڵاوێکی مارکەی

کلارکسی لەپێدا بوو، کە من پێم دەگوتن پێڵاوی پیرەژنان و لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو بەو جلانەوە، دوو شتم بیر کەوتەوە: ساڵانێک بوو لەناو هاورێکانمدا بەوە ناسرابووم، کە نوکتە لەسەر کەسایەتییە ناسراوەکان و خەڵکی تریش دەکەم. من بە سەیرکردنی باڵا و شێوازی دەموچاویان جۆرە پیشەیەکم بۆ دیاری دەکردن. مارگرێت تاتچەر دەبووایە مامۆستای قوتابخانەیەکی کاسۆلیکیی کچان بێت، لە سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریای سەدەی نۆزدە، جۆن مێجەر دەبێت شۆفێری پاسی نێوان لیڤەرپوول و لەندەن بێت، رۆناڵد ریگان قەشەیەکی پرۆتستانت بێت، سەدام حوسەین دەبێت سەرۆکی تیپی کریکێتی هەڵبژاردەی پاکستان بێت، پیتولا کلارکی گۆرانیبێژ، دەبوایە سستەر بێت. لەو کاتە دا ئەوەم بە خەیاڵدا هات، کە مارگرێتی هاورێی دایکم دەبووایە خاوەنی یانەیەکی بچووکی قومارکردن بێت، لەو یانانەی ژنان و پیاوانی خانەنشین خووی پێوە دەگرن و دەچن گرەو لە سەر یاریی ئەسپسواری و پێشبڕکێی تانجی دەکەن.

هەروەها من سەرنجێکی زۆرم لە جلوبەرگی خەڵکی دەدا، ستایلەکانیان، مۆدێلەکانیان، ڕەنگەکانیان و قەبارەکانیان. بیرم لەوە دەکردەوە، جلوبەرگ دەکرێت چۆن مرۆڤ بگۆڕێت؟ چۆن دەکرێت بە جلوبەرگ کەسێکی پیر وا لێ بکەیت گەنج دەر بکەوێت؟ کەسێکی گەنج وا لێ بکەیت چەندین ساڵ گەورەتر لە تەمەنی خۆی دەر بکەوێت؟ کەسێکی قەشمەر وا لێ بکەیت زۆر جیددی دەر بکەوێت، کەسێکی جیددی وا لێ بکەیت ببێتە گاڵتەجاڕ، بۆ نموونە، بێننە بەرچاوتان، شای سعودیە پێڵاوێکی ئەدیداسی زەرد و کاوبۆیەکی شینی کاڵی زۆر تەسکی لەبەردایە، لەگەڵ قەمسەڵەیەکی چەرمی ڕەش، بچووکتر لە حەجمی لەشی

خۆی و زنجیرێکی ئاڵتوونی لەملدا بێت، چۆنە؟ نایابە، ها؟ یاخود شاژنە ئەلیزابێس جلوبەرگی ژنانەی هیندیی پۆشیبێت و لەناو پەرستگەیەکی گودوارادا خەریک بێت شۆربای نیسک بۆ میوانەکان تێبکات، چۆنە، ها؟ زۆر جار مارگرێت و دایکمم بە جلوبەرگ و ستایلی جۆراوجۆرەوە هێنابووە بەر زەینی خۆم و تێر پێیان پێکەنیبووم. بیرکردنەوە لە جلی کەسانی پیر، زۆر جار هاتبوو بە خەیاڵمدا و لە بازارەکاندا جلێکم دەبینی و دەمگوت، ئەوە بۆ فلان کەس باشە، ئەمەیان بۆ فیسار کەس زۆر شازە و پێکەنیبووم. مارگرێت یەکێک بوو لەو کەسانەی ئەگەر بەلای ئارایشتگەیەکدا ڕۆیشتبایت، کۆمەڵێکی هاوشێوەی ئەوت دەبینین، کە شتێکی لە شێوەی سەتڵیان کرابووە سەر. بەگەنجی ژنێکی جوان بووە، کە هێشتا جوانییەکەی کەمێک هەر پێوە دیارە، بەڵام گنجەکانی لامل و ژێرچاو و نەرمایی قۆڵی و سمتە پوکاوەکانی، کە لەدواوە پانتۆڵەکەی دەڵب دەر دەخست و مەمکەکان، کە ئیتر هیچ ستیانێک نەیدەتوانی ڕێ لە شۆڕبوونەوەیان بگرێت بۆ سەر ناوکی، ئاشکرا بوون کە پیری گەستوویەتی.

ئەو دوو ڕۆژ پێشتر بەتەلەفۆن ئاگاداری کردبووم، کە دەیەوێت سەردانم بکات و مەسەلەیەکی گرینگم لەگەڵدا باس بکات. شتێکی چاوەڕێکراو بوو مەرگی دایکم ئەوی زۆر بێتاقەت کردبێت، هەر ئەوەیش بوو لە ڕۆژی ناشتنەکەشدا، بە شێوەی ڕەفتارکردن و خەمی زۆری وا دەر دەکەوت ئەو نزیکترین کەسی دایکم بێت، نەک من. دەمزانی ئیتر نەمانی دایکم لە ژیانیدا، وای لێ دەکات ئەو کاتە بەتاڵانەی خۆی بە سەفەرکردن و سەیرکردنی یاریی ئەسپسواری و سەیرکردنی دووروودرێژی خولی یارییەکانی تێنسی ویمبڵدن بەسەر بەرێت. شێوازی

دەربڕینی ئەوەی دەیەویت بۆ بابەتێکی تایبەت سەردانم بکات، گومانی منی بۆ زۆر شت برد، ڕەنگە بەیەکەوە ملکوماڵیان کڕیبێت و بیەوێت لەسەر مەسەلەی میراتی قسە بکەین، یان دانان بە پەیوەندیی نهێنیی نێوانیان، بەڵام ئەوانە هیچیان نەبوو، بەڵکوو گەیاندنی ڕاسپاردەیەکی دایکم بوو، کە نهێنییەکی گەورە بوو، بەتەواوی ژیانی منی ژێراوژوور کرد.

# ٢٩

## سورەییا

کەی لە یادەوەریم دێیتە دەر؟

ئەی بەچکەبۆقی نەرمونیانی من، ئەی باڵندەی غەمگینی ناو خەونەکانی من؟

ڕۆژەکان دێن و دەڕۆن، ساڵەکانی من تێدەپەڕن، شارەکان سیمایان دەگۆڕێت و چیی تر شوێنەکانی ناناسینەوە. منداڵان لەدایک دەبن و گەورە دەبن و پیر دەبن. پیاوان و ژنان پیر دەبن و دەمرن. تۆیش لە شوێنێکی عاسیی ناو یادەوەریی مندا، هێشتا هەر منداڵێکیت و تەمەنی سیانزە ساڵانت تێنەپەڕاندووە و قەت تێی ناپەڕێنیت. نە گەورە دەبیت، نە پیر دەبیت، نە دەمریت.

پیاوان جارجار بەڕێکەوت بیریان دەکەوێتەوە، کە من جاران برایەکم هەبوو پێمان دەگوت مەیموون. مامۆستاکان هەم لەبەر پیری و هەم لەبەر تەپوتۆزی ڕووداوەکانی دواتر و ئەو قورساییەی تەمەن لەسەر ژیانیان دروستی دەکات، بەزەحمەت

بیریان دەکەوێتەوە کە ڕۆژێک قوتابییەکیان هەبووە و لەپڕ دیار نەماوە، بەڵام تۆ وەک درندەیەکی بچکۆلە ژیانی من دەخوێت، دەنگی ئەو باڵندانەی لاسابیت دەکردنەوە، وەکوو مار بەدواما دەخشێن. مەیموون، ئەی درندەی بچکۆلەی ناو خەونەکانی من!

مەیموون، ئەی بەندییەوانی یادەوەرییەکانی من!

# ٣٠

## مارگرێت

سێ شەو لەلای مامەوە... شەوی یەکەم زوو خەوتم، چونکە ڕۆژی پێشتر شەکەتی ڕێگە و چاوەڕێکردنی شەمەندەفەر بووم، ئەویش بە هەمان شێوە، هەندێک کاری ڕۆتینیی خۆی لە بابەت پۆستکردنی چەند نامە و پۆستکارتێک بۆ دۆست و ناسیاوانی و دواتر چاوەڕێکردنی من لە وێستگەی شەمەندەفەر ماندوویان کردبوو. لەوەیش واوەتر، من بە هۆی هەڵکشانی تەمەنمەوە زووتر دەخەوتم. بۆ ڕۆژی دوایی، هەوڵم دەدا ڕاهێنانی دەروونی بکەم لەسەر ئەوەی چۆن نهێنییەکەی پێ بڵێم.

'ئەلبێرت و لۆرا دوو کەسی دڵسۆزی تۆ بوون... هەموو ڕەنجێکیان کێشا بۆ ئەوەی ئاییندەیەکی ڕوون بۆ تۆ مسۆگەر بکەن - ئاییندەی ڕوون دەستەواژەیەکە، ژنان و پیاوانی تەمەنی مارگرێت حەز دەکەن زووزوو بەکاری بهێنن. کێ هەبوو ئیرەیی بە تۆ نەبات، کە کچی ئەو دایک و باوکە باشەیت؟ متمانەم

بە دڵی باشی تۆ هەیە، کە لەو بارودۆخە دژوارەی دایکت تێدەگەیت و دەیبووریت. خۆ لە ئەلبێرت زیز نابیت؟ دەترسم لۆمەی بکەیت، کە بۆچی خۆی فڕێ داوەتە ناو ئەو تەون و ڕایەڵە ئاڵۆز و بەژانانەی ئەم یارییەوە... نا، تۆ دەبێت ئەلبێرتت خۆشتر بوێت، گەورەتر بێت لەلات، باشتر قووڵایی میهرەبانیی دڵی تێبگەیت. ئەو کاتەی فابیان هاتە ژیانی دایکتەوە، هەمووی دوو ساڵ بوو شووی کردبوو بە ئەلبێرت... ژیانێکی ئاساییان هەبوو... نە دڵخۆش بوون، نە دڵتەنگ. ئاها چەند گرینگە ژیانێکی ئاساییت هەبێت، بە هۆی هەندێک گرفت، کە لە سپێرمەکانیدا هەبوو، هەر زوو دکتۆرەکان ئەلبێرتیان نائومێد کرد لەوەی توانای دروستکردنی منداڵی هەبێت. ئەوە کێشەیەک نەبوو بۆ دایکت، بەڵام کێشەی گەورەی دایکت ئەوە بوو، سۆزێکی زۆری دەویست، ئەو بە بایەخی کەم و نیوەچڵ دابین نەدەبوو، ڕۆحی بێقەراری ئەو زۆری دەویست، زۆر زۆری دەویست. ئەو بە شێوەیەک پەروەردە ببوو، هەرچییەکت بۆ کردبایە، چەندێک خۆشت ویستبا، ئەڤینی دونیات پێ دابا، هێشتا لە قووڵایی بوونیدا بۆشاییەک دەمایەوە، پێت پڕ نەدەکرایەوە، جانەوەرێک لە ڕۆحیدا هەر دەمایەوە، تا هاوار بکات و داوای زیاتر بکات. ئەلبێرت پیاوێکی باش بوو، هەموو سەروەت و سامانی خۆی خستە بەردەم دایکت. مرۆڤێکی میهرەبان بوو، خۆشەویستیی خۆی دەبەخشی و ئاوڕی نەدەدایەوە... بایەخ بەوانی تر و بەخشینی بەردەوام، تاکە سەبووریی ژیانی ئەو بوو. چاوەڕێی هیچ شتێک نەبوو، نە لە دایکت و نە لە کەسی تر. من زۆر جار دەمگوت، ئەلبێرت مانگایەکی میهرەبانە، شیر دەدات و گوێرەکە دەبەخشێت و کەوڵەکەی دەکرێتە جانتا و پێڵاو و هیچ ناڵێت.

هوتێلێکی بچکۆلە، کە میراتی خێزانەکەیان بوو، بۆی جێ مابوو و سەرپەرشتیی دەکرد... هەرچەندە بەڕێوەبەرێکی

بۆ دانابوو کە بە کارەکانی ڕادەگەیشت، بەڵام خۆیشی لە نزیکەوە چاودێریی دەکرد. ئێواران دەهاتەوە و خۆراکی ئامادە دەکرد، قاپەکانی دەشووشت، خۆراکە زیادەکانی دەخستە ناو یەخچاڵەکەوە، ئینجا لە نزیک دایکتەوە دادەنیشت و سەیری فیلمی دۆکومێنتاریی دەکرد، لەسەر شەڕی گەورەی یەکەم و دووەمی جیهانی و شەڕەکانی تر – گرینگ ئەوە بوو لەسەر شەڕ بێت، کە ئەو خولیایە لەگەڵ سروشتی نەرمی ئەودا نەدەگونجا – یاخود سەیری بەرنامەی لەسەر ژیانی ئاژەڵان دەکرد، یاخود لەسەر کورسییەکی گەورە لەو کورسییانەی خۆتی تێدا ڕادەژەنیت، پاڵی دەدایەوە – دیسانەوە لە نزیک دایکتەوە – و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە. هەمیشە لەسەر هەست بوو، دەستەونەزەر چاوەڕێی فەرمانێکی دایکت بوو، 'ئەلبیرت، زەحمەت نەبێت پەرداخێک ئاو ناهێنیت، من پشتم ئازاری هەیە' پشتی ئازاری هەبوو؟ نازانم! 'ئەلبێرت، نەختێک میوە ناهێنیت بیخۆین؟ ئەلبێرت حەبەکانم لە یەخچاڵەکەدایە، وەختی خواردنیانە، ئەلبێرت، جلەکانت خستە جلشۆرەکەوە؟ دوای لەدایکبوون و چوونت بۆ قوتابخانە، ئینجا ئەلبێرت، یارمەتیی کریستینا بدە بۆ ئەرکەکانی قوتابخانەی، ئەلبێرت، کریستینا بێنە بۆ لام، ئەلبێرت، کریستینا لا بە.'

دەرکەوتنی فابیان بەکتوپڕی لە ژیانی دایکتدا، سەرجەم ڕیتمی ئاسایی خێزانەکەی تێک دا. ئێوارەیەک لەو ئێوارانەی زستان، کە دونیا زوو تاریک دادێت، ئەلبێرت و دایکت چوون بۆ بینینی نمایشی *خەوی نیوەشەوی هاوینی* شکسپیر، کە تیپێکی نواندن لە لەندەنەوە هاتبوون پێشکەشی بکەن. لە کاتی چوونەژوورەوەیاندا، دایکت چاوی بە پیاوێکی قۆز دەکەوێت، کە سەیری دەکات... گەنجێکی بۆشناخی باڵابەرز، بە قاتێکی خۆڵەمێشی و کراسێکی ڕەشەوە، کە زۆر لێی دێت، بە قوڵی و سۆز و ئارەزوویەکی ڕامنەکراوەوە سەیری دایکت دەکات، کە

لەو کاتەدا ڕێبەری شانۆگەرییەکە دەخوێنێتەوە... دواتر لە کاتی نمایشەکەدا دێتە نزیکییانەوە دادەنیشێت و بەدرێژایی نمایشەکە، ئەوەندەی سەیری دایکت دەکات، نیوهێندە سەیری نمایشەکە ناکات و دایکیشت تەنانەت بوونی ئەلبێرت لەتەنیشتی و پۆشینی عەزییەکی زستانە و پاڵتۆیەکی خووری لەو پاڵتۆیانەی مارلین مۆنرۆ لە وێنەکانیدا پۆشیویەتی، ڕێگەی لێ ناگرێت سەیری نەکات - بەڵام دایکت زیاتر سەیری شانۆگەرییەکە دەکات وەک لە فابیان. چوونی دایکت بۆ ئەوەی پاڵتۆکەی بسپێرێت بە دەستەیەک، کە لە ژوورێکدا چاودێریی پاڵتۆ و چاکەتی دانراوی ئامادەبووەکانیان دەکرد، پاڵی بە فابیانەوە نا دوای بکەوێت و بکەوێتە قسە لەگەڵ دایکت، 'ئەم تیپە تایبەتن بە پێشکەشکردنی کارەکانی شکسپیر، پار لە ئەدنبەرە شانۆگەریی *ماکبێسیان* زۆر بەجوانی نمایش کرد' لەناو قسەکانیدا فابیان ئاماژەی بەوە دابوو، کە ئەو هەرسێ ڕۆژەکە لەوێ ئامادە دەبێت.

دایکت ڕۆژی دووەمی نمایشەکە بەتەنیا ڕۆیشتەوە بۆ بینینی شانۆگەریی *خەونی شەوی ناوەڕاستی هاوینی* شکسپیر.

# ٣١

# کریستینا

من و مارگریت چووینە ژووره بچکۆلەکەی هەورەبانەکە، کە پەنجەرەکەی لە ساپیتەی خانووەکەدا بوو... نزم و لار بوو... تەنیا لە خانووە ئینگلیزییەکاندا ئەم پەنجەرانە دەبینرێن، ئاسمان لێیەوە بەلاکێشەیی دیار بوو... خۆیشم نازانم بۆچی، بەڵام بە درێژاییی ئەو ساڵانەی لەو خانووەدا دەژیام، چەند جارێکی زۆر کەم نەبووبێت، ئەویش بۆ ساتی زۆر کورت، نەچوومەتە ئەو ژوورەوە. مارگریت کلیلێکی بچووکی پێ بوو، کە دایکم بەر لە مردنی پێی دابوو بۆ کردنەوەی قوفڵی سندوقێکی تایبەت، کە لە داری ماهاگۆنی دروست کرابوو. کە دەرگای ژوورەکەمان کردەوە، بۆنی کتێب و بۆنی فەرامۆشی شاڵاوی بۆ هێناین... تەونی جاڵجاڵۆکە بە مێشی یەخسیرکراوەوە، بنمیچ و بەشی سەرەوەی ژوورەکەی گرتبووەوە. کتێبی چیرۆکە سەرکێشییەکانی شارلۆک هۆڵمز بەو ناوەدا پەخش

و پەرێشان بوون... بەتەنیشت دەرگاکەوە و لە دەستی چەپدا، ڕیزێک لە چاپە کۆنەکانی کتێبی چیرۆکە پۆلیسییەکانی ئاجاسا کریستی هەڵچنرابوو. زەمیلەیەکی سەرئاوەڵا، پڕ بوو لە شریتی گۆرانییەکانی ماریانا فەیسفوڵ و پیتۆلا کلارک. کۆمەڵێک دەمامکی تەختە، کە ماوەیەک دایکم خووی بە کۆکردنەوەیانەوە گرتبوو، هەم خۆی لە سەفەرەکانی و هەم ئەلبێرت بۆی دەهێنا، هەر لە دەمامکی هیندییە سوورەکانەوە تاکوو دەمامکەکانی ناوچە بەستەڵەکەکانی باکووری سکاندناڤیا، لە دەمامکی خێڵەکانی گاناوە بۆ دەمامکی سودرا هیندییەکان. هەموو ئەو دەمامکانە لەو ژوورەدا بوون و لە سیمایاندا سەرسوورمان و نیگەرانی دەبینران، وەک ئەوەی بینینی دوو بنیادەم لەو ژوورەدا هێندە سەیر بێت. ئەلبوومێکی وێنەی ڕەشوسپیی باوکی مۆسیقای سوننەتیی هیندیی ڕاڤی شانکار، کە من زۆر حەزم لە کارەکانی خۆی نا، بەڵکوو لە گۆرانییەکانی ماریا جۆنزی کچی - لە ژنە ئەمەریکییەکەی - بوو، چەند قووتوویەکی خۆراکی پشیلە لە براندی کالکان، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ویسکاس، کە دەمێک بوو بەسەر چووبوون. دوو ستیانی لێ بوو، کە تەل و ئیسفەنجەکانی ناوی هاتبوونە دەرەوە و ئێستا و ئەوسایش تێنەگەیشتم ئەو ستیانانە لەو ژوورەدا، چییان دەکرد، دیارە لە خۆراکی پشیلەکەیش تێنەگەیشتم.

ئەو ژوورە هیی دایکم بوو، بەتەواوی هیی ئەو بوو بە کتێبەکانیەوە، بە خۆراکی پشیلە و ستیان و شریتی کۆن و دەمامکی تەختە و تەونی جاڵجاڵۆکە و مێشە یەخسیرەکانیەوە. هیی دایکم، ئەو کاتانەیش خۆی لە ماڵ نەبووایە، ئەلبێرت پێی تێ نەدەخست، هیی دایکم بوو ئەو کاتانەی شەپۆلی خەمۆکییە وەخت و ناوەختەکانی سەریان لێی دەدا و لەو کاتانەدا خۆی لەوێدا بەند دەکرد و بۆ تەوالێت، یان بۆ خواردنی لەفەیەک

بەخێرایی لە موبەقەکە نەبووایە، نەدەهاتە دەرێ. ئێستایش کە دایکم نەماوە، هەر هیی دایکمە بە یادەوەرییە تۆزگرتووەکانیەوە، بەو پەڵە وردانەوە، کە فرمێسکەکانی لەسەر کتێبەکان جێی هێشتوون، بەو مۆتەکانەوە، کە سواری سینگی دەبوون، بەو خەونە ناکامانەوە، کە تا لە خۆی دووری دەخستنەوە، ئەوان وەحشییانەتر هێرشیان بۆ دەبرد.

مارگرێت بە خولقوخووی تایبەت بە پیرەژنان لە سووڕاندنی کلیل و کردنەوەی قفڵەکان، قوفڵی سندوقەکەی کردەوە و سەرەکەی هەڵدایەوە و گوتی، 'ئەوەتا دایکت'.




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ  کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22

# ٣٢

# سورەییا

هەستم نەکرد لێم زیز بێت، نا، ئەو لە من زیز نەبوو، بەڵکوو لە هەموو ئەو ڕووداوانە دڵگران بوو، کە منی خستە بارودۆخێکی واهییەوە. ئەو کوڕێکی قووڵ و ئاغر بوو، دەیزانی هەست و سۆزی مرۆڤ پینە ناکرێت، ئەو لەو کوڕە قوونپووتانە نەبوو، کە کچێک وازیان لێ دەهێنێت، دەست دەکەن بە نزا و پاڕانەوە، تا جێگەیەک دەڕۆن، کە هەر بەڕاستی خۆیان سووک و زەلیل دەکەن، بەڵام پاڕانەوە و گریان چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، لە کاتێکدا کەسێک مکووڕ بێت جێت بهێڵێت؟ نەخێر، زۆر شت دەگۆڕێت، زۆر جار ڕسوایی بەدواوەیە، زۆر جاری تریش لەجیاتیی ئەوەی بەجێهێڵەرەکە پەشیمان بکاتەوە، زیاتر دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، بڕیاری جێهێشتنەکە زۆر ڕاست بووە. پێم گوت، 'ئیتر من دڵم بە دونیا و بە پەیوەندی خۆش نییە، نامەوێت وابەستەی کەس ببم، نامەوێت کەس وابەستەم

بێت.'

که قسەکانم تەواو کرد، بەسەنگینی هەستایە سەر پێ، پاکەت و شقارتەکەی خستە گیرفانیەوە و بەدەم گوتنی 'تێگەیشتم، وایە تێگەییشتم'ەوە ماڵئاواییی لێ کردم. کە بەناو ژوورەکەدا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، هێندە قورس و هێواش هەنگاوی دەنا، وەک ئەوەی بارێکی گرانی هەڵگرتبێت، ڕۆیشتنەکەی لەدواوە هەیبەتێکی پێ دەدا، وەک ئەوە وا بوو هەوای ژوورەکە شەق بکات و بەناویدا بڕوات. دەتگوت مووسایە و نیل لە بەردەم هەنگاوەکانیدا شەق دەبێت، بەڵام مووسایەک نا کە خوا دەرووی لێ کردبێتەوە، بەڵکوو مووسایەک، کە خوا هەموو دەرگاکانی لێ داخستبێت.

# ٣٣

# کریستینا

من لەوپەڕی دونیاوە هاتبووم سەردانی ئەردەلانی بکەم لە زینداندا، ئەو کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی، ماوەیەک بوو هاتبووە سەریەوە. چۆن دەمتوانی ڕێی لێ بگرم؟ پیاوێک جگە لە نەرمونیانی، هیچی ترم لێ نەبینیبوو، چۆن بزانم کەسێک دەکوژێت؟

بەدەست خۆم نەبوو، چاوانم پڕ بوو لە ئاو، بەڵام دروست نەم دەزانی بۆ دەگریم، بە یەخەی پاڵتۆکەم چاوانم دەسڕین و جارێکی تریش ڕۆندکەکانم دەهاتنەوە خوار و ئیتر بە هۆی تەڕیی چاوەکانمەوە، بەلێڵیی پۆلەڕیشۆڵەیەکم دەبینی، کە لە ئاسمانی فڕگەکە دوور و دوور و دوورتر دەکەوتنەوە.

Ava

# ٣٤

# مارگرێت

ڕۆژی دووەم گەڕایەوە بۆ شانۆکە، وەک ئەوەی هەردووکیان پێشتر خۆیان بۆ ئەو ساتەوەختە ئامادە کردبێت، ڕۆیشتن لەتەنیشت یەکتر دانیشتن و کەوتنە قسە، لەبەر نزیکبوونەوە لە یەکتر و بەرکەوتنی شان و ڕانیان بە یەکتر، ئاگایان لە شانۆگەرییەکە نەمابوو، هەموو هەستیان لای بچووکترین جووڵەی دەست و خۆڕێککردنەوە و قاچلەسەرقاچدانانی یەکتر بوو، ئیتر لەو ئێوارە بە دواوە، کەوتنە ناو پەیوەندییەکی سۆزداریی گەرم و پڕ هەڵچوون و داچوونی شێتانە. دایکت وەک چۆن ماسییەک دەکەوێتە دەریایەکی ترەوە و دەیەوێت تاکوو ئەوپەڕی سنوورەکانی بڕوات، ئاوا خۆی دابووە دەست ئەو ئەوینە شێتانەیەوە، کە نە سەری هەبوو، نە بن.

ڕۆژبەڕۆژ لە ئەلبێرت دوورتر دەکەوتەوە و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەک دەڕۆیشتە دەرەوە، یان درەنگ دەگەڕایەوە. دایکت

ئەو ڕۆژانە لە لووتکەی ئەو بێهۆشییەدا بوو، کە لەگەڵ عەشقدا دووانەن و مرۆڤ ئاگای لە دەوروبەری خۆی نامێنێت و وەک ئەوە وایە بەسەر هەوادا بڕوات.

Scanned with CamScanner

# ٣٥

ئەلبێرت پیاوێک نەبوو نیشانەکانی عاشقبوون لە ژنەکەیدا نەناسێتەوە، لە کاتێکدا نیشانەکانی عەشق زۆر لە نیشانەکانی تاعوون ئاشکراترن، ئەوەی نیشانەکانی عاشقبوون نەناسێتەوە، سوریژەیشی لێ بێت، هەستی پێ ناکات. بەڵام ئەلبێرت بە سەبری بێئامانی خۆی، دەیەویست لۆرا ماندوو بکات، ئەو بە لووتی ڕاوچییانەی خۆی بۆنی ئەوەی کردبوو، پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژنەکەیدا، لە پاییزی تەمەنیدایە، بۆیە هەوڵی دەدا بە ئارام و توانای بێسنووری خۆی لە تێگەیشتن، هیچ بیانوویەک بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکە نەدات بەدەستەوە، ئەو تەواو گەیشتبوە جێگەیەک، کە دەیزانی ژنەکەی جێی دەهێڵێت، جێیشی نەهێڵێت، ئیتر ئەو پەیوەندییە تەواو بووە، بەڵام نەیدەویست باری گرانی سەبەبکاری ئەو تەواوبوونە هەڵبگرێت.

# ٣٦

## مارگرێت

وەک تارمایی بەماڵەکەدا دەهات و دەچوو، بزەیەکی ڕاڤەنەکراو لەسەر لێوی بوو، بە سەعات لە پەنجەرەوە سەیری حەوشەکەی دەکرد، کتێبێکی دەکردەوە و بە سەعات سەیری لاپەڕەیەکی دەکرد و بەبێ ئەوەی بتوانێت بیری جەم بکات. ئەلبێرت خۆراکی بۆ ئامادە دەکرد و لەسەر مێزی موبەقەکە دای دەنا، ئینجا بانگی لۆرای دەکرد، لۆرایش یان بە بیانوویەک خۆی دەدزییەوە، یان دەهات و تا کۆتاییی ژەمەکە، یاریی بە کەوچک و چەتاڵەکان دەکرد و کەمترین خۆراکی دەخوارد، یاخود هەندێک ژەم لە نائارامیی خۆیدا بە شێوەیەکی هیستیری و شێتانە دەیخوارد و بە ڕادەیەک، ئەوەندە تێر دەبوو، کە لەسەر قەنەفەکە گلێر دەبووەوە و خەوی لێ دەکەوت.

# ٣٧

# ئەردەڵانی

لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان و چەند ساڵێک دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداری، باوکم بڕیار دەدات گوندەکەی جێ بهێڵێت و بێتە شار. من دوای لەدایکبوونی سێ کچ هاتبوومە دونیا. هەموو کوڕانی هاوڕێی خۆم، کە منیان دەبینی منداڵێکی بەناز بووم و تاقانەی نێوان سێ خوشک بووم، ئیرەییان پێ دەبردم. کوڕانی گەنج لە کۆڵان نازیان دەدامێ، بۆ ئەوەی سەرنجی خوشکەکانم ڕابکێشن. لە خەیاڵی کەسدا نەبوو ژیانی من بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات کە ڕۆیشت.

ئێستا کە لە زینداندام، نە دایکم ماوە نە باوک، خوشکەکانم هەریەکەیان کەوتنە شوێنێکی ئەم دونیایەوە. خوشکە گەورەکەم هەموو ژیانی خۆی بەخشی بە خوێندنی ئەکادیمی و عەدەمیەتی زانکۆ بێکەڵکەکانی وڵات و هەموو کات و تەمەنی خۆی لەوەدا سەرف کرد، کە وشەی ژوور بە یەک واو دەنووسرێت، یان بە

دوو واو، ئینجا خۆ بە پێنج واویش بنووسرێت، هەر لە زۆور زیاتر نییە، فلان وشە کوردیی پەتییە، یان پەتی نییە، تا وای لێ هات، بوو بە یەکێک لەو پرۆفیسۆرانەی زانکۆ، کە دەبنە مایەی گاڵتەی قوتابییە قۆشمەکانیان. خوشکێکی ترم لە ئەمەریکایە، بە هۆی ئەو هەستە ترسناکەی بە پەراوێزنشینی، کە ژیان لە وڵاتێکی غەریبدا پێی بەخشی، بە شێوەیەکی ڕووکەش و بێتام گەڕایەوە بۆ ئایین، بە ڕادەیەک، کە قووڵایی تێگەیشتنی لە ئایین، لەوە تێنەدەپەڕی لە فەیسبووک وێنەی گوێرەکەیەکی تازەلەدایکبوو لە ئۆکلاهۆما پۆست بکات، کە لەسەر لاکەلەکەی چەپی نەخشێکی سپی هەیە، نزیکە لە نووسینی وشەی ئەڵڵا، یان وێنەی شووتییەک، کە بە دەست دوو وەرزێری پاکستانییەوەیە و لێی نووسراوە یا ڕەزاق. خوشکەکەی تریشم، گەنجترینیان، بەسەر منداڵبوونەوە مرد. شەوێک کە دەکەوێتە سەر ژان، مێردەکەی دەیفڕێنێت بۆ نەخۆشخانە، لەو تێکەوڵێکە و شپرزەییەدا، لە دەروازەی هۆڵی فریاکەوتن شانی بەر وێنەیەکی گەورەی سەرۆک دەکەوێت، کە لەوێ هەڵواسراوە و وێنەکە دەکەوێتە خوارەوە و شووشەی وێنەکە و چوارچێوەکەی هەپروونبەهەپروون دەبن. دکتۆر و کارمەندانی ئەوێ لەجیاتیی ڕاگەیشتن بە ژنە دووگیانەکەی، دەکەونە دەمەدەمێ و دەنگەدەنگێکی زۆرەوە لەگەڵ مێردەکەیدا. دواجار هێزێکی ئەمنی دێتە ئەوێ و دەمەقاڵێکە بە بەپاڵکردنەدەرەوەی پیاوەکە لە نەخۆشخانەکە و فەرامۆشکردنی خوشکەکەم و دواجار بە مردنی خۆی و کۆرپەکەی ناو سکی کۆتایی دێت.

# ٣٨

# سورەییا

ئیتر من ئەردەڵانیم نەبینییەوە. جاروبار لێرەولەوێ هەواڵێکیم دەبیست، کە لەناو چەکدارەکانی شاخدایە. دوای ڕاپەڕین چەکدارەکان گەڕانەوە ناو شار و لە ناوەوە هەستێک کەمەندکێشی دەکردم و دەمگوت، ڕەنگە سەردانم بکات، بەڵام دواتر زانیم دوای ئەوەی لە شەڕ و شاخ و چەکداری بێزار دەبێت، ملی ڕێگەی ئەورووپای گرتووەتە بەر... پاشتر هیچ هەواڵێکی ئەوم نەزانی، تاکوو شەوێک لەپڕ لە تەلەڤزیۆن هەواڵێکی سەیر بڵاو کرایەوە، کە جارێکی تر ئەوی هێنایەوە سەر سەحنەی ژیانی من.

Scanned with CamScanner

# ٣٩

# مارگرێت

هەموو شتێکی بە ئەلبێرت گوت... هەرچەندە ئەلبێرت هیچ زانیارییەکی پێشوەختی نەبوو لەسەر مەسەلەکە، بەڵام هەستی پیاوانەی دەمێک بوو دڵنیای کردبووەوە، کە ئەوە زوو بووایە، یان درەنگ، دەبووایە ڕووی بدایە. فابیان پشتی تێ کرد. چەندین بیانووی هێنابووەوە بۆ ئەوەی لەو چۆڵەوانییەدا جێی بهێڵێت. بەیانییەک هەستا نامەیەکی نووسی و بۆ ئەدرێسەکەی لۆرای پۆست کرد و بۆ هەتاهەتایە پشتی تێ کرد. جانتاکەی پێچایەوە و ئینگلاندی جێ هێشت.

ئەلبێرت زۆر شکا، هۆگربوونی ژنەکەی بە پیاوێکی تر وێرانی کرد، دواجاریش سکپڕبوونەکەی لە فابیان، هێندەی تر یادەوەریی پڕ کرد لە خوێن، بەڵام سروشت خوڵقوخوویەکی پێ بەخشیبوو، کە دەیتوانی تا ڕادەیەکی درندانە میهرەبان بێت. ڕۆحێکی هەبوو، ئەگەر وەک ئێستر بارت لێ نابا، نەیدەگوت

ئاھ وەک گای ئیسپانی بە نەقیزەی تیژ پشتیت کون کردبا، نەیدەگوت وەی. ئەو بریندار بوو، بەڵام دەیتوانی تا ئاستێکی میتافیزیکی، سکوونی خۆی بپارێزێت. کاتێک دڵتێکهەڵاتن و هێڵنج و ڕشانەوەی سەرلەبەیانییانی ژنەکەی دەبینی، کاتێک پەشیمانیی کوشندەی لۆرای دەبینی، دوای عەشقێکی ناکام هاتبووەوە هۆش خۆی، نەیدەتوانی لە بەردەم ئەو ڕەشەبای چارەنووسەدا جێی بهێڵێت. ئەگەر جێی هێشتبایە، ژنەکەی گلەییی لێ نەدەکرد، بگرە لۆرا ئارەزوویەکی جڵەونەکراوی تێدا بوو بۆ ئەوەی سزا بدرێت، دەیویست وەک سەگێک تەمێ بکرێت، دەیویست فەرامۆش بکرێت و لە ئاگری پەشیمانیی خۆیدا بسووتێت و ئینجا پاک ببێتەوە.

# ٤٠

ئەلبێرت زڕبراکەی خۆی خۆش دەویست. سەرباری ئەوەی لە خانەی چاودێریی پیران سەردانی دەکرد و پێی ڕادەگەیشت، لەگەڵ ئەوەیشدا چێژێکی تایبەتی لەوە وەر دەگرت، کە زڕبراکەی لەدوای نەشتەرگەریی دڵەکەیەوە، لەبریی باسکردنی سوپا و گوردانە سەربازییەکان، خووی دابووە گوێگرتن لە سیمفۆنیای نۆهەمی بیتهۆڤن و خوێندنەوەی شیعرەکانی تی ئێس ئیلیەت. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەلبێرت نەیدەتوانی ئەو هەستکردن بە تاوانە بشارێتەوە، کە وەک ترووسکاییەکی دوور جاروبار لە سەری تونێلی دڵیەوە گەش دیار بوو، هەموو مەسەلەکەیش ئەوە بوو، سەرقاڵبوونی زۆری بە لۆرا و منداڵە تازەلەدایکبووەکەیان هەستێکی هەڵەی دابوویە، کە کاتێکی زۆر کەمتری بۆ ماوەتەوە، تاکوو بەدڵی خۆی بە زڕبراکەی ڕابگات، بەڵام بەڕاست، ئەلبێرت کەمتەرخەم بوو؟ یاخود میهرەبانییەکەی لەجیاتیی ئەوەی ئارامی بداتێ، کردبووی بە ئینسانێک، هەمیشە هەستکردن بە تاوانی ئەوەی حەز دەکات زیاتر ببەخشێت، نائارامتری دەکرد!

Scanned with CamScanner

# ٤١

# سورەییا

گرتنی منداڵەکان و تیربارانکردنی تراژیدیی ئەوان، مێژووی شارەکە و مێژووی ململانێی چەکداریی هێزە نەیارەکان و حکومەتی بردە ئاستێکی ترەوە. بەتەنیشت ئەوەیشەوە، من بە مەرگی مەیموون هەموو خوێنگەرمییەکم بۆ خوێندن لەدەست دا. هەر لە بنەڕەتدا گواستنەوەی زانکۆی شارەکەیشمان بە بیانووی نائارامیی سیاسییەوە بۆ شارێکی تر خوێندنی منی زەحمەت کردبوو، بەڵام مەرگی مەیموون پاڵنەرێکی تەواو بوو تا واز لە زانکۆ بهێنم، چونکە من ئیتر هیوایەکم نەمابوو، ئامانجێکم نەبوو، تروسکاییەکم بەدی نەدەکرد، بۆیە زۆربەی کاتی خۆم تەرخان کرد بۆ ئاگاداربوون لە دایکم، کە ئیتر وردەوردە ورەی بەر دابوو و قورسایی مەرگی مەیموون تەواو و شپرزەی کردبوو، تاکوو نەخۆشیی شەکرەکەی لە پێی خست و کوشتی.

ئەردەڵانی دەیویست یارمەتیم بدات، ورەم بەرز بکاتەوە،

مەرگی مەیموون بکاتە بەهانەیەک بۆ ئەوەی هیوامان زۆرتر بێت و تووڕەتر ببم و لەگەڵیدا بڕۆمە دەرەوە بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕشگێڕانەوە، بەڵام من هیوام بەوانیش نەبوو، چونکە ڕۆژبەڕۆژ هەواڵی ناخۆشترمان لەسەر ئەوانیش دەبیست، بەوەی لەجیاتیی شەڕ دژی دیکتاتۆری، شەڕیان دژی یەکتر لەسەر دوند و گوندە قوڕاوی و دوورەدەستەکان دەکرد و وەکوو سەگی دڕ، قەپیان لە یەکتر دەگرت.

من کە زیاتر و زیاتر تێک دەشکام، ڕۆژێک لەگەڵ ئەردەڵانی لە ماڵی لەیلای هاوڕێم ژووانمان دانا. من بە هۆی ژان و ناسۆری خۆمەوە و ئەردەڵانییش بە هۆی ئەو هەموو ترس و نیگەرانییەی وەکوو تەم ئەو ساڵانەی داگرتبوو، هەستمان دەکرد بۆشاییەک کەوتووەتە نێوانمان، بۆمان پڕ ناکرێتەوە. من لەسەر دۆشەکێکی ئیسفەنج، کە بەرگێکی ئەنگۆرەی قاوەیی و گوڵی سووری تێدا بوو، دانیشتبووم. لەپشت سەرمەوە وێنەیەکی ئەندێشەکراوی ئیمامی عەلی، کە لەپشتی شێرێکەوە بوو و دەستی لە مشتووی شمشێرەکەی توند کردبوو، وەک ئەوەی بیەوێت ڕای بکێشێت، سەیری شوێنێکی دووری دەکرد و زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی بوو، هەڵواسرابوو.

زستان بوو، من تەنوورەیەکی ئەستووری ڕەشم لەبەردا بوو، لەگەڵ بلووسێکی نیلیی تۆخی ئەستووری ملدار، لەو بلووسانەی لەو سەردەمەدا ژنە مامۆستاکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان، کە بە تۆنێکی پڕ شانازی و خۆڕانانەوە پێیان دەگوتن، موعەلیمە، دەیانپۆشی. ئەردەڵانی کڵێتەیەکی ڕەساسیی لەسەر بوو و مۆدێلی ناوچەی هەولێر بوو، کۆتاییی حەفتاکان قادر زیرەک و هونەرمەندانی هەولێر لە تەلەفزیۆنەوە دەر دەکەوتن و ئەو کڵێتانەیان لەسەردا بوو. گوڵێنگەکانی کڵێتەکە بەسەر هەردوو شانە ماتەکانیەوە هاتبوونە خوارێ. ئەردەڵانی کە دادەنیشت،

شانەکانی بۆ سەرەوە بەرز دەبوونەوە، بە ڕادەیەک، ئەگەر لەپشت دیوارێکەوە دانیشتبا و بەپێی شانەکانی حوکممان دابا، وامان هەست دەکرد بەپێوەیە. ئەو ڕۆژە ئەردەڵانی غەمبار بوو، وەک ئەو پشیلانەی پێش ڕوودانی زەمینلەرزە هەست بە ڕوودانی دەکەن، ئەویش هەستی کردبوو لەو دانیشتنەدا، شتێکی ناخۆش دەبیستێت، بۆیە مەیلی ڕاکردن و بەجێهێشتنی شار، زیاتر تێیدا چەکەرەی کردبوو. پێش ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، من بە شێوەیەکی ڕاشکاو و دڕندانە غافڵگیرم کرد. وەک چۆن لە کاتی بڕینی کێکی جەژنی لەدایکبووندا چەقۆیەکی کول و بڕینێکی هێواش کێکەکە تێک دەدات، منیش بڕیارم دا توند و ڕاشکاو بم.

پێم گوت، 'من تازە بەکەڵکی هیچ نایەم، من تازە بە دەردی کەس ناخۆم، من هەموو دونیام لێ شێواوە، هەموو شتەکانم لێ تێکەڵ بووە، تازە هیچ هەتوانێک زامی من سارێژ ناکات، هیچ دەوایەک بۆ دەردی من نییە. دایک و باوکم کەسیان نییە، خەریکە دەرد و خەم لە بنیان بێنێت، خۆ دەبێت کەسێک هەبێت ئاگای لێیان بێت. ئینجا ئەوان کێیان هەیە لە من زیاتر؟'

بڕیارم دابوو توند و بێڕەحم و ڕاشکاو بم، دڵنیا بووم تازە من لەودیو ئازار و میحنەتەوەم، لێم عەیان بوو هیچ ژانێک وەک ژانی کوژرانی مەیموون نییە. بەڵێنم دابوو هەموو ژیانی خۆم بۆ ئەوە تەرخان بکەم، کە لەگەڵ دایک و باوکمدا مەرگی مەیموون بلاوێنینەوە و بلاوێنینەوە. ئەو کۆستە، ئەو ئازارە، ئەو دەردە، کە ئەگەر بکەوتایەتە سەر کێوەکان دەیڕماند، وای لێ کردبووم بێباک بم، گوێ نەدەم بەوەی ئاگری ئەو بێباکییەم پاوانی کێ دەسووتێنێت، تیری بێڕەحمیم کێ دەکات بە نێچیر، گوللەی جەفای من کێ خەڵتانی خوێن دەکات، خەنجەری من دڵی کێ پارەپارە دەکات.

'تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت بڕۆ، حەز دەکەیت ببیتە چەکداری شۆڕشگێڕ و بکەویتە ناو شەڕێکی عەبەسییەوە، بچۆ، دەتەوێت وەک سەدان گەنجی تر لە ڕێگەی تورکیا، ئێران یان پاکستانەوە بڕۆیت بۆ ئەورووپا، وا بکە. تازە من بیشمەوێت بۆ تۆ بم، بیشمەوێت ئاگام لێت بێت، ناتوانم، بۆیە لێم دوور بە، با بە ئاگری من نەسووتێیت. خەمی من درمە، تاعوونە، دەورووبەرم دەتەنێتەوە، تکات لێ دەکەم لە من ڕابکە، دوو قاچت هەیە، دووانی تریش قەرز بکە و لە من هەڵبێ.'

ئەو کاتانەی قسەم دەکرد، ئەو وەک کوچکی ئاگردانێک بێدەنگ بوو. کەڕوکوند دانیشتبوو، بە نیگا و سیمایەک، کە جگە لە بەتاڵی، هیچی تری تێدا نەدەخوێنرایەوە، سەیری دەکردم. دەیزانی من تازە خێرم بەخشراوەتەوە. ئەو قسانەی من دەمکرد، تەنیا بۆ جارێکی تر پێداگرتنەوە بوو لەسەر هەست و درککردنێک، کە ئەو بە غەریزەی پیاوانەی خۆی بۆنی کردبوو، گوتنی کۆمەڵێک قسە بوو بە دەنگی بەرز، کە ئەو پێشتر بە گوێچکەی دڵ بیستبوونی، بۆیە وەک چۆن گوێرەکەی قوربانی تێدەگات کە سەربڕینەکەی مشتومڕ هەڵناگرێت و خۆڕاپسکاندن، جگە لەوەی سەربڕەکەی تووڕەتر دەکات تا بێڕەحمانەتر سەری ببڕێت، هیچ سوودێکی تری نییە، لەبەر ئەوە بەبێ ملبادان و لنگەفرتێ و بێهەست و خوست، خۆی تەسلیمی قەسابەکە دەکات، ئەردەڵانییش ئاوا بە درێژاییی ئەو ماوەیە، لە گوڵی سەر فەرشە ئێرانییەکەی بەردەممان ڕامابوو، لەناو دەستەکانیدا یاریی بەو پاکەتی شقارتەیە دەکرد، کە لێی نووسرابوو *شخاتە دجلە*، جاروباریش بە نیگایەکی سارد و بێگوزارشتەوە سەری هەڵدەبڕی و بە دەنگێکی تێکشکاوەوە دەیگوت، ''وایە، وایە، تێدەگەم، وایە'

# ٤٢

# کریستینا

سندوقەکە هەموو نامەکانی فابیانی بۆ دایکم تێدا بوو، کە دیار بوو بەبێمەیلییەوە نووسراون و دواتر تێگەیشتم لە بەشێک لەو نامانەدا باسی من کرابوو. نامەکانی دایکمی تێدا بوو بۆ فابیان و لەناویاندا پەشیمانی دەدرەوشایەوە. سەدەفی تێدا بوو، کە دەنگی شەپۆلەکانی دەریایەکی دوور لەناویدا هاژەی دەهات. گوارەی تێدا بوو بە هەڵۆی زیوینەوە لە کاتی نیشتنەوەدا. ئەنگوستیلە بە نقێمی یاقووتییەوە، کە دەتگوت خوێنی باڵندەیەکن بەسەر تاوێرێکی سپییەوە... ملوانکەی پساو و نەپساو... بەردی گرانبەهای ڕەنگاوڕەنگ، کە تاکوو کۆنتر بووبان، ڕەوقنەقدارتر و جوانتر دەبوون... بازنگی ستیل، کە لەسەر شێوەی مارێک بوو، دەمی کردبێتەوە و زمانی دەر هێنابێت، وەک ئەوەی هەڕەشە لە دوژمنێکی وەهمی بکات... چاویلکەی ڕەشی دژەخۆری مارکەی پرادا و چاویلکەی پزیشکی بە چوارچێوەی مۆدێل

کونەوە... مووررووی دەنکگەورەی پیرۆزەیی... شووشەی عەتری بەتاڵ... مارکەی کریستیان دایۆر... وێنەی خۆی لەگەڵ قابیان - بەدزیی ئەلبیرتەوە - بە تەنوورەیەکی شۆڕی تەنکەوە، کە با کەمێک لای دابوو، لەگەڵ بۆدییەکی سوور و کڵاوێکی پووشی هاوینەی سپی، بە پێی پەتییەوە، لەناو لمی قەراخدەریایەک، کە نەمدەزانی کوێیە... پۆستکارت بە وێنەی کاتدرای نۆتردامەوە، قابیان لە فەرەنساوە ناردبووی... مۆمدانی شووشە بە زەخرەفەی چینییەوە... گوڵیەخەی جوانی لە شووشەدروستکراو، کە کچانی ئەو کاتە دەیاندا لە بەرۆکیان... پاندانی پارکەری کۆن، کە هەیبەت و سەنگینیی خۆی پاراستبوو. شووشەی مەرەکەبی شین و رەش، کە کەس نەیدەزانی هیی چی زەمانێکن... کتێبی پیرۆز بە بەرگی چەرمینی یەکجار قەشەنگەوە، کە نەمدەزانی چی دەکات لای دایکم، لە کاتێکدا بیرم نایەت دایکم قەت چووبێت بۆ کڵێسا... مەدالیایەکی کلیلهەڵگر، کە ورچێکی بچووکی پاندای مسینی پێوە بوو... چەند وێنەیەکی قابیان، کە لە شوێنی جیاواز و بە جلوبەرگی جیاوازەوە گیرابوون... پۆستکارتی رەنگاورەنگی جەژنی کریسمس و جەژنی لەدایکبوون و هەندێک بۆنەی تر... دەفتەری یادداشتی بچووک، کە بە خەتی زۆر جوان و وردی دایکم پڕ کرابووەوە و دڵتەنگییەکانی، شادییە کتوپڕ و کورتخایەنەکانی، کە وەک گەواڵەهەوری بەهاری دەهاتن و دەبارین و دەڕۆیشتن، سەردانەکانی، ژمارەی تەلەفۆنی یار و نەیارەکانی، هەستکردنەکانی بە ئازاری ویژدان بەرامبەر ئەلبیرت، هەستکردن بە کەمتەرخەمی و سەرلێشێوان بەرامبەر من، هەموو ئەوانەی لەو دەفرە بچکۆلەیەدا، یادداشت کردبوو. یەکبەیەک ئەو شتانەم دەر هێنان، یەکبەیەک دام نان، یەکبەیەک بۆنم کردن، یەکبەیەک گریام بەسەریاندا.

رۆژێک هەموو نامەکانم خوێندەوە.

# ٤٣

# ئەردەڵانی

دوای ئەوەی لە تەلەڤزیۆن و لە کاتی دانپێدانانی کوشتنی مەلا عەزیزدا منیان بینیبوو، چەند هاورێییەکی سەردەمی کۆنی خۆم کەوتبوونە سۆراغم و جارجار لە زیندان سەردانیان دەکردم. سورەییا چەند جارێک سەردانی کردم، ئەو چیی تر کچە شۆخەکەی جاران نەمابوو، کە بۆنی عەترەکەی حەوت گەڕەک دەڕۆیشت، وەک ئەو کاتە دەمانگوت. کریستینایش جارێک هات بۆ لام، من پێم گوت، 'کریستینا، چی دەکەیت لێرە؟' کریستینا گوتی، 'تۆ چی دەکەیت لێرە ماڵوێران، تۆ چی دەکەیت لێرە؟'

# ٤٤

# سورەییا

بە نیگا شەرمن و هێمنەکەیدا، ناسیمەوە. ئەو بە هۆی ساڵانی شاخ و حەسرەتی زۆر لە غوربەت و هەڵکشانی تەمەنی، تەواو کامڵ ببوو... ئەو هەر لە سەرەتای لاوییەوە، قژی لێی سپی ببوو، هەمیشە دەموچاوی ماندوو بوو. سیمای هەمیشە وەک سیمای پاسەوانانی هیلاک و کەمخەوی شەوگرژ و ڕەشداگەڕاو بوو، بە میزاجە ئەرخەیانەکەیدا ناسیمەوە. ئەو شەوە، کە لە تەلەڤزیۆن دەر کەوت، تەمەنی هەڵکشابوو، بەڵام دەموچاوی کەمێک لە جاران بەڕەونەقتر دیار بوو. سیمای هێمن و مەنگ بوو، بە شێوەیەک باسی کوشتنی دەکرد، وەک ئەوەی وەسفی کارێکی هونەری بکات، وەک ئەوەی نیگارکێشێک بێت باسی تابلۆیەکی خۆی بکات. قسەکانی ڕوون و ڕەوان بوون، نە زمانی زەلەی دەکرد، نە دەمی تەتەڵەی دەکرد، بێ دوودڵی و بەبێ هەستکردن بە گوناه و هیچ جۆرە ڕاڕاییەک، باسی کوشتنی

# ٤٣

# ئەردەڵانی

دوای ئەوەی لە تەلەڤزیۆن و لە کاتی دانپێدانانی کوشتنی مەلا عەزیزدا منیان بینیبوو، چەند هاوڕێیەکی سەردەمی کۆنی خۆم کەوتبوونە سۆراغم و جارجار لە زیندان سەردانیان دەکردم. سورەییا چەند جارێک سەردانی کردم، ئەو چیی تر کچە شۆخەکەی جاران نەمابوو، کە بۆنی عەترەکەی حەوت گەڕەک دەڕۆیشت، وەک ئەو کاتە دەمانگوت. کریستینایش جارێک هات بۆ لام، من پێم گوت، 'کریستینا، چی دەکەیت لێرە؟' کریستینا گوتی، 'تۆ چی دەکەیت لێرە ماڵوێران، تۆ چی دەکەیت لێرە؟'

# ٤٤

# سورەییا

بە نیگا شەرمن و هێمنەکەیدا، ناسیمەوە. ئەو بە هۆی ساڵانی شاخ و حەسرەتی زۆر لە غوربەت و هەڵکشانی تەمەنی، تەواو کامڵ ببوو... ئەو هەر لە سەرەتای لاوییەوە، قژی لێی سپی ببوو، هەمیشە دەموچاوی ماندوو بوو. سیمای هەمیشە وەک سیمای پاسەوانانی هیلاک و کەمخەوی شەوگرژ و ڕەشداگەڕاو بوو، بە میزاجە ئەرخەیانەکەیدا ناسیمەوە. ئەو شەوە، کە لە تەلەڤزیۆن دەر کەوت، تەمەنی هەڵکشابوو، بەڵام دەموچاوی کەمێک لە جاران بەڕەونەقتر دیار بوو. سیمای هێمن و مەنگ بوو، بە شێوەیەک باسی کوشتنی دەکرد، وەک ئەوەی وەسفی کارێکی هونەری بکات، وەک ئەوەی نیگارکێشێک بێت باسی تابلۆیەکی خۆی بکات. قسەکانی ڕوون و ڕەوان بوون، نە زمانی زەلەی دەکرد، نە دەمی تەتەڵەی دەکرد، بێ دوودڵی و بەبێ هەستکردن بە گوناه و هیچ جۆرە ڕاڕاییەک، باسی کوشتنی

دەکرد، کە ئەوەم بینی، هیکێکم لە خۆم زانی، گوتم، 'ئای ئای! ئەوە تۆیت هێندە بێ خەم باسی کوشتن دەکەیت؟'

چەند سەعاتێک پێشتر، کچێکی جیکن، کە هەواڵەکانی دەخوێندەوە، هاتە سەر شاشە و ڕای گەیاند، پاش کەمێکی تر تاوانبارێک دان بە تاوانەکەیدا دەنێت. من وەکوو هەزاران هەواڵی تر سەیرم کرد، کە شتێکی گرینگمان لا جێ ناهێڵن. ئەو دەمەی ئەردەڵانی کەوتە سەر شاشە، من لە ئاوەنێکدا ڕازیانەم دەکوتا بۆ ژانەسکەکەم، کە دوو ڕۆژ بوو قەراری لێ هەڵگرتبووم... یەکسەر ناسیمەوە، ئەوە خۆی بوو... ئەردەڵانی بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم، 'ئۆی خوایە، ئەردەڵانی چی دەکات لەوێ؟ دەبێت کەی گەڕابێتەوە؟ بۆچی خەڵکی کوشتوە؟'

کراسێکی سپیی دەڵبی لەبەردا بوو، بە قۆپچەی ڕەشەوە، قۆپچەی سەرەوەی کرابووەوە و مووی سپیی لوول لەسەر سنگی دیار بوون. چەند دڵۆپەئارەقەیەک کەوتبوونە سەر ناوچەوانی، کە دیار بوو هیی گەرمیی شوێنەکەی بوو. ئەگەر جاران بووایە، دەمگوت هیی شەرمنییەکەیەتی. لە سەرەتادا وام زانی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی دەروونیی خۆیەوە، بۆیە ئارەقەی کردووە، بەڵام دەنگە هێمنەکەی، متمانەکەی، وەسفی ورد و سەرنجڕاکێشی کوشتنەکە، ئەو بۆچوونەی لا ڕەواندمەوە... باش تێنەگەیشتم مەبەستی بەڕێوەبەرانی کەناڵەکە و ئەوانەیش لەپشتی کەناڵەکەوە بوون چی بوو لە بڵاوکردنەوەی دانپیانانی ئەو کوشتنە بەو وردەکارییەوە.

بەشی زۆری قژی سپی ببوو، وەکوو هەمیشە لە سەردەمی گەنجیدا، پرچی کەمێک درێژ ڕادەگرت... قژی وەک جاران پڕ بوو، جگە لە بەشێکی کەمی هەردوو لاتەنیشتی ناوچەوانی... لەشی وەک جاران لاواز نەبوو، بەڵکوو کەمێک پڕ بوو.

لەسەر کورسییەکی پلاستیکیی سپیی تەنیشت دیوارێک

دانیشـێنرابوو، لـە کاتـی قسـەکردنیدا، جارجـار دەنگی کەسانی تـر بەهێواشـی لـە دەوروبـەری دەبیسـترا، هەندێک جـار سێبەری کاڵـی کەسـێک دەکەوتـە سـەر دیوارەکـەی پشـتی و عەردەکەی بەردەمی... لە کاتـی قسـەکردندا، پەنجەکانـی هـەردوو دەستەکانی دەهێنایـەوە یـەک، وەک ئـەوەی بیەوێـت شـتێک بگرێـت.

Scanned with CamScanner

# ٤٥

# ئەردەڵانی

مەلا عەزیزم کوشت و هیچ پەشیمان نیم، بگرە هەست دەکەم کارێکی خراپم نەکردووە... ساڵانێکی زۆری گەنجیم بەو وەهمەوە بەسەر برد، کە حەق هەر دەبێت سەر بکەوێت... خۆمم ئیقناع کرد، ئینجا هاوەڵانیشم، بەوەی سەرکەوتنی حەق حەتمییە. ئێمەی لاوان ئەوسا بڕوامان بە هیچ جۆرە دادپەروەرییەک نەبوو، جگە لەو دادپەروەرییەی گوایە مێژوو وەک ئەرکێک خستبوویە سەر شانمان. بە سکی برسی و پۆشاکی شڕ و پێڵاوی دڕاو و ژیانی کولەمەرگییەوە، بەختیار بووین. بڕوابوون بە ڕەوایی دۆزەکەمان، هەموو کەساسی و نەگبەتییەکانی بۆ قەرەبوو دەکردینەوە... لە گوندە قوڕاوییەکان، کە بۆنی شیاکە و هەژاری و فەرامۆشییان لێ دەهات، برسیمان بوو، بەڵام ئومێدی سەرکەوتن تێری دەکردین... لە ئەشکەوتە سارد و شێدارەکاندا، وەک گوێرەکە تازەلەدایکبووەکانی وەرزی زستان هەڵدەلەرزین

و خەونبینین بە دونیایەکی ئازاد، گەرمی دەکردینەوە... بزنەری بەبەفرداپۆشراوەکانمان تەی دەکرد و پێلاوەکانمان پڕ دەبوو لە بەفراو و پەنجەکانی پێمان دەتەزین و شانازیی ئەوەی لەپێناو میللەتێکدا دەجەنگین، تینوتاوی دەداینێ، بەلام دوای هەرەسی گەورەی ساڵی هەشتاوهەشت، دوای ئەوەی گوندەکان مەحف دەبوونەوە، مزگەوتەکان بە زەبری دینامیتەکان بە منارە و قورئان و گومبەز و مینبەرەکانەوە دەچوون بە ئاسماندا، لە کانییەکانەوە ژەهر هەڵدەقولا، دەغلەکان لەناو ئاگرێکی بێئاماندا دەسووتان، ولات وەک تابلۆی *ئاگرە گەورەکەی لەندەنی* هونەرمەند جان گریفیەر وا بوو، لە هەموو جێیەکەوە بڵێسەی ئاگر تاوی سەندبوو.

مانگا و کەر و ئێستر و مەڕە تۆقیوەکان بەناو کێلگە سووتاوەکاندا، هەڵدەهاتن و هەڵدەهاتن و هەڵدەهاتن. ئیتر هیچ ئومێد نەما، هەندێکمان وەکوو کۆمەڵێک ئاوارەی بەلەنگاز لە ئۆردووگە نەفرەتاوییەکانی سەر سنوور گیرساینەوە، هەندێکی ترمان وەک کارمامزی تۆقیو بەناو بەرد و نزارەکاندا دەڕۆیشتین و هەر شەوەی لەپەنا تاوێرێکدا، ڕۆژمان لێ هەڵدەهات، ئەوانەی تریشمان بەتێکشکاوی، ئاوارەی ولاتان بووین.

# ٤٦

پیاوانی ڕووتوڕەجاڵ، کە هەندێکیان جلەکانی بەریان بە ڕادەیەک شڕ ببوو، کە نەدەناسرایەوە جلە یان شڕوشیتاڵە لە خۆیان ئاڵاندووە. بە قژ و ڕیشی درێژی ڕەش و ماشوبرنجییانەوە خۆیان گرمۆڵە کردبوو. مەیموون وای هەست کرد لەناو فیلمێکدا بێت دەربارەی نیاندەرتاڵەکان، وای هەست دەکرد لە خەونێکدا بێت، وای هەست دەکرد چیرۆکێکی خوێندبێتەوە و لەپڕ و بەبێ ویستی خۆی، کەوتبێتە ناویەوە. چاوانی کز و غەمناکی ئەو پیاوانەی بینی، کە لە چاوانی سەگی بێچارە خەمبارتر بوون، نە هیوایان تێدا بوو، نە ڕووناکی و نە ژیان. لە ڕاستیدا ئەوانە چاو نەبوون، کۆمەڵێک کونی بێڕەونەقی خاڵی لە هەموو مانایەک بوون، کە لە مەیموون ڕامابوون. مەیموون و منداڵەکانی تر بە هەزار حاڵ لەناو ئەو هەموو پیاوە بەلەنگازەدا، کە دەستیان لە ئەژنۆکانی خۆیان وەرێنابوو، جێگەی خۆیان کردەوە. ئەو پیاوانە ساڵانێک بوو لەو شوێنەدا بوون، دوای ئەوەی کەسوکاریان لە گریان بۆیان تێر ببوون، ئیتر لەگەڵ دیارنەمانیان ڕاهاتبوون،

Scanned with CamScanner

برادەرەکانیان تێر تاسەیان کردبوون و لە مەجلیسی خۆیاندا بۆیان گریابوون و پاشتر دیارنەمانی ئەوانیان وەک ڕاستی لە ژیانی خۆیاندا قبوڵ کردبوو و جاروبار لە سەیرکردنی ئەلبوومێکدا دەکەوتن بەسەریاندا، لە خەونێکدا دەهاتنەوە یادیان، لە نوکتەیەکدا پەیدا دەبوونەوە. ئەشکەنجەدەرەکانیان دوای ئەوەی داخیان کردبوون، قامچیکارییان کردبوون، بە پانکەی سەقفەوە هەڵیان واسیبوون، بتڵی شووشەیان تێ بڕیبوون، ئیتر گەیشتبوونە جێگەیەک، کە چیی تر ئەشکەنجەدانیان چێژێکی نەدەبەخشی، بۆیە لەو ژوورەدا وازیان لێ هێنابوون هەناسە بدەن.

# ٤٧

## سورەییا

بارانێکی ئاوا بە لێزمە بۆ ئەو ساڵە، کە تا ڕادەیەک باران کەم بوو، شتێکی چاوەڕێنەکراو بوو. دەوروبەری کاتژمێر نۆی شەو، نەرمەبارانێکی ورد و لەسەرخۆ دەستی پێ کرد. لەگەڵ ڕاکشانی شەودا، بارانەکە چڕتر بووەوە و دەنکەکانی درشتتر بوون و تەپەتەپی لە سەربان و دیواری حەوشە و کەپرەکان هەڵدەستاند. هەورەگرمەی زۆر و لەگەڵیدا جاروبار لە ئاسمانەوە چەخماخەی هەورەبرووسکە شاری ڕۆشن دەکردەوە. دایکم دەیگوت، 'مەیموون ئێستا دەترسێت، مەیموون سەرمای دەبێت.'

# ٤٨

ئەو شەوە، تاکوو نیوەشەو مەیموون و منداڵەکانی تر لەناو ئەو هۆڵە گەورە و سارد و بێڕۆحەدا بوون، کە بۆ هەرلایەکیت بڕوانییایە، گەچکارییەکی لووس بە ڕەنگی سپی و خاڵی لە هەر جوانییەک، پەلاماری دەدایت. لادیوارەکان هەمووی سپی و بنمیچی هۆڵەکە وەک ئاسمانێکی سپی بەسەریاندا کشابوو، کە سەیرکردنی لەجیاتیی ئەوەی ئومێدت بداتێ، چاوەکانی پڕ دەکردیت لە ئاو. مەیموون و منداڵەکانی تر وایان دەزانی هەڵەیەک ڕووی داوە و ڕەنگە پاش کەمێکی تر بیاننێرنەوە ماڵەوە و هەرکەسە بچێتەوە بەلای کاری خۆیەوە. مەیموون بچێت ڕابکاتەوە بۆ باوەشی دایکی و سورەییای خوشکی و دواتر بچێتەوە ژوورەکەی و خەریکی تەواوکردنی تابلۆکانی بێت، منداڵێکی تر بچێتەوە بەلای نۆکاوفرۆشتنی خۆیەوە، یەکێکی تر بچێتەوە بۆ یارمەتیدانی باوکی لە چایخانەکەیان، یەکێکی تر بۆ لای کۆرسی فێربوونی ئۆکۆردیۆنەکەی، یەکێکی تر بۆ لای دروستکردنی کۆشکە گەورە و سەیروسەمەرەکانی بە میکانۆ و هەمووشیان بچنەوە بۆ

قوتابخانەکانیان، بەڵام مەیموون و منداڵەکانی تر لەوە منداڵتر بوون لەوە تێبگەن، ئەوان لە جەهەنەمی ساڵەکانی هەشتاکانی عیراقدا دەژین، ساڵانی ڕەشی میللەتێک، کە کارەساتەکانی دواتری هێندە گەورە و ترسناک دەبن، ئیتر گرتن و زیندانیکردنی ئەو منداڵانە دەبێتە ڕووداوێکی بچووک، تەنانەت دوای کوژرانی منداڵەکانیش و ساڵانێکی زۆر دواتر، تەپوتۆز و سووتماکی ڕووداوە ترسناکەکانی ئەو ساڵانە هێندە ڕەش بوون، خەڵکێکی کەم هەبوون کوژرانی ئەو منداڵانەیان بیر مابێت.

شەو بە زیلێکی سەربازی، لەو زیلە تۆکمە و ناشیرینانەی لە یەکێتیی سۆڤیەت کڕدرابوون، منداڵەکانیان گواستەوە بۆ زیندانێکی تر. زیلەکە لە حەوشەیەکی گەورە وەستا و یەک لەدوای یەک منداڵەکانیان داگرتن و بردیاننە ناو زیندانێکی گەورە، کە پڕ بوو لە زیندانییانی تر. سەربازێک قۆڵی مەیموونی گرت، کە هێندەی نەمابوو وەک بووکەشووشەیەک قۆڵی لێببێتەوە. بە بەردەم لایتی داگیرساوی پێشەوەی زیلەکەدا ڕووەو بینای زیندانەکە سەربازەکە مەیموونی برد.

شەو بوو، شەونم تازە خەریک بوو لەسەر گەڵاکان بنیشێت، پەڵەهەور لێرەولەوێی ئاسمان پەرتەوازە بوون، مانگ جاروبار بەحەپەساوی لە گۆشەی هەورێکەوە سەیری ئەو ڕووداوانەی دەکرد. بەناو پێچ و دەهلیزەکانی ئەو زیندانەدا مەیموونیان برد. هەر لەگەڵ ئاودیوبوونیان لە دەروازەی بیناکەوە، بۆنێکی کەسکوون بەر لووتی مەیموون کەوت و تاسەیەکی قووڵ و بێهەوساری بۆ گریان لەناودا داگیرساند، بەڵام هەر یەکسەر پەشیمان بووەوە، چونکە دەیزانی گریان هیچ دەردێکی دەرمان ناکات. مات و مەبهووت، بە دەستی سەربازەکەوە دەڕۆیشت تاکوو گەیشتە هۆڵێکی گەورەی ڕووناک، کە پڕ بوو لە خەڵک. هۆڵەکە بە میچێکی تا ڕادەیەک نزمەوە، کە چەندین گڵۆپی

داگیرساو پێیەوە هەڵواسرابوون. زۆری نەخایاند، کە مەیموون تێگەییشت ڕووناکییش دەکرێت وەک هەر ئامرازێکی تری ئەشکەنجە مرۆڤ ئەشکەنجە بدات.

ژووری زۆر ڕووناک بە تیشکی بەهێزی گڵۆپی گەورە، یەکێک بوو لەو ئامرازە ئازاردەر و بێزارکەرانەی لەو سالانەدا بۆ ئەشکەنجەدانی نەیارانی حکومەت بەکار دەهات، بێ هۆ نەبوو، هەندێک جار بەندییەکان هاواریان دەکرد، 'بۆ خاتری ئاسمان، تۆزێک تاریکیمان بدەنێ' مەیموون ئەو شەوە و شەوانی دواتر، کاتێک هیلاکی و بێخەوی و تەنگەبەریی ئەو شوێنەی تێیدا بوو، بە هۆی ژمارەی زۆری بەندییەکانەوە، باشتر لەوە تێگەیشت، کە ڕووناکی دەکرێت چەند تیژ و بڕندە بێت... هەندێک جار سۆفییەکان چەند موشتاقن بۆ کەمێک نووری خودایی، تا دەیجوورەکانی ڕۆحیان ڕووناک بکەنەوە، ئاوایش زۆر جار بەندییەکان سواڵی تاریکییان دەکرد، تاکوو خۆیان لە ڕاستییەکانی زیندانەکە بشارنەوە. مەیموون و بەندییەکانی تر بە هەردوو لەپی دەستەکانیان، بە یەخەی کراس و لۆچی شەڕواڵ و دەرەلینگی پانتۆڵەکانیان، چاوانیان دادەپۆشی، تاکوو تۆزێک تاریکییان دەست بکەوێت و بتوانن بخەون، کەچی تیشکی ڕووناکیی توند و زۆریی گڵۆپەکان، وەک نەشتەر لە سەریان ڕادەچوو.

ژیانی مەیموون، کە لەنێوان قوتابخانە و ژوورەکەی خۆی و دانیشتن لەگەڵ دایک و باوک و خوشکی و فتبۆڵێن لە کۆڵان و چەند جارێکی کەمیش چوونەمزگەوت تێنەپەڕیبوو، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبوو دەکرێت خەڵکی هێندە کەساس و ڕۆژڕەش لە دونیادا هەبن. ئەو شەوەی بردیانە ناو هۆڵی گەورەی زیندانە ڕووناکەکە، لە دڵی خۆیدا گوتی، 'ئاها خودای من، ئێرە کوێیە؟ من چی دەکەم لێرە، خالقی شەو و ڕۆژ؟'

# ٤٩

# ئەردەڵانی

لە کاتی ڕاپەڕیندا ئومێدێکی زۆرمان بۆ پەیدا بووەوە و گوتمان ئیتر حەق بۆ لای خاوەنحەق گەڕایەوە، بەڵام هەر زوو بارودۆخەکە قلْپ بووەوە. ئیتر خەونی سزادانی خیانەتکاران بوو بە تۆز و شتێک بوو کەس چیی تر باسی نەدەکرد. کاتێک بۆ یەکەم جار گەڕامەوە وڵات، بینیم ئەوانەی لە شاخ لەگەڵ ئێمەدا بوون، لەگەڵ شۆفار و خائینان و مرۆڤکوژاندا کەوتوونەتە ڕێککەوتنێکی جەهەنەمییەوە. مەلا عەزیز، کە ئیتر پێیان دەگوت ئوستاز عەزیز، باعیسی کوژرانی منداڵانی غەمگین و ئەندازیاری وێرانکردنی ژیانی من و سورەییا، ببووە بەرپرسێکی دیاری حیزب و لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکاندا گوتاری دەدا. لە گۆڕەپانی شاردا کۆبوونەوەیەکی گەورەی جەماوەریی هەبوو، ئوستاز عەزیز بە بەردەممدا تێپەڕی و چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەساسیی پۆشیبوو... کۆمەڵێک کوڕی گەنج بە قاتی ڕەشی جوانەوە

لە دەوروبەری بە نەرمەغار دەڕۆیشتن... بەخێرایی بەلای منداڵ تێپەڕی و بە گوڕی ڕۆیشتنەکەی وای نیشان دەدا، کە پیاوێکی موهیمە و کاری گرینگی زۆری هەیە و بەو هۆیەیشەوە بۆینباخەکەی با دەیشەکاندەوە. قژی، هەروەها سمێڵیشی - هێشتا دەستی نەکردبوو بە سمێڵتاشین، دیارە نەمهێشت دەستیشی پێ بکات، چونکە کوشتم - بە بۆیاخێکی قەترانی ڕەنگ کردبوو، کەم کەس هەبوو بیری مابێت ئەوە هەر هەمان مەلا عەزیزە، کە سەردەمێک کۆمەڵێک کوڕوکاڵی نەوجەوانی هەڵخەڵەتاند و هێنانیە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی هانیان بدات دژی حکومەت و دواتر لە ڕێککەوتنێکی ژێربەژێری ترسناکدا هەموویانی وەک کۆمەڵێک باڵندەی ناو قەفەس تەسلیمی دامودەزگا خوێناوییەکانی حکومەت کرد.

ساڵانێک بوو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ریسکیان بە ژیانی خۆیانەوە دەکرد و مەلەفەکانی گەندەڵی و سیخوڕییان ئاشکرا دەکرد، یەک لەدوای یەک تیرۆر دەکران... من وەک ئەوانم نەکرد... بڕوام بە دادگاکانی وڵات نەبوو، تاکوو سکاڵای یاسایی لەسەر ئوستاز عەزیز تۆمار بکەم، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە دادگامان نەبوو، ئەوەی هەیشمانبوو، ئوستاز عەزیز و هاوەڵانی لغاویان کردبوو، بۆیە بڕیارم دا دادگاییکرنی مەلا عەزیز بگرمە دەست خۆم، هەر وایشم کرد.

# ٥٠

بەندییەکانیش، دوای ئەوەی بەرگەی ئەشکەنجەی دونیایان گرتبوو، دوای ئەوەی 'کوللەی نائومێدی داباریبووە سەر مەزرەعەی ئومێدیان،' پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر هیوای ئازادبوونیان هەببوو، ئینجا گەیشتبوونە شوێنێک، دەیانزانی دونیا فەرامۆشی کردوون، بۆیە لەناو سەریاندا بیابان و لەناو دڵیاندا بیابان و لە بەردەمیشیاندا تا چاو بڕی دەکرد، بیابانێکی قاقڕ و وشک، نەترووسکاییی تێدا بوو، نە ئومێد. وەکوو کۆمەڵێک تاوێر، نە هیوایان بە هیچ بوو، نە بیریان لە هیچ دەکردەوە، نە دڵیان بە هیچ خۆش بوو، نە سەیری هیچیان دەکرد. کەچی بینینی ئەو منداڵانە بەو نیوەشەوە، ڕای چڵەکاندن. پیاوێکیان، کە ساڵانێک بوو لە قوژبنێکدا دانیشتبوو، سەرنجی لە خاڵێکی نادیاری هەوای ژوورەکە قاییم کردبوو، گوتی، 'ئەو منداڵانەیان بۆ کوێ هێناوە؟ ئەو منداڵانە چی دەکەن لێرە؟' مەیموون لەتەنیشت ئەوەوە کرووشکەی کرد، پیرەکە بە نیگایەکی تاساوەوە سەیری کرد و پرسیی، 'ئێوەیان بۆ هێناوە

بۆ ئێرە؟' مەیموون بە دەنگێک، کە تێکەڵەیەک بوو لە گریان و نادڵنیایی، گوتی، 'ڕەنگە بەهەڵە ئێمەیان گرتبێت، ڕەنگە دوای ئەوەی بۆیان دەر دەکەوێت ئێمەیان بەهەڵە هێناوە بۆ ئێرە، ئیتر ئازادمان بکەن.' مەیموون بەنادڵنیاییەوە وای گوت، بەڵام کابرای پیر دڵنیا بوو تازە بەریان نادەن. مەیموون لەوە منداڵتر بوو لەوە تێبگات ئەوان هەڵەن، لە سەردەم و جوگرافیایەکی هەڵەدا لەدایک بوون و گەورە بوون، نەک جەلالادەکان.

## ٥٠

بەندییەکانیش، دوای ئەوەی بەرگەی ئەشکەنجەی دونیایان گرتبوو، دوای ئەوەی 'کوللەی نائومێدی داباریبووە سەر مەزرەعەی ئومێدیان،' پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر هیوای ئازادبوونیان هەببوو، ئینجا گەیشتبوونە شوێنێک، دەیانزانی دونیا فەرامۆشی کردوون، بۆیە لەناو سەریاندا بیابان و لەناو دڵیاندا بیابان و لە بەردەمیشیاندا تا چاو بڕی دەکرد، بیابانێکی قاقڕ و وشک، نە ترووسکاییی تێدا بوو، نە ئومێد. وەکوو کۆمەڵێک تاوێر، نە هیوایان بە هیچ بوو، نە بیریان لە هیچ دەکردەوە، نە دڵیان بە هیچ خۆش بوو، نە سەیری هیچیان دەکرد. کەچی بینینی ئەو منداڵانە بەو نیوەشەوە، ڕای چڵەکاندن. پیاوێکیان، کە ساڵانێک بوو لە قوژبنێکدا دانیشتبوو، سەرنجی لە خاڵێکی نادیاری هەوای ژوورەکە قاییم کردبوو، گوتی، 'ئەو منداڵانەیان بۆ کوێ هێناوە؟ ئەو منداڵانە چی دەکەن لێرە؟' مەیموون لەتەنیشت ئەوەوە کرووشکەی کرد، پیرەکە بە نیگایەکی تاساوەوە سەیری کرد و پرسیی، 'ئێوەیان بۆ هێناوە

بۆ ئێره؟' مەیموون بە دەنگێک، کە تێکەڵەیەک بوو لە گریان و نادڵنیایی، گوتی، 'ڕەنگە بەهەڵە ئێمەیان گرتبێت، ڕەنگە دوای ئەوەی بۆیان دەر دەکەوێت ئێمەیان بەهەڵە هێناوە بۆ ئێرە، ئیتر ئازادمان بکەن.' مەیموون بەنادڵنیاییيەوە وای گوت، بەڵام کابرای پیر دڵنیا بوو تازە بەریان نادەن. مەیموون لەوە منداڵتر بوو لەوە تێبگات ئەوان هەڵەن، لە سەردەم و جوگرافیایەکی هەڵەدا لەدایک بوون و گەورە بوون، نەک جەلادەکان.

# ٥١

# ئەردەڵانی

ئەویش وەک سەدان کەسی تر کە ماڵی خەڵکیان وێران کردبوو، منداڵی خەڵکیان بە گرتن و کوشتن دابوو، کچی خەڵکیان لاقە کردبوو، ببوون بە سەبەبی بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەس، مەلا عەزیز، کە ئیتر وازی لە مزگەوت هێنابوو، بە پێچەوانەی جارانەوە کە بە جلوبەرگی کوردییەوە دەر دەکەوت، فێرببوو وەک بەرپرسە تازەکان چاکەت و پانتۆڵی دەپۆشی... هەرچەندە بە شێوازی ڕۆیشتنەکەیدا و جارجارە سەیرکردنی قەد و قامەتی خۆی و دەستهێنان بە بۆینباخەکەیدا، کە ورگە زلەکەی وای لێ کردبوو کورت دیار بێت و پێدەچوو خۆی پێ کەشخە بێت، هەرچەندە هیچ کەشخە نەبوو، چونکە ڕەنگ و ستایلی ئەو چاکەت و پانتۆڵانەی دەیپۆشی، هیچ لەگەڵ ڕەنگی پێست و ئەو قژ و سمێڵە بۆیاخکراوەی نەدەهاتنەوە، کە هەتا زیاتر بۆیاخی دەکرد، مووە سپییەکانی ژێرەوە بێعارتر دەبوون. خۆ

ئەو هەر جلوبەرگ و مێژووی خۆی نەگۆڕیبوو، کە لێرەولەوی دەیگوت کاتی خۆی بەدزییەوە هاوکاریی جەنگاوەرەکانی شاخی کردووە، بەڵکوو ناوەکەی خۆیشی لە مەلا عەزیزەوە گۆڕدرابوو بۆ ئوستاز عەزیز، جاروباریش کە وەفدە بیانییەکان دەهاتن و پێیان دەگوت مستەر ئەزیز، خەریک دەبوو لە خۆشیدا باڵی لێ بڕوێت.

بەلام بۆ من جیاوازیی نەبوو، ئوستاز بێت یان مەلا، چاکەت و پانتۆڵی پۆشیبێت یان قات و مرادخانی، من بڕیارم دابوو بیکوژم، ئەوەیش بەتەنیا لەبەر تۆڵەکردنەوە نەبوو کە ئەو ژیان و عەشقی منی وێران کردبوو، لەوەیش زیاتر، من دەمویست لە ڕێگەی کوشتنی ئەوەوە مێژوویەک تڕۆ بکەم، کە لەسەر زەیف و درۆ بنیاد نرابوو، دەمویست بە هەمووان بڵێم، ئێوە بۆ لەگەڵ هەموو شتێک ڕادێن ئەی خەڵکی خوا؟ ئێوە بۆ نادادپەروەری نابینن، کە لە شفرەی بەراز دیارترە؟ دەزانم ئەوانەی ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، بزە دەیانگرێت، کە پیاوکوژێک باسی دادپەروەری دەکات، بەلام کەڵکەڵەی من کەمتر بۆ دادپەروەرییە، بەڵکوو زیاتر هاوارێکە تا بە هەمووان بڵێم، بۆ نادادی نابینن، کە لە کۆپارەی وشتر دیارترە.

پلانەکەم بە هیچ کەسێک نەگوت، نە بە دڵشاد موکری، نە بە ڕێبەر خالید، نە بە سەرهەنگ بابان، کە بەقەدەر مەلیک جۆرجی شەشەم دڵی بە نازناوەکەی خۆش بوو، نە بە هیچ کەسێکی تر، چونکە نەمدەویست هیچ کەسێک بچووکترین گەرد بخاتە سەر شووشەی دڵنیاییەکەم. دیارە ساڵانێک بوو حکومەت دەیویست لە بەرچاوی دونیا و ڕێکخراوەکانی چالاکیی مافی مرۆڤ خۆی جوان نیشان بدات، بۆیە سزای لەسێدارەدانیان جێبەجێ نەدەکرد، هەر ئەوەیش منی هێشتەوە، بۆم گرینگ بوو یەکەم جار پاسەوانەکانی فریا نەکەون بمکوژن، بۆیە خۆم دەرباز

کرد و خۆم کرد بە کونسولخانەی فەرەنسیدا و گوتم، پیاوێکم کوشتووە، ئەوانیش تەسلیمی پۆلیسیان کردم، بەلام ئیتر دونیا هەواڵەکەی زانیبوو.

Scanned with CamScanner

# ٥٢

# ماسییەکی بچکۆلەی غەمگین

بەشێکی زۆری تابلۆکە دەریایەکی شین و فراوان بوو، کە بە شێوەیەک کێشرابوو، مەودا دوورەکانی ئەوسەری دەریاکە دەبینرا. چەند شەپۆلێکی تاکوتەرا و تا ڕادەیەک بچووک بەسەر دەریاکەوە بوون، کە لەگەڵ فراوانی و گەورەیی دەریاکەدا نەدەگونجان. بە چڕی و تیری هەورەکانی ئاسمانی سەروو دەریاکەدا دیار بوو، تابلۆکە ناوەڕاستی بەهاری نیشان دەدا... هەورەکان بە شێوەیەک چڕ و داکشاو دیار بوون، کە تەواو هەستیان پێ دەکرا بارانێکی زۆریان پێیە و دەیانەوێت ببارن، وەک چۆن مەڕەکان کاتێک شیرێکی زۆریان پێیە، گوانەکانیان دەئاوسێت، ئاوا هەورەکان ئاوسابوون. کەناری دەریاکە تا چاو بڕی دەکرد لم بوو، کە مەیموون بە ڕەنگی قاوەیی کێشابووی. لەناو لمەکەدا ماسییەکی بچکۆلە بە چاوی ئەبڵەق و دەمێکی کراوەوە، بەحەپەساوی سەیری دەریاکەی دەکرد، وەک ئەوەی

یەکەم جار بێت دەریا ببینێت. ماسییەکە حەپەساو بوو، بەڵام حەپەسانەکەی نەیتوانیبوو غەمگینییەکەی بشارێتەوە. ماسییەک بوو، بچکۆلە، تەنیا، بێکەس و غەمگین، سێبەری هەورەتێرەکان کەوتبوونە سەری و لاتەنیشتی ماسییەکە بە ڕەنگی نیمچەپرتەقاڵی کێشرابوو، ئەگەر بەتەنیا سەیری لاتەنیشتی ماسییەکەت کردبایە، وای بۆ نەدەچوویت ماسییەکی بچکۆلە هێندە غەمگین بێت.

Scanned with CamScanner

# ٥٣

# ئەردەڵانی

ماوەیەک بوو گەڕابوومەوە شارەکەم. زۆربەی کاتەکانم لە خانووە کۆنەکەی دایکم بەسەر دەبرد، کە چواردەوەرەکەی تەواو گۆڕابوو و سیمای جارانی ون کردبوو، چونکە ئەم ناوە هەمووی کرابووە بینا و نووسینگەی بازرگانی و ئیترماڵەکەی دایکمیان وەک دوومەڵێک دەبینی. چەندین جار خەڵکیان ڕاسپاردبوو بیفرۆشین پێیان، تاکوو بیڕووخێنن و بینای تازەی لێ دروست بکەن، بەڵام من نە مەیلی فرۆشتنیم هەبوو، نە تاقەتی فرۆشتن و نە مافی فرۆشتنیشیم هەبوو، چونکە بەتەنیا موڵکی من نەبوو. فرۆشتنی ئەو خانووە، وتووێژێکی چەند مانگیی دەویست لەگەڵ خوشکەکانم، کە لە وتووێژی هاتنەناوەوەی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەورووپا ناخۆشتر بوو.

جاروبار هاوڕێکانم سەردانیان دەکردم و بەیەکەوە لە ژوورەکەی جارانی خۆم، هەر بە یادی جارانی سەردەمی

لاویمان، کە تاکوو نیوەشەو دادەنیشتین، بەڵام ئیتر ئەو گوڕ و تاقەتەی جارانمان نەمابوو، کە تاکوو بەری بەیان دادەنیشتین و قسەمان دەکرد و گوڵەبەڕۆژەمان دەکرتاند، بە تەسجیلە ناشناڵە گەورەکەی من، کە ئەو کاتە کەم کەس هەیبوو، گوێمان لە گۆرانی دەگرت، بەڵام ئێمە ئیتر کۆمەڵێک پیاوی کامڵ بووین، کە کوولەمەرگیی ژیانی زەحمەتی ساڵانی چەکداریی شۆڕش و چەرمەسەریی ڕۆژانی تەنگانە بڕستی لێ بڕیبووین و ئیتر لە سەعات دەی شەوەوە پرزەمان لێ دەبڕا و سلار دەبووینەوە. سەرهەنگ بابان، کە بەقەدەر لویسی شانزە دڵی بە نازناوی بابان خۆش بوو، ئەو گوللانەی کە دوای تێکچوونی وتووێژی نێوان حکومەت و شۆڕش بەر لاکەلەکەی کەوتبوون، بەتەواوی گێڕی کردبوو، بۆیە کە دەڕۆیشت، وەک قرژاڵ لەسەر لا دەڕۆیشت، هەر زوو لە سەعات نۆی شەوەوە دەستی دەکرد بە هەڵگلۆفینی چاوەکانی و هەموو جارێکیش هەر هەمان قسەی دەکرد، 'نازانم بۆچی، ئەمشەو زوو خەوم دێت!'

ڕێبەر خالید، کە لەگەنجییەوە یەکێک لە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ ئەودا ئەوە بوو بڕوای بە خۆشووشتن نەبوو، بڕوای بە ددانشووشتن نەبوو، بڕوای بە گۆرەویشووشتن نەبوو، بڕوای بە هیچ شتێک نەبوو وشەی شووشتنی تێدا بووایە، بۆیە خواخوامان بوو زوو بخەوێت و بیبەین لە ژووره بچکۆلەکەی تەنیشت موبەقەکە، لەسەر دۆشەکیک پاڵی بخەین و پەتوویەکی پێدا بدەین، کە بەتایبەت بۆ ئەومان دانابوو... بۆنی دەم و لەش و گۆرەوییەکانی، قەت نەیتوانی ئەو دڵە سادە و بێگرێیەی بشارێتەوە، کە تەنانەت بەلای مێروولەکانیشدا بڕۆیشتایە، بەوریاییەوە ڕێی دەکرد، نەبادا پێیان پێدا بنێت. لەو ساڵانەی دواییدا، ئیتر بە قەمسەڵەیەکی ئەمەریکییەوە، کە دەمێک بوو باوی نەمابوو، بە کووچەوکۆڵانەکانی شاردا دەسووڕایەوە و

بەردەوام دەیگوت، 'ئەم شارەکەی جاران نییە، هەموو شتێک گۆڕاوە' دڵشاد موکری، کە بە هەموو ژیانی یەک تاکە ڕۆمانی خوێندبووەوە، *لەگەڵ بادا ڕۆیشتیی* مارگرێت میشێل بوو... ئێمە ئەوسا و ئێستایش تێنەگەیشتین چۆن تاقەتی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە ئەستوورەی هەبوو، لە کاتێکدا یەک ڕۆمانی تری بەدوا دا نەهات... لە دانیشتنەکانمدا کە باس دەهاتە سەر ڕۆمان، ئەو دەیگوت، 'ئێوە ڕۆمانی *لەگەڵ بادا ڕۆیشتیتان* نەخوێندووەتەوە؟' بە شێوەیەک ئەو پرسیارەی دەکرد، وەک ئەوەی لە ژیانیدا ئەوە یەکەم جار بێت ئەو پرسیارە بکات.

Scanned with CamScanner

# ٥٤

ئەلبێرت لۆرای جێ نەهێشت. سەری خستە سەر سنگی و وەک منداڵێک لاواندییەوە. لە برسێتیدا خۆراکی پێ دەدا، لەخەودا دڵنیایی پێ دەبەخشی، لە نەخۆشیشدا ئاگای لێی بوو، لە تەنگانەدا دەستی بەر نەدەدا. کاتێک منداڵەکەیشی لەدایک بوو، خۆی ناوکی بڕی، خۆی ناوی لێ نا، خۆی لە باوەشی کرد، وەک بەچکەی باڵندەیەک، خۆی گەورەی کرد.

# ٥٥

# ئەردەڵانی

من پێشتر زۆر بیستبووم و خوێندبوومەوە، کە مرۆڤکوشتن وەک حەشیشەکێشان وایە، هەر یەکەم جاری زەحمەتە... وەک خواردنەوەی عەرەق وایە، هەر یەکەم جار دەتخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، بەڵام من لە هەموو ژیانمدا یەک کەسم کوشت، کە دواکەسیش دەبێت لە ژیانمدا بیکوژم... کەسێک کە ئەم دێڕانە دەخوێنێتەوە، ڕەنگە ڕقی لێم بێت، ڕەنگە تفم لێ بکات، ڕەنگە بەنەفرەتم بکات، ڕەنگە ئەم نووسینە دوور فڕێ بدات و ئیتر نەیخوێنێتەوە، بەڵام من هیچ ناکەم، جگە لەوەی هەستەکانی خۆم دەخەمە سەر کاغەز... من هیچ ناکەم، جگە لەوەی هەوڵ دەدەم ئەو ساتەوەختانە بکەمە وشە، کە تێیاندا ژیاوم.

ئێستا کە لە زینداندا بەندییەکانی تر سەیرم دەکەن و لەژێر لێوەوە باسم دەکەن و بە ئاشکرا و پەنهان ئاماژەم بۆ دەکەن و بە

یەکتریم نیشان دەدەن، ئێستا کە ئەوان وەک پیاوکوژێک سەیرم دەکەن، من هیچ هەست بە پەشیمانی ناکەم، هەست بە ئازاری ویژدان ناکەم، هەست ناکەم گۆڕانێکی گەورە لە بارودۆخی دەروونیی مندا ڕووی داوە. من هەرگیز لەو کەسە ئایدیالیستانە نەبووم، کە پێم وا بووبێت حەق هەر سەر دەکەوێت، قەت هێندە خۆشخەیاڵ نەبووم، باوەڕم بە بانگەوازی ئەو کەسانە کردبێت، کە هەمیشە باسی دادپەروەری دەکەن، بەڵام هێندەیش بەدگومان نیم، لەپشت هەموو مەیلێکی دادخوازانەوە، بەرژەوەندی و نیەتی خراپ ببینم، لەگەڵ ئەوەیشدا هێندە گێلیش نیم، مەیل و ئەنگیزەی شاراوەی سیخناخ بە ڕق و بەرژەوەندی و تەڵەکەبازیی ئەو کەسانەیش نەبینم، کە هاواری دادپەروەرانە دەکەن. جگە لە هەموو ئەوانەیش، قەت باوەڕم نەدەکرد میللەتێک سەد ساڵ خەبات بۆ ڕزگاری بکات، کەچی ئاوا سووک و ئاسان وەکوو گای جووت ملی بۆ نیروهەوجاڕی کۆمەڵێک کەس کەچ بکات، بۆم قووت نەدەچوو، نادادی وەک قوونی سەگسار دیار بوو و هەموان دەیانبینی و قسەیان نەدەکرد... تاکە کارێکی مەسیحاییی ئەو خەڵکە بیەوێت بیکات، هەر ئەوە بوو، بارودۆخێک بخولقێنن مەلا عەزیز ڕووی نەیات خۆی نیشانی کەس بدات، شەرم بکات دەر بکەوێت، لە هەرشوێنێک باسی مافی میللەت و خەبات کرا، ئەو بەدزییەوە فیزماڵکێک لێ بدات ئەو ناوە جێ بهێڵێت، بەڵام مەلا عەزیز ئەوەی دەکرد؟ ئێمە ئەو دۆخەمان خولقاند ئەو شەرم بکات؟ ئەو خۆی دەشاردەوە؟

بڕیارم دا بۆخۆم تۆڵەی لێ بکەمەوە، بڕیارم دا نە چاوەڕوانی عەدالەتی ئیلاهی بم، نە ئارام بگرم تاکوو ڕۆژی قیامەت، نە لەوە زیاتر هەڵبکێشم ئاخ و داخ.

# ٥٦

دادوەرەکە گوتی، 'لە کاتێکدا سەربازانی ئێمە بوونەتە قەڵغانی پۆڵایین بە ڕووی دوژمناندا و بەرگری لە کەرامەت و خۆشبەختیی ئێوە دەکەن، ڕۆژ نییە سەدان لاوی شیرپاکی ئەم وڵاتە گیانی خۆیان لەپێناوی خاکی پیرۆزی باپیران نەبەخشن، ئێوەیش وەکوو کرم لە ناوەوە بەر بوونەتە کرتاندنی ڕەگی داری مێژوومان... دەتانەوێت ئەم میللەتە بکەوێت، ئەی کرمەکان، ئەی مشکەکوێرەکانی ژێر خاک، ئەی جرجە پیسەکانی وڵات، ئێوە دەبێت وەک جانەوەری پیسی ناو زێرابەکان دەر بهێنرێن و سەرتان پان بکرێتەوە، وەک مشکی ناو کێڵگەکان دەرماندا و بکرێن، بۆ ئەوەی ئەم خاکە تاعووناوی نەکەن. پێمان ناڵێن لە چیتان کەم بوو؟ شۆڕش و سەرکردە مێژووییەکەی چی نەکرد بۆتان؟ کۆمەڵێک گەدا بوون خۆراکی پێ دان... کۆمەڵێک چەقەڵی بەرەڵڵا و سەرگەردانی دەشتودەر بوون جێگەوڕێگە و دڵنیاییی پێ بەخشین... خێڵێکی وەحشی بوون، قوتابخانەمان بۆ دروست کردن... وەکوو کەری بێخاوەن، هەموو گیانتان

برین و کیماو بوو، نەخۆشخانەمان بۆ دانان... کۆمەڵێک سەگی دڕ بوون،ماڵیمان کردن. ئینجا ماڵی بوون؟ نا، ماڵی نەبوون، کەچی ئێوەیش لەجیاتیی شوکرانەبژێری، وەک ڕێویی تەزیو، هەر کە گەرمتان بووەوە، کەوتنەوە فێڵ و گزی، کەوتنەوە تەڵەکە و پاشقولگرتن... وەک سپلە هەتا نانتان خوارد، خواردتان، ئینجا کەوتنە دڕاندنی ناندێنەکە... سەرکردە پەنجەی بەهەنگوینی خستە دەمتانەوە، ئێوە کە هەنگوینەکەتان خوارد، گازتان لێ گرت، کەوتنە پیلان و دەهۆ. لە کاتێکدا ئێمە سەربازانی وڵات، دڵسۆزانی خاکی پاک سەرقاڵی ڕاونانی دوژمنان بووین، ئێوەیش لە پشتەوە کەوتنە بەردهاویشتن، لە ناوەوە وەک کرم کەوتنە خواردنمان، نەتاندەزانی تۆڵەی ئیلاهی بەرەوڕووتان دەبێتەوە، نەتاندەزانی جامی تووڕەییی سەرکردە قووڵە، بەڵام کە پڕ بوو، لێی دەڕژێت؟"

منداڵەکان دەتگوت لە شانۆگەرییەکدا بەشداری دەکەن، کە ڕۆڵەکانی خۆیان بیر چووەتەوە، دەتگوت بەزۆر خراونەتە سێرکێکەوە، کە بە ڕادەیەک بە ڕێساکانی نامۆن، خواخوایانە فیلێک بیانشێلێت و ڕزگاریان ببێت، خواخوایانە شێرێک لێیان هار ببێت و بیانخوات و کۆتاییی بەو حەپەسان و نادڵنیاییەیان بێنێت.

ئەوان، بەشێکیان، منداڵە بەنازەکانی خێزان بوون، فێری ئەوە نەبوون کەس دەنگیان بەسەردا بەرز بکاتەوە، لەگەڵ ئەوە ڕانەهاتبوون لە سووچێکدا فڕێ بدرێن و فەرامۆش بکرێن... فێری ئەوە نەبوون لە سەرمادا هەڵبلەرزن و کەس خۆیان تێنەگەیەنێت.

# ٥٧

# مارگرێت

دایکت بەلایەوە زۆر گران بوو ڕۆژێک ئەلبێرت بهێنێت و دای بنیشێنێت و هەموو چیرۆکەکەی بۆ بگێڕێتەوە و جێی بهێڵێت، بەڵام فابیان شەیتان بوو، هەمیشە مەودایەکی دەهێشتەوە لەنێوان خۆی و لۆرا، بەمەیش تا ڕادەی شەیدابوون، هۆگری خۆی کردبوو، بەڵام قەت نەیدەهێشت بگاتە ئەوەی وای لێ بکات ئەلبێرت بۆ ئەو جێ بهێڵێت، ئیتر ڕەوشەکە گەیشتبوە جێیەک، لۆرا چاوەڕێ بوو ئەلبێرت ڕۆژێک پەتی ئارامیی بپچڕێت و جێی بهێڵێت لە لایەک و لە لاکەی تریشەوە ئومێدەوار بوو فابیان داوای لێ بکات هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەودا بکات. ئەلبێرت پێی وا بوو زوو بێت یاخود درەنگ، لۆرا جێی دەهێڵێت، فابیان دیدێکی ڕوونی نەبوو شتەکان بەرەو کوێ دەچن، ئەو وەک سەرخۆشێک خۆی دابووە دەست ڕووداوەکان، وەک چۆن کەشتییەکی شکاو خۆی دەداتە دەم با و شەپۆلەکان بیهێنن و بیبەن، کەچی بە پێچەوانەی

هەموو چاوەڕوانییەکانەوە، سکپڕبوونی لۆرا لە فابیان تەواوی ڕێساکانی گەمەکەی گۆڕی. لۆرا نەیدەویست کۆرپەکەی ناو سکی لەبار بەرێت، ئەلبێرت تێدا مابوو، چونکە سالێک پتر بوو لەگەل لۆرا نەخەوتبوو و ڕوون بوو منداڵەکە لەو نییە. فابیانیش هیچ ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشەیە و هەلگرتنی بەرپرسیاریی نەبوو، ئیتر لۆرا کەوتە دووڕێیانێکی ترسناکەوە...

ڕۆژێک چوو بۆ شوقەکەی فابیان و داوای هەلوێستێکی ڕوون و ڕاشکاوی لێ کرد. ئەو سەردانە فابیانی خستە دۆخێکی دژوارەوە و پاشتر لەلای خوشکەکەی ڕای گەیاند، کە یەکێک بووە لە ڕۆژە هەرە سەخت و پڕنیگەرانییەکانی ژیانی. هاتن و چوونی بە ژوورەکەدا و قسە بێسەروبەرەکانی، گەواهیدەری دۆخێکی دەروونیی ئالۆز بوون، کەچی بابیی ئەوە فیلباز بوو، نە دەستی بە ڕووی لۆراوە بەتەواوی نا و نە بەلێنیشی پێ دا هیچ هەنگاوێکی کردەیی هەلبگرێت.

# ٥٨

# سورەییا

ئێمە خێزانێکی ئاسایی بووین، لەدوای هەرەسی شۆڕش و دوای ئەوەی باوکم وەک هەزاران چەکداری تر لە شاخ گەڕایەوە، تفەنگەکەی تەسلیمی حکومەت کردەوە و وەک هەزاران تفەنگی تر، لە لیژنەی گەورەدا کەڵەکە کران و شەو لە تەلەڤزیۆن نیشان دران، ئیتر دوای ئەوە، تەواو خۆی لە سیاسەت و مەکرەکانی بەدوور گرت. پیاوێکی ئاسایی، بەیانییان دەچوو بۆ دوکانەکەی و ئێواران دەهاتەوە ماڵ. دایکم ژنێک بوو لە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریی کۆتایی ساڵانی حەفتادا فێری خوێندەواری ببوو، جاروبار ئەو کتێبە ئایینییانەی دەخوێندەوە، کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و شێخ موحەمەدی خاڵ و عەلائەدین سەجادی دەریان دەکردن، ئەوەندە ڕشتەی مرواریی خوێندبووەوە، جاروبار باوکم بەلاقرتێوە دەیگوت، 'ئەگەر بە هۆی ڕووداوێکەوە ڕشتەی مرواری لە دونیادا نەمێنت، ئەوە تۆ

هەموویت ئەزبەرە و دەتوانیت سەرلەنوێ بینووسیتەوە'

گرتنی مەیموون و دواتر تیربارانکردنی، ماڵەکەی شێواند... باوکم بە شێوەیەکی ترسناک ڕووخا... ئەو لە هەموو تەنگژەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا، وەک کۆڵەکەیەک وا بوو، دەستمان پێوە دەگرت بۆ ئەوەی نەکەوین، بەڵام ئەو ڕووخا... ئەو خۆی وا نیشان دەدا، کە ئومێد و ورەی هەیە، دەترسا لەناو ئەو بێهیوایی و نائومێدییەدا، ئێمەیش بە خۆیەوە نوقم بکات، بۆیە هەوڵی دەدا وای نیشان بدات کە ناکەوێت، بەڵام ئەو لە ناوەوە هاڕەی کردبوو.

# ٥٩

ئەو پێچکردنەوەیەی سەیارەکە و هێواشییەکەی بە دەرفەت زانی، بۆیە پەنجەی نا بە پەلەپیتکەی تفەنگەکە و تەق! تەق! تەق! تەق! تەق! لە لوولەی تفەنگەکەوە فیشەکەکان هاتنە دەرەوە و بێدەنگیی کۆڵانەکەیان شڵەقاند و بەناو بارانە ساردەکەدا ڕژانە ناو سەیارەکەوە... دووکەڵێکی کەم و تەنکی بارووتی فیشەکەکان لە لوولەی تفەنگەکەوە بڵند بووەوە و هاتە بەرلووتی ئەو... فیشەکەکان بارانەکەیان دەبڕی و جامی سەیارەکەیان دەشکاند و ئینجا سنگی مەلا عەزیزیان دەسمی، کە دەمێک بوو پێی وا بوو مردن شمولی ئەو ناکات، وای دەزانی کوژران دیارییەکە بۆ ئەوانی تر، نەک خۆی. تەقەکان هێندە چاوەڕواننەکراو بوون، کە سەیارەی یەکەم وای دەزانی لە جێگەیەکی ترەوە دەنگیان دێت، بۆیە تەواو دوور کەوتبووەوە، ئینجا سەرنشینەکانی ئاوڕیان دایەوە، بینییان شۆفێری ڕانجرۆڤەرەکە دەرگاکەی کردووەتەوە و ڕادەکات... سەیارەکەی دواوەیش لە شپرزەیی دۆخەکەدا، ڕووی بەرەو ڕێگەیەکی پێچەوانە وەر سووڕاند و

خێراییبیەکەی زیاد کرد... کاتێک بە خۆیاندا هاتنەوە و گەڕانەوە بۆ لای ڕانجرۆڤەرەکە، ئەو بە کۆڵانی پشتەوەی مۆزەخانەکەدا بە ئەعسابێکی ساردەوە بارانییەکەی داکەند و تفەنگەکەی دەستی فڕێ دایە ناو حەوشەی مۆزەخانەکەوە، کە ئەو ڕەفتارەی هێندە سەیر بوو، تەنانەت لە کاتی دانپێدانانەکانی لە تەلەڤزیۆن، نەیتوانی بیانوویەکی مەعقولی بۆ بدۆزێتەوە.

Scanned with CamScanner

# ٦٠

# ئەردەڵانی

دەمێک بوو ڕێگەی هاتوچۆی ئەوم دەستنیشان کردبوو... بەیانییان درەنگ لە خەو هەڵدەستا، چونکە وەکوو زۆربەی بەرپرسەکانی تری وڵات، شەوان تاکوو درەنگ خەریکی مەیخواردنەوە و شەونشینی و تەلەفۆنکردن و مەسجناردن بوو لەگەڵ کچان و ژنان، کردبووی بە عادەت، نزیک چێشتەنگاوان لە سەیارەیەکی فەخمی ڕانجرۆڤەردا، کە دوو سەیارەی تر، یەکێکیان لەپێشیەوە و ئەوەی تر لەدوایەوە هاوەڵییان دەکرد، بە بەردەم مۆزەخانەی شاردا، کە پێشتر یەکێک بوو لە زیندانە بەدناوەکانی وڵات، ڕادەبرد. ئەو وەک بەرپرسەکانی تر، کە فێڵ و تەزویرەکانی وڵات ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی لێ کردبوون بە ڕاستی، بۆیە بۆیان قووت نەدەچوو خەڵک زۆر ڕقی لێیان بێت، ئەوەیش وای کرد خەیاڵیان هەرگیز بۆ ئەوە نەڕوات، کەسێک لەپشت دیواری حەوشەی ئەو مۆزەخانەیەوە خۆی بۆ مەلاس

دابێت و بەنیازی کوشتنی سێرەی لێ گرتبێتەوە. ئوستاز، کە چل منداڵی شارەکەی بە یەک گوژمە ناردبووە بەردەم تیمەکانی سێدارە، ئەو ڕووداوە هێندەی ڕووداوی تر بەدوادا هاتبوو، کە هەم خەڵک و هەم خودی خۆی بیریان چووبووەوە، بۆیە ئەوەی خایلەی بۆی نەدەچوو، ئەوە بوو لەژێر ئەو بارانە نەرمەدا، کەسێک مابێت هێشتا ئەو ڕووداوەی لە دڵ دەر نەچووبێت و مرخی لە کوشتنی خۆش کردبێت. لەتەنیشت دیواری حەوشەی مۆزەخانەکەوە، دیوارێکی تری نزمی تەواونەکراو هەبوو، باران بەسەر بلۆکەکان و چیمەنتۆی نێوانیاندا دەباری و هیچ دەنگێک، جگە لە دەنگی تایەی ئوتومبێلەکان و دەنگی زۆرنەرمی باران، کە بەر شەقام و شۆستە و دیوار و گەڵا و لقی دارکالیپتۆزەکانی قەراغ جادەکە دەکەوتن، نەدەبیسترا. من بووم، ئەردەڵانی، لەتەنیشت ئەو دیوارەوە چاوەڕێی سەیارەکانی مەلا عەزیزم دەکرد. سەیارەی یەکەم لە پێچی سەر قوژبنی مۆزەخانەکەدا سووڕایەوە، سەیارەی دووەم، ڕانجرۆڤەرێکی کەشخەی ڕەش بوو، کە مەلای تێدا بوو، بۆ پێچکردنەوە هێواشی کردەوە.

# ٦١

# ئەردەڵانی

لە نیوەشەوەوە بارانێکی هێمن و یەکڕیتم نەرم نەرم دەباری، هێندە نەرم دەباری، کە دەنگەکەی بەر زەوی و سەربان و درەختەکان دەکەوت، بەحاڵ دەبیسترا، وەک ئەوەی تەپەی پێی پشیلەیەک بێت بەسەر کەپری مێودا بڕوات. بەیانیی زوو ڕۆیشتم، لە چایخانەکەی نزیک ماڵی خۆمان نۆکاوێکی گەرمم خوارد و دوو چاییشم بەسەردا کرد و لەبەر خۆمەوە گوتم، 'خۆش نییە بەبرسێتی پیاو بکوژێت' دواتر ڕۆیشتمە ماڵەوە، بارانییەکەم لەو بارانییانە کردە بەرم، کە گوندییەکان لە کاتی گێرانی سەربانەکانیان بە باگردێن دەیپۆشن. تفەنگەکەم، موزەلییەکەی لە کەریم دەمانچە کڕیبووم لەژێر بارانییەکەوە کردە شانم. دونیا سارد نەبوو، بەلام باران یەکنەوا دەباری. بەژێر بارانەکەدا لەسەر شۆستەکەوە دەڕۆیشتم و سەیری دارکالیپتۆزەکانم دەکرد، کە لە کۆمەڵێک ژن دەچوون بە جلی

تەڕەوە، تازە لەناو ڕووبارێک هاتبێتنە دەرەوە. لەبەر خۆمەوە گوتم، 'ئەمڕۆ ڕۆژێکی ڕۆمانسییە بۆ پیاوکوشتن' زەردەخەنەیەکم کرد و باران زەردەخەنەکەی بە لێومەوە تەڕ کرد... دەڕۆیشتم و ئوتومبێلەکان بەلامدا تێدەپەڕین و فڵچەی جامەکانیان یەکبینە دەجوولان... هێمن و ئەرخەیان دەڕۆیشتم و لەژێر لێوەوە فیکەم لێدەدا، وەک ئەوەی بۆ ڕاوەماسی بچم، وەک ئەوەی شوانێک بم، بچم پەزەکانم لە دەشت بهێنمەوە، وەک ئەوەی وەرزێرێک بم، بچم سەیری دەغڵەکەم بکەم.

Scanned with CamScanner

# ٦٢

بەهێواشی لە باڵاخانەکەوە هێنایاننە دەرێ و وەک مێگەلێکی نەخۆش بەرەو حەوشەی پشتەوەی باڵاخانەکە پێش خۆیان دابوون. زەردەپەڕی تازیەباری ئێوارە، وەک زەرداوێکی تاڵ بەسەر گۆنا و یەخەی کراس و قژە چڵکن و نارێکەکانیاندا دەڕژا... کۆمەڵێک منداڵ بوون شار فەرامۆشی کردبوون، وڵات وەک خۆراکێکی پیس تفاندبوونیەوە، خوا فرێی دابوونە ئەودیو مەرزەکانی ترس و لە بێنازیی هەڵکێشابوون. کۆمەڵێک منداڵ بوون، دەتگوت کۆمەڵێک خاڵخاڵۆکەن کەوتوونەتە وەرزێکی هەڵەوە.

دەستی ڕاستی مەیموون بە دەستی چەپی منداڵێکی ترەوە شەتەک درابوو، کە لە خۆی هەڵکشاوتر بوو، ئینجا کێ لە مەیموون هەڵکشاوتر نەبوو؟ دوو-دوو بەیەکەوە بەسترابوونەوە، هێنایانن بۆ لای ئەو ستوونانەی بەتایبەت بۆ تیربارانکردنی ئەوان چەقێنرابوون. ستوونەکان داری ڕێک و تۆکمەی کوێستانەکانی وڵات بوون و دەبووایە ئەو منداڵانە جۆلانەیان لێ هەڵبەستن،

نەک پێیانەوە تیرباران بکرێن. دوو-دوو لە ستوونێکیان شەتەک دان (چل ستوون لەکوێ پەیدا بکەن؟) و بە پەڕۆ چاوەکانیان بەستن.

کە چاوانیان بەستنەوە، مەیموون کتوپڕ بیری بۆ ئەو کاتە چوو، کە لەگەڵ منداڵانی تردا چاوی خۆیان دەگرت و چاوشارکێیان دەکرد... لەپڕ ختوورەی ئەوە بە دڵیدا هات، تۆ بڵێی ئەوە چاوشارکێ نەبێت؟ تۆ بڵێی پاش کەمێکی تر یەکێک لە منداڵەکان هاوار نەکات و بڵێت، 'وەرن' و ئەویش بەڕاکردن بڕوات بۆ ئەوەی شار گڕ بدات؟ بەڵام هەیهات... هەیهات... نا... گەڕایەوە بۆ حەوشەکە و سەربازێک ملی مەیموونی سووڕاند و پەڕۆکەی سەر چاوی توندتر کرد، ئینجا بە حەبلێک بەشی سەرەوەی سنگیان بە ستوونەکەوە بەستەوە و بە هەمان حەبل قاچەکانیشیان بە بەشی خوارەوەی ستوونەکە گرێ دا. مەیموون و هاوڕێکەی، کە لە خۆی هەراشتر بوو (ئینجا کێ لە مەیموون هەراشتر نەبوو؟) بە هەمان ستوونەوە بەسترانەوە (هەر منداڵەی ستوونێکیان بۆ لەکوێ بێنن؟) مەیموون و منداڵەکانی تر حەزیان دەکرد ئەوەی ڕوو دەدات، خەونێک بێت، دووعایان دەکرد لەپڕ لە خەو ڕاببەڕن و لە کۆشی دایکیاندا خۆیان ببیننەوە، دووعایان دەکرد لەناو پاسی قوتابخانە خەیاڵ بردبێتنیەوە، دووعایان دەکرد لە بەردەم تەلەڤزیۆن خەویان لێ کەوتبێت و بە خشەخشی تەلەڤزیۆنەکە خەبەریان ببێتەوە و بڵێن، 'ئۆخەی خوایە، ڕاستی نەبوو، خەون بوو،' بەڵام هەیهات... هەیهات... نا، ئەوان لەبەرامبەر دەستەی سەربازانی تیربارانکردندا بە ستوونەکانەوە بەسترابوونەوە... ئەوان ئیتر هەموو ئومێدیان ئەوە بوو، قەناعەت بێنن کە تاوانێکیان کردووە، حەزیان دەکرد گوناهێکیان کردبا و پێیان گوترابا ئەوە سووچ و تاوانەکەتانە، ئەوان بە ڕادەیەک بەلەنگاز و تێکشکاو بوون، حەزیان دەکرد

تاوانێک لە خۆیاندا بدۆزنەوە و بڕوا بهێنن بەوەی شایستەی ئەو مەرگە ساردوسڕەن.

ئێوارە بوو. خۆر یەک تۆزی مابوو ئاوا ببێت. سێبەری زۆر درێژی منداڵەکان کەوتبووە سەر گۆڕەپان و دیواری حەوشەکە. پێشتر مەیموون زۆر جار لە ئێواراندا، لە کاتی زەردەپەڕدا دەوەستا و سەیری سێبەری درێژی خۆی دەکرد (ئینجا خۆ هەر سێبەرەکەی درێژ بوو، ئەویش لە کاتی ئێواراندا) و هیوای دەخواست ڕۆژێک بەقەد سێبەرەکەی خۆی باڵای بەرز ببێت. ئەو ئێوارەیە بە سەیرکردنی سێبەرەکەشیدا دەتتوانی ئەو ترسە ببینیت، کە مەیموونی داگرتبوو، ئینجا خۆ مەیموونەکەمان هەر لە باڵندەیەکی نەخۆش دەچوو.

سەربازەکان لەلای منداڵەکانەوە بە هەنگاوەکانیان کەوتنە پێوانی عەردەکە، بۆ ئەوەی ئەو مەودایە بزانن کە دەکەوێتە نێوان منداڵەکان و پنتی تیربارانکردنەکە، 'دەبێت یاسا جێبەجێ بکرێت،' سەردەستەی تیمی سەربازانی تیربارانکردن وای گوت و تەنانەت کەوتە مشتومڕ لەگەڵ چەند سەربازێک، لەسەر چۆنێتیی پێوانی ئەو مەودایە، وەک ئەوەی کێشەی هەموو دونیا ئەوە بێت، مەودای تیربارانکردنەکە دە هەنگاو بێت، یاخود یانزە. سەربازەکان بێخەم و خەیاڵ عەرزەکەیان دەپێوا، وەک ئەوەی لە گۆڕەپانی تۆپی پێدا مەودای نێوان گۆڵچی و خاڵی لێدانی پەنارتی بپێون.

لەو کاتەدا، مەیموون کەمێک ئەژنۆی چەمابووەوە، دەستەکانی بە بەشی پێشەوەی کەلەکەیەوە لکابوون، سکی یەک تۆز بە قووڵدا چووبوو، وەک ئەوەی پێچێک بە سکیدا هاتبێت، وەک ئەوەی شرووبێکی تاڵی خواردبێتەوە... سرووەی ئێوارە بەشێنەیی قژە کاڵەکەی دەلەراندەوە... لە لاتەنیشتی لێوەکانی شتێک مەیبوو، نەتدەزانی ویستوویەتی بگریەت یان پێبکەنێت، نەتدەزانی تازە

قسەیەکی کردووە، یان ویستوویەتی بیکات و پەشیمان بووەتەوە و نەیکردووە. لووتە بچکۆلەکەی، وەک لووتی بەچکەپشیلەیەکی ترساو سوور ببووەوە، پەڕەی گوێیە ناسکەکانی، وەک پەڕەی گوێی ماسییەکی ناو تۆڕ دەلەرزی... چاوە گەورە و گەشەکانی، کە چیی تر زۆر گەش نەبوون، لە چاوانی کوندەپەپوویەکی بێدار دەچوون لەژێر پەڕۆ سپییەکەوە تەواو بێقەرار دیار بوون... برژانگە درێژەکانی دەتگوت پەڕەسێلکەن، کەوتوونەتە داوەوە.

مەیموون گوێی لە هەندێک قسە و گوتار و درووشم بوو، ئینجا بەدوای دا دەنگی هێنانەوەی میلی تفەنگەکان کەمێک گوێی قوڵاغ کرد، بەڵام بە هۆی ئەو شەپۆلی ترس و نائارامییەی لە سنگیەوە سەر دەکەوت بۆ ناو سەری، گوێیەکانی کپ بوون و ئیتر هیچی نەبیست... لەپڕ کزەیەک لە سنگ و لامل و چەناگەی هەڵسا ویستی دەست بەرێت بۆیان و بیانخورێنێت، وەک چۆن هەندێک جار زەردەواڵە، یاخود هەنگێک پێوەی دەدا و یەکبینە جێگەکەی دەخوراند و بە گریان ڕای دەکردەوە بۆ لای دایکی، دایکیشی دەیگوت، 'هیچ نییە، هیچ نییە، مەیموونی من ئازایە.' بەڵام مەیموون نەیتوانی دەستی بجووڵێنێت. وەک چۆن لە خەونەکانیدا لە جێگەیەکی بەرزەوە بەخاوی دەکەوتە خوارەوە، ئاوا هەستی کرد بەهێواشی دەکەوێتە چاڵێکی بێبنەوە... ساردییەک لەبنی پێیەوە بەرز بووەوە و هەموو گیانی داگرت و تەپڵی سەری تەزاند... سەری گێژی خوارد، وەک ئەوەی بابەخولێی پێ بکەن، دڵی وەک پارچەکۆتەرەیەکی ناو ئاو لەرییەوە... تاڵییەک وەکوو تاڵیی ناو دەمی ئەو کەسانەی تووشی گرانەتا دەبن، بەسەر مەلاشوویدا ڕژا.

# ٦٣

# ئەردەڵانی

بە بینینی سورەییا، کچێکی تەواو قەیرەی داکەوتووم بینی، کە مەرگی مەیموون و دواتر مەرگی دایک و باوکی، عەشقی ناکام و ڕەنج و عەزابی ساڵانی هەشتاکان، گرانی و نەبوونیی ساڵانی نەوەدەکان و ترس و نیگەرانیی ساڵانی شەڕی ناوخۆ تێکیان شکاندبوو. لە نیگایدا ئازارێکی قووڵ هەبوو، کە هەموو زەردەخەنەی دونیا نەیاندەتوانی بیشارنەوە. جگە لەو تاڵە ڕەش و بێهێزانەی قژی، کە لێرەولەوێی سەریدا دەبینران، هەموو پرچەکانی سپی ببوو، کە لەجیاتیی ئەوەی هەیبەتی کەسێکی کامڵی بداتێ، زیاتر ئەدگاری کەسێکی وەر گرتبوو، کە زەمەن هەموو گورگەکانی خۆی تێ بەر دابێت. چەند جارێک هاتووە بۆ لام، بەڵام دیدارەکانمان وەک دیداری نێوان ئەو جەنگاوەرە پیرانەیە، کە ساڵانێکی زۆری گەنجی لە شەڕدا بەیەکەوە بووبن و ئێستا پیر و زورهان بن و بەبێزاری و لە بەرهەتاودا نهێنی

و یادەوەرییەکانی خۆیان بگێڕنەوە. هەواڵی کەسانی جیاوازمان لە یەکتر دەپرسی، یەکێک ئیعدام کرابوو، یەکێک لە شەڕی هێزە چەکدارە خۆماڵییەکاندا بەدیلی کوژرابوو، یەکێک بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆی کەوتبوو و گوێی لەوە نەبوو پێ لە نەرمی باوکی خۆی بنێت و بە پەیژەی پۆست و پلەکاندا سەر بکەوێت، یەکێکی تر ئایین تاکوو ئەوپەڕ بردبووی و لە کاسێتی دەنگی و ڤیدیۆییدا دەر کەوتبوو و بە ویژدانێکی ئاسوودەوە باسی سەربڕینی خەڵکی کردبوو. یەکێکی تر ببوو بە خاوەنی خانوو و سەیارە و بەهاران دەچوو بۆ دەشتودەر لەگەڵ ژن و منداڵەکانی گۆشتی برژاوی دەخوارد. ئیتر باسی هەموو ئەو شتانەمان دەکرد، تەنیا باسی عەشقی ناکامی خۆمان و کوژرانی مەیموونمان نەدەکرد، ڕێککەوتنێکی بێدەنگ و بێورتەمان هەبوو، کە باسی ئەو دوو شتە نەکەین، چونکە هەر بە غەریزە کەیشتبووینە ئەو بڕوایەی باسکردنیان، جگە لە خوێنکردن بە برینەکانمانەوە، هیچی تری لێ سەوز نابێت... ئیتر ئێمە دوو مرۆڤی ماندوو و شەکەت بووین، بەرگەی شەقی تری زەمانمان نەدەگرت.

من پێم گوت، بەسەرهاتی ئەو ساڵانەم نووسیوەتەوە، پێم گوت، ئەو ساڵانەی زیندان و تەنیایی و کاتی زۆرم بۆ بیرکردنەوە و خوێندنەوەم کردوەتە دەرفەت، تا هەموو ئەو شتانەی ڕوویاندا بینووسمەوە.

ئەو داوای لێ کردم ناوەکان بگۆڕم... داوای لێ کردم ناوی ئالان هەر بە مەیموون بێنم.

لە هۆڵی کافتریای بەندییەکان دانیشتبووم و لە دەرەوە کزەبایەکی ساردی دەهات... باران زۆر بە هێواشی و نەرمی دەباری، پۆلێک ڕیشۆڵە بەنزمی بە ئاسمانەوە دەفڕین... دوو ژنی بەنگلادیشی هۆڵی چاوەڕوانییەکەیان پاک دەکردەوە، لە

دەوروبەرم کوڕان و کچانی گەنج، کە بۆ سەردانی خزم و کەسوکارە زیندانیکراوەکانیان هاتبوون، دەهاتن و دەچوون و کەس سەیری منی نەدەکرد، کە بە پانتۆڵێکی قاوەییی خەتخەت و قەمسەڵەیەکی دەڵبی ڕەشەوە دانیشتبووم و زۆر لە تەمەنی خۆم گەورەتر دیار بووم.

Scanned with CamScanner

# ٦٤

مەیموون وەک ئەوە وا بوو بە چاڵێکی ڕەشدا بچێتە خوارێ، وەک ئەوەی دەریایەکی ڕەش بانگی بکات، وەک ئەوەی هەورێکی ڕەش بەسەریدا داکاتە بارانێکی ڕەشتر، وەک ئەوەی گرانەتایەکی قورسی بێت و گیانی کەوتبێتە سەر ئارەقە و بیەوێت هاوار بکات و دەنگەکەی بە مەلاشوویەوە بنووسێت و بۆ ئەبەد لەوێ گیر ببێت. چاوانی لەژێر پەڕۆ سپییە تەنکەکەوە کەوتنە ڕەشکەوپێشکە و پیاوانی دەستەی تیربارانی وەکوو کۆمەڵێک درەخت هاتنە بەرچاو، کە بایەکی سارد بیانلەرێنێتەوە، کەروێشکەکانی هاتنە بەرچاو، کە هەر لە هێلکەی مریشک دەچوون، سپی و خەپەتۆڵە، کۆترەکانی خۆی هاتە بەرچاو، کە لەگەڵ پۆلێکی گەورەی کۆتری تردا تێکەڵ ببوون و سێبەرێکی تۆخیان خستبووە سەر حەوشەکەیان، دایکی هاتە بەرچاو، کە لە سپێدەیەکی زووی جەژندا برنجی لەناو سوزگییەک دا دەشۆردەوە، جارێکی تر تارماییی دایکی بینی، کە نیوەڕۆیەکی هاوین بە شەکرشکێنێک کەڵلەیەکی گەورەی قەندی تەورێزیی

دەشکاند و لە بەردەمیدا، لەسەر سەرشیرەیەک، کۆمەڵێک کلۆی شەکر کەڵەکە ببوو، دایکی بینی لە بەردەم تەلەفزیۆنەکەدا دانیشتبوو و سەیری فیلمێکی میسریی دەکرد، کە مەحموود یاسین ڕۆڵی تێدا دەبینی... خوشکی هاتە بەرچاو، کە بە ماکسییەکی زیرەیی کاڵەوە دانیشتبوو و خەریکی دروستکردنی نەشرەیەکی قوتابخانە بوو... خوشکی بینی، بەدزییەوە دیوانی *تاریک و ڕوونی* هێمن موکریانیی دەخوێندەوە، کە کتێبخانەی سەیدیانی مەهاباد چاپی کردبوو... باوکی هاتە بەرچاو، لەسەر کورسییەکی مۆدێل کۆن، لەژێر سێبەری کەپری میوەکەیان دانیشتبوو و فیکەی لێدەدا و ئاوازێکی دەر دەکرد، کە مەیموون ئاوازەکەی نەدەناسییەوە، گەڕەکی خۆیانی هاتە بەرچاو بە منارەی مزگەوت و دوکانی سیلەی کۆڵان و عەرەبانەی شێلم و منداڵان، کە لە کۆڵان یارییان دەکرد و خانوو و جامخانە و دارتێلەکانەوە. مەیموون ڕۆ دەچوو، هەموو ئەو شتانەیش لەگەڵیدا ڕۆ دەچوون و هێواش هێواش مەیموون کەوتە ناو چاڵێکی ڕەشی بێبنەوە.




Description

بسم الله الرحمن الرحیم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

Queen city
شاری شاژن
شارێک تایبەت بە کۆمەڵگایەکی جوان

لەلایەن ئاڤان بەهجەت کراوە بە pdf
بۆ خوێنەران

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

بۆ ڕاوبۆچون و پسیار بۆ کتێب مەینێرە↓
@tanyahaji22

ئەکاونت↓
https://linktr.ee/tanyahaji22



ئەلبێرت پیاوێک نەبوو نیشانەکانی عاشقبوون لە
ژنەکەیدا نەناسێتەوە، لە کاتێکدا نیشانەکانی عەشق
زۆر لە نیشانەکانی تاعوون ئاشکراترن، ئەوەی
نیشانەکانی عاشقبوون نەناسێتەوە، سووریژەیشی
لێ بێت، هەستی پێ ناکات.

ENDESE

٣٠٠٠ دینار

Scanned with CamScanner